دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٧٨، سێشەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٢١ی جوولای ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

## لە یادی قاسملووی ڕێبەردا


لە یادی ٣١ ساڵەی تێرۆرکرانی دوکتور قاسملووی نەمر بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، بەناوی بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەی «کوردستان»، وێڕای نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ڕێبازی ئەم ڕێبەرە بلیمەتەی گەلی کورد، بەڵێن دەدەین کە لە خەباتی نەتەوایەتیماندا، هزر و ئەندێشەی قاسملوو بکەین بە ڕێنیشاندەر و هەوێنی بەردەوامیی خەباتەکەمان.
قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە و قوتابیانی بەئەمەگی ئەم ڕێبەرە شەهیدە هیچکات دەست لە تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان هەڵناگرن.

دەستەی نووسەرانی کوردستان




لە ڕێڕەوی هەڵوەشاندنەوەی ناوەند

٤




قاسملوو، دیپلۆماتی سەردەم و سیاسەتمەداری کورد

٦



ڕێبەری مەزن

٨



کۆماری ئاخوندی، پەرەپێدەری «تاناتۆس» و شکێنەری «ئێرۆس»

١٠

# پووشپەڕ ڕازی مانەوەی قوتابخانەی گەلاوێژ

پەیڤ



٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ٣١ ساڵ بەسەر تێرۆر و شەهیدکرانی د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێموکرات و ڕێبەری ناوازەی گەلەکەمان تێپەڕی. زۆر جاران وتراوە و دەوترێ کە «قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە» و باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەش بۆ بەردەوامی ڕێگا و ڕێبازە فکرییەکانی د.قاسملوو لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێبوارانی ڕێگاکەی لەنێو حیزبی دێموکرات و لەوەش زیاتر ئەمەگناسی و وەفاداریدەربڕینەکانی خەڵکی کوردستان بەو ڕێبەرە گرانمایە دەگەڕێندرێتەوە؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە کە د.قاسملوو چی لە نێو حیزبی دێموکراتدا بەجێ هێشت کە دەتوانێ سەلمێنەری ئەو وتە و هاندەری بەردەوامیی ڕێبوارانی ڕێبازەکەی بێت لەنێو ئەم ڕێکخراوەدا؟
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر بناغەی دوو کۆڵەکەی سەرەکی دامەزراوە و خەبات دەکات کە زۆر جار وەک پرەنسیپە نەگۆڕەکانی حیزب دێنە ئەژمار؛ ئەوانیش بریتین لە نەتەوەخوازی و دێموکراسی!
پەیامی سەرەکیی حیزبی دێموکرات ڕەواندنەوە و نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەییە و تا نەهێشتنیشی ئەم بابەتە هەروا دەمێنێتەوە واتە ئەمە پرەنسیپێکی نەگۆڕە. لە ساتەوەختی دروستبوونییەوە تا هەنووکە دەبینین کە حیزبی دێموکرات و ڕێبەرەکانی و کۆی ئەندامانی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پابەندی ئەم پەیامە بوون و ئەوەی پێویست و لەتوانایاندا بووە کردوویانە.
یەکێک لە خەسڵەتە هەرە بەرزەکانی د.قاسملووی شەهیدیش ئەوە بوو کە هەمیشە و زیاتر لە هەرشتێك، سەرنجی خەڵکەکەی و چەوسانەوەی خەڵکەکەی دەدا لە لایەن ڕێژیمەکانەوە. هەر بۆیەش دەبینین بەردەوام لە گۆشە و کەناری جیاوازەوە و لە ناوەند و کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیدا بەردەوام سەرنجێکی لەسەر کوردستان و کێشەی نەتەوەی کوردە. لەو ساتەوەش کە بە شێوەیەکی جیددی پێ دەنێتە نێوگۆڕەپانی سیاسی و لە سەکۆی حیزبێکی دیاریکراوەوە لە هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کوردە، ڕادەی ئەم ئۆگری و دەروەستییە زیاد دەکات و هەوڵ دەدات تا ئەو شوێنەی کە بۆی دەکرێ لە کۆت و بەندە ئیدئۆلۆژیکەکان خۆی بەدوور بگرێ، یان هەوڵ بدات لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریی کۆمەڵگای کوردستاندا بیانگونجێنێت.
د.قاسملوو باوەڕی بەوە بوو کە دەبێ هزر و فکرەکان لەگەڵ تایبەتمەندیی کۆمەڵگاکەی خۆمان بگونجێنین تا بتوانن بە باشترین شێوە کاریگەری دابنێین. بەتایبەتی ئەگەر بێت و ناسنامەی سەرەکیی ئەو حیزبە، نەتەوەخوازی و بەرزڕاگرتنی هەستی نەتەوەیی و ئیرادەی نەتەوەیی بێت. هەر بۆیە دوکتور سەرەڕای هەبوونی باکگراوەندێکی فکریی جیاواز، بەڵام بە سەرنجدان لە ڕەساڵەتی سەرەکیی حیزبی دێموکرات و مانیفێستەکەی توانی ئەو هزر و فکرەی خۆی لەگەڵ تایبەتمەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی ئێران بگونجێنێ و بە شاهێدیی مێژوو، گەورەترین کاریگەری دابنێ. هینانە کایەی سووسیالیزمی دێموکراتیك لەو ساتەوەختە مێژووییەدا، ئەوەی دەرخست کە دوکتور بەدوای بەدیهێنانی دوکتورینێکەوەیە کە ئەگەرچی دەشێت سەرچاوەکانی لە دەرەوە بن، بەڵام نامۆش نەبێت بە کۆمەڵگای کوردستان. بەم کارە، د.قاسملوو هەم توانی ڕایەڵی پێوەندی لەگەڵ دنیای مرۆڤایەتی بەپێوە بهێڵێتەوە و هەم توانی بزووتنەوی نەتەوەیی دێموکراتیك لە دوای ئیدئولۆژییەکی تایبەتی ڕزگار بکات.
بە کورتی دەتوانین بڵێین کە د.قاسملوو دەیزانی کە بانگەشەکردن بۆ ژیانێکی مرۆیی و خۆش و ئاسوودە و پڕ لە یەکسانی نابێ وەك ئیدئۆلۆژییەکی چەقبەستوو بدرێت بە خەڵك، چونکە ئەگەر بێت و وەها دەرخواردی خەڵك بدرێت هەر بۆ خۆی دەبێتە سەرەتایەك بۆ چەوساندنەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە یەکێك لە خەسڵەتە چەقبەستوویی، سنووربەندیی نێوان هزرەکان و نەبوونی توانای تێکەڵبوونیان و پێکەوە هەڵنەکردنیانە؛ ئەمەش دەبێتەوە هۆی چەوساندنەوە و نایەکسانییەکی دیکە.
لێرەوە دەچینەوە نێو باسێکی دیکەوە کە بۆ هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی زۆر گرینگە کە لە هزر و ڕەفتاری دوکتوریشدا زۆر بە جوانی ڕەنگ دەداتەوە و بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و هاوبیرانی کردیانە بەشێکی گرنگ لە ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبەکەیان؛ ئەمە هەمان پرەنسیپی دووهەمە کە لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد.
لە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیدا ڕادەی بەشداریی بەرفراوانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، گرینگیەکی بنەڕەتیی هەیە.
چونکە بە هەمان ئەو ڕادەیە کە ڕادەی بەشداریی زۆر بێت، هەم سەرکەوتن و پێشڤەچوون مسۆگەرتر و زۆرترە و هەم ئاسۆی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و ئارام ڕوونتر و ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسیش سەقامگیرتر دەبێ، ئەمە جگە لەوەی کە ناسنامەی بزووتنەوەکە کە وەکوو بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی ناچێتە ژێر پرسیارەوە.
ئەم ئەرکەش بەوە دەستەبەر دەبێ کە چەند لەنێو ئەو بزووتنەوەیەدا تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان خۆیان دەبیننەوە و چەندە فەزایەك ئامادەیە کەوا لە کەسەکان ناکات لەخۆ بێگانە بن. ئەمەش هەم پەیوەستە بە چەقبەستوونەبوون و هەم بە ڕادەی ئەو دێموکراسییەوە کە ڕەچاو دەکرێ، ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ یەکەمدایە پێشتر باسمان کرد و هەرچی ئەوەی دووەمیشە دەتوانین لە هزر و ڕەفتاری دوکتوردا بە ئاشکرا بیبینینەوە، دوکتور هەمیشە باسی لە تەمرینی دێموکراسی دەکرد و باوەڕی وا بوو کە ئێمە دەبێ دێموکراسی لە نێوخۆی خۆماندا نەهادینە بکەین، تا هەم ئومێد بدەین بە خەڵك کە دەتوانین کۆمەڵگایەکی دێموکرات بنیات بنێین و هەم واش بکەین کە زۆرترین ڕێژەی خەڵك بە هەر باوەڕ و ئایین و مەزهەبێکەوە بێت جێی خۆیان لە نێو ئێمەدا ببیننێتەوە.
ئەمەش بۆ خۆی بەهێزکردنی دێموکراسییە، چونکە بانگەشەی هەبوونی دێموکراسی و پێکەوەهەڵکردنی ئاشتیانە لەو شوێنەدا پشتڕاست دەکرێتەوە کە دەرەتانێك بۆ دەرکەوتن و پێکەوەبوونی ڕەنگە جیاوازەکان هەبێت. تەنانەت باوەڕمەندبوون بە دێموکراسی لە هزر و ئەندێشەی قاسملوودا ئەوەندە دەچێتە پێش کە خەباتێکی سەربەخۆ و جیا و ئازاد دادەنێ.
ئەمە ئەو تێڕوانینەیە کە وەک میراتێکی فکری لە قاسملووی مەزنەوە بۆ حیزبی دێموکرات بەجێ ماوە و لە ئێستا و لە بەرەبەری یادی ٧٥ەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبەکەی پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندیدا، دەبینین کە ئەو پرەنسیپە نەگۆڕانە هەر کۆڵەکەی سەرەکی بۆ بەردەوامیی خەباتی حەقخوازانەی حیزب و گەلەکەمانە.
ئەم قوتابخانەیە بەردەوامە و جمەی دێ لە قوتابیانی وەفادار بە ڕێبازی سووری شەهیدان و ئاسمانی شینی ئەندێشەکانیان.

## خوێنی جیاواز

### کەریم پەرویزی

جوغرافیای سیاسیی وڵاتێکی بەڵاڵێدراوی وەکوو ئێران، جوغرافیای پێکەوەژیان و گەشەکردن نییە، بەڵکوو جوغرافیای کۆلۆنیالیزمێکی ڕەگداکوتاوە کە نەك تەنیا هێزە دەسەڵاتدارەکان، بەڵکوو هزرە سیاسییەکانی نێو ئەوانەی خۆیان بە ناوەند پێناسە دەکەن تەنیوەتەوە.
کۆلۆنیالیزم، پێناسەی پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە ئێراندا دەکا و ڕوانینی ناوەندگەرا و ناوەندنشینەکان بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان، ڕوانینێکی کۆلۆنیالیستییە کە خۆیان بە ناوەند و ئەوانی دی بە پەراوێز دەبینن.
ئەم ڕوانینە ناوەند-پەراوێزییە، وا دەکا کە نەك تاڵانکردنی سامانی کوردستان و ئەحواز و بەلووچستان و ئازەربایجان و تورکمەنستان بۆ فارسەکان حەڵاڵ بێ، بەڵکوو بە شێوەی ڕانەگەیەندراو بەڵام پێڕەوکراو لە قووڵایی کۆمەڵگادا وا دەردەخا کە دوو خوێنی جیا هەیە: خوێنی فارس و ناوەندنشینەکان و خوێنی نەتەوە بندەستەکان!
لە ڕۆژانی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لە پارێزگای ورمێ تاوانی زۆری خوڵقاند و بەتایبەت سێ لاوی کوردی ئێعدام کرد کە یەکێکیان بە تیرباران گیانی لێ ئەستاند: هیدایەت عەبدوڵڵا پوور، سابیر شێخ عەبدوڵڵا و دیاکۆ ڕەسووڵزادە.
ئەم سێ لاوە کوردە تەنیا تاوانیان ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ شاردنەوەی شکستە ئەمنیەتییەکانی پێویستیی بە قوربانی هەبوو و بە قورعە ناوی ئەم سێ لاوە لە دوو ڕووداوی جیاواز و بە مەودای چەندساڵی جیاوازیدا دەرکەوت. وەکوو هەمیشەش تۆمەتی تێکدانی ئەمنیەتی وڵات و بەستراوەیی بە وڵاتانی بیانی و ئەو جۆرە تۆمەتانی وەپاڵ دان و ئێعدامی کردن.
بەڵام کۆمەڵگای ناوەند! قەت لەوان وەدەنگ نەهات و وەکوو ڕووداوێکی ئاسایی بەلایدا تێپەڕی. تەنانەت لە شرۆڤەی کۆمەڵناسەکانیاندا لە ڕاگەیاندنەکانەوە باس لەوە کرا کە ئەم دوو ڕووداوە لێك جیا بکرێتەوە چوونکە ئێعدامکردنی کوردەکان هەمیشە هەبووە و درێژەی ڕەوتی پێشووە! بەڵێ ئێعدامکردنی کوردان و کوشتاری عەرەب و بەلووچ و سووکایەتی بە تورکی ئازەری لە ئێراندا ئاسایی بۆتەوە. هەر وەکوو چۆن هەموو ڕۆژ خۆرنشین دەبێ و تاریکی دادێ، ئاواش ستەمی ناوەند دژی پەراوێز ئاسایی بۆتەوە!!
هەر لەم چەند مانگەدا ڕێژیم بۆ

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی سی و یەکەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو

هاونیشتمانانی بەڕێز!
خوازیاران و ئۆگرانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ!
ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی نەتەوەی کورد!
ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتور قاسملووی نەمر!

ڕۆژی یەکشەممە ۲۲ی پووشپەڕی ۱۳۹۹ی هەتاوی، سی و یەک ساڵ بەسەر تێرۆری دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدەستی ڕێژیمی تێرۆریست و تێرۆرپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران تێپەڕ دەبێت، تێرۆرێک کە زامێکی قووڵ و بەژانی خستە سەر جەستەی بزووتنەوەی ئازادی و دێموکراسیخوازی بەگشتی و جەستەی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، زامێک کە پاش سی و یەک ساڵ هێشتا هەر بەژانە و سارێژبوونەوەی بۆ نییە. دوکتور قاسملوو هەر لە زووەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەدەفی لەنێوبردن و تێرۆریزمی ئەو ڕێژیمە بوو، چوونکە ئەو ڕۆڵەیەکی کورد و ڕێبەرێکی لێهاتوو و دەگمەنی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد و سیاسییەکی ناسراو لە ئێران و ناوچە و جیهان بوو کە وەک دێموکراتێکی واقعیی باوەڕمەند بە دێموکراسی، دادپەروەری، مرۆڤتەوەری و لایەنگری ئاشتی و ئارامی و پێکەوە ژیان ناوبانگی دەرکردبوو و لە هەمان کاتیشدا بەرگریکارێکی شێلگیری مافی نەتەوایەتیی کورد و ڕێبەرێکی بلیمەتی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو؛ ئەو تایبەتمەندییانە و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی مرۆڤدۆستانەی دیکە بوون کە سیمای سیاسی و خەباتکارانەی دوکتور قاسملوویان پێک دەهێنا، دوکتور قاسملوو دژ بە هەر جۆرە دیکتاتۆرێک و چەوسانەوەی مرۆڤەکان بوو کە ئەوەش وێڕای سەرجەم تایبەتمەندییە بەرزەکانی دیکەی نەتەنیا لەگەڵ نێوەڕۆکی دژی ئینسانیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناتەباییدا بوون، بەڵکوو بە مەترسییەکی جیددی بۆ سەر درێژەی دەسەڵاتی زاڵمانەی ئەو ڕێژیمە دادەنرا.
ئەوە تەنیا باوەڕەکانی دوکتور قاسملوو نەبوون کە بە مەترسییەکی گەورە بۆ ڕێژیم ئەژمار دەکرا، بەڵکوو قاسملوو ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی بەهێزی کوردی بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی دەکرد کە هەم ورەبەخشی پێشمەرگە و دەنگی حەقبێژی نەتەوەی ماف پێشێلکراوی کورد بوو، هەم سیاسەتمەدار و خەباتگێڕێکی بەکردەوە، بە مانای تەواوی وشە بوو. بۆیە هەروەک ئاماژەی پێکرا، هەر لە زووەوە بۆ پیلانگێڕیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو بە هەدەف، بەڵام ئەوکات کە لە باوەشی شاخ و پێشمەرگە و خەباتگێڕانی دێموکراتدا بوو، هەرگیز ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەزگا تێرۆریستییەکانی دەستیان وێڕا نەگەیشت، بەڵام تا ئەوکات کە بە خراپ کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئاشتیخوازی و چارەسەری هێمنانەی مەسەلەی کورد بە ڕواڵەت بۆ وتوویژ لەسەر داخوازییەکانی کورد لە کوردستانی ئێران لە پشت مێزی بەناو وتوویژ و لە وڵاتێکی ئورووپایی وەک ئۆتریش دەرفەتیان لێی هێنا و لە ڕێکەوتی ۱۳ی ژووئیەی ۱۹۸۹ی زایینی شەهیدیان کرد. بەداخەوە دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش لەپێناو هێندێک تێبینیی سیاسی و بەرژەوەندیی بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕێگای نەدا پەروەندەی ئەم تێرۆرە ڕەوتی ئاسایی و یاسایی خۆی بپێوێت و دەستووردەران و قاتڵانی دوکتور قاسملوو بە بیروڕای گشتیی جیهانی بناسێنێت، ئەوەش لە حاڵێکدا بوو کە پۆلیسی ئەو وڵاتە چەند بەڵگەی ڕوون و حاشاهەڵنەگری لەدەستدا بوو کە دەیتوانی بە زوویی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک قاتڵی دوکتور قاسملوو بناسێنێت و ماشینی تێرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر نەبێت لە ئورووپا بووەستێنێت، کارێک کە دەزگای دادوەریی ئاڵمان پاش تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی جێگر و جێگرەوەی بەوەجی دوکتور قاسملوو بوێرانە بە ئەنجامی گەیاند و کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەک دەستووردەر و ئەنجامدەری تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی بە جیهانییانی ناساند، لە سی و یەک ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوودا جارێکی دیکە داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆست و دامودەزگا شویندانەرەکانی جیهان دەکەین دەوڵەتی ئۆتریش بخەنە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بدات پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو بکرێتەوە و بەم کارە هەم قەرەبووی ڕابردووی بکاتەوە و هەم هەڵوێستی نەشیاوی دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش و ناسەربەخۆیی دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتە لەژێر پرسیار دەرباز بکات.

کۆمەڵانی ئازادیخواز، ڕێبوارانی شێلگیری دێموکرات!

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا کەلێنی نەبوونی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بە زیندوو بوون و پڕ ڕێبواربوونی ڕێبازی دوکتور قاسملوو دەتوانین دڵنیا بین کە قاسملوو لە بیر و باوەڕدا هەر زیندووە و بیر و بۆچوون و سیاسەت و وردبینییەکانی هەروا چرای ڕووناکیدەری ڕێگای خەباتمان تا سەرکەوتنمانە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەگەر توانی جەستەی قاسملوو لە باوەشی کورد و ئازادیخوازان دەربێنێت هەرگیز نەیتوانیوە و ناتوانێت ڕێباز و بیر و هزر و ڕێنوێنییەکانی قاسملوو لە کورد و حیزبەکەی دوور بکاتەوە، لە سی و یەک ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوودا ئەوجارە و هەموو جارێکی دیکەش لەگەڵ بیر و ڕێبازی دوکتور قاسملوو پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەر تا سەرکەوتن، ڕێبواری شێلگێری ئەم ڕێگایە دەبین و ڕۆحی قاسملووی ڕێبەر شاد و لە خۆمان ڕازی دەکەین.

**سڵاو لە گیانی پاک و ڕێبازی دێموکراسی و مرۆڤدۆستانە و کوردپەروەرانەی دوکتور قاسملوو؛**
**پڕ ڕێبوارتر بێت ڕێبازی دوکتور قاسملوو لەپێناو گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە بەرزەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنەمان و هەموو شەهیدانی کوردستان؛**
**سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**۲۱ی پووشپەڕی ۱۳۹۹ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت دەسبەسەرکرانی لاوانی کوردستان لەلایەن ڕێژیمەوە

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

شاڵاوی بەربڵاوی چەکدارەکانی سپای تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر لاوانی کوردستان لە بەرەبەری ۲۲ی پووشپەڕ ساڵیادی تێرۆری پێغەمبەری ئاشتیدا، پاتەی هەموو ئەو زەبروزەنگ و سەرکوتە پێش وادانەن کە سەرچاوەکەی ئەو ترس و زراو و تۆقینەی کۆماری پەت وسێدارەیە؛ لە هەڵوێستی نەگۆڕی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەهەمبەر غەدر و خیانەت و داگیرکارییەکانی دەسەڵاتی نگریسی ئەم ڕێژیمەیە. هەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دوژمنی داگیرکەری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و هەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەوە باش دەزانن سەرەڕای چوار دەیە سەرکوت و خۆسەپێنی، دەسەڵاتی ڕێژیم نەیتوانیووە دەست بە سەر ئیرادەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ئێرانی گیرۆدەی پەتای ڕێژیمی پاشکەوتووی ویلایەتی موتلەقەی فەقیهدا بگرێ.
هەر بۆیە ڕێژیمی ئێران لە ڕاستای زاڵبوون بە سەر ترس و دڵەڕاوکێیەکانیدا، پەنا دەباتە بەر دڕترین ئاڵقە لەگوێیەکانی بۆ پەلاماردانی لاوانی نیشتمان و نەتەوە خۆشەویستی گەلەکەمان و بە ئازاردان و هەڕەشە و لێدان پەلکێشی گرتنگەکانی سپای تێرۆریان دەکەن .لەم ڕۆژانەدا و لە بەرەبەری یادی شەهیدکرانی ڕێبەری لێوەشاوەی بزووتنەوەی گەلەکەمان لەسەر مێزی وتوویژ بۆ ئاشتی لەلایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، چەکدارە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شاڵاوێکی بەربڵاویان بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستاندا دەست پێکردووە و دەیان کەسیان بە بەرچاوی پیر و منداڵی بنەماڵەکانیانەوە بە بێڕێزی و زەبروزەنگەوە دەسبەسەر و بۆ گرتنگە نادیارەکانی سپایان ڕاگواستوون. با دەسەڵاتدارانی ناشەرعیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و حکوومەتی خۆسەپێنی تاران وەبیر خۆیان بێننەوە کە دووپات کردنەوەی تاوانە بێئەژمارەکانیان لە کوردستان ناتوانێ گەلێک بەچۆک دابێنێ کە خوێنی ڕۆڵە و ڕێبەری وەک دوکتور قاسملووی لە ۲۲ی پووشپەڕدا کردووەتە نرخی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاریی گەل و نیشتمانەکەی و خەڵکی کوردستان لێبڕاون هەتا بەچۆک داهێنانی دەسەڵاتی نگریسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و درێژەدەری خەبات و تێکۆشان لە ڕێبازی ڕێبەری شەهیدیان دان. هەر بەو بۆنەیەوە داوا لە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگای جیهانی و چاودێرانی مافی مرۆڤ دەکەین لەهەمبەر تاوانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر خەڵکی کوردستان بێدەنگ و بێ هەڵویست نەبن. لەقاوی بدەن، نارەزایەتی دەربڕن و مەحکوومی بکەن.

**سەرکەوێ خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناو ئامانجەکانی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوودا**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**۱۷ی پووشپەڕی۱۳۹۹ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەنیسبەت سەپاندنی سزای ۱۰ ساڵ زیندان بەسەر «زارا محەممەدی»

بسزایەکی قورس لە وڵامی مافێکی بنەڕەتیدا
(سەپاندنی سزای دە ساڵ زیندان بۆ وانەبێژێکی زمان تاوانێکی گەورە و دەمەلاسکەیەکی گاڵتەجارە بە مافی مرۆڤ)

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنیی کورد!
ناوەند و ڕێکخراوە جیهانی و نێونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ!

دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سزای ۱۰ ساڵ زیندانی بەسەر «زارا محەممەدی»، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی سنەدا سەپاندووە. زارا محەممەدی لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی و مەدەنیدا، کاری لەسەر پرسی زمان دەکرد و یەکێک لە ماموستایانی فێرگەی زمانی کوردی لە ناوچەی سنەیە کە گرینگیدان بە زمانی دایک و خزمەتکردن بە زمانی دایک لە ڕێگەی فێرکردنی فێرخوازانەوەی بۆ بە تاوان نووسراوە و لەو سۆنگەیەوە سزای ۱۰ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە.
ئەو چالاکە مەدەنییە کە بەرپرسی «نۆژین»، ڕێکخراوێکی ڕێگەپێدراوی فەرهەنگی لە پارێزگای سنەیە، تۆمەتی دروستکراوی پێکهێنانی دەستە و گرووپ بە دژی کۆماری ئیسلامیی دراوەتە پاڵ، کە بەڕێوەبەریی ئەم ڕێکخراوەیە و لە ڕاگەیەندراوی فەرمیی خۆیدا هەموو ئەو تۆمەتانەیان ڕەت کردووەتەوە. ئەم سزا قورسەی بەسەر «زارا محەممەدی«دا سەپاوە؛ تەعبیر لە سیاسەتی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی شوناسویستیی کورد دەکات کە ئەم ڕێژیمە لە چوار دەیەی تەمەنیدا هەموو کاتێک گرتوویەتە بەر. مەبەست لەو سیاسەتەش بردنەسەرەوەی تێچووی هەڵسووڕانی سیاسی و مەدەنی و شوناسخوازی بۆ چالاکانی ئەم بوارە و ترساندن و تۆقاندنی کۆمەڵگەیە، سیاسەتێک کە سەرەڕای تێچووی زۆری بۆ کۆمەڵگەی کوردی بەڵام قازانجێکی بۆ ڕێژیم نەبووە. ئەم بڕیارەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی هاوکات ناتەبایی لەگەڵ یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش هەیە کە بەپێی ئەم یاسایە فێرکردنی زمانی دایک نەک تاوان نییە، بەڵکوو هەم وەک ماف بە فەرمی ناسراوە و هەم دەوڵەت ئەرکدار کراوە لەپێناو وەدیهاتنی ئەو مافەدا، کە دیارە لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئەو مافە لە نەتەوە غەیرەفارسەکان زەوت کراوە و حکوومەت و دەوڵەتیش بەهۆی ڕوانگەی ئەمنییەتییان بۆ ئەم پرسە هیچ پلان و بەرنامەیەکیان بۆ جێبەجێکردنی نەبووە.
ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و هەرکام لە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەم وڵاتە زمان و شوناسی جیاوازی خۆیانیان هەیە. هەموو یاسا نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤیش ئەو مافەی بە مرۆڤەکان داوە بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و پێست و ئایین و نەتەوە، بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن و کولتوور و زمانی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێ بدەن. ئەو مافە لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافە زمانییەکان، جاڕنامەی زمانی دایکیی یوونسکۆ، کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵان و پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەلایەک هەموو ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییانەی ئیمزا کردووە و لەلایەکی دیکەوە لە یاسای بنەڕەتیی خۆشیدا دانی پێ دانراوە؛ بەڵام لە بەشی کردەوەییدا نەک خۆی لە هەموو ئەو بەرپرسایەتییانە دزیوەتەوە، بەڵکوو ئەو مافەی بە مەترسییەک بۆ سەر ئەمنییەتی خۆی زانیوە و چالاکانی ئەم بوارەشی بە دژبەری خۆی سەیر کردووە. چالاکانی مەدەنیی وەک «زارا محەممەدی» داژدار و پارێزەری زمان و شوناسی نەتەوەیەکی حاشالێکراون. ئەوان ئەرک و ڕیسالەتێکیان خستووەتە سەر شانیان کە لە بنەڕەتدا ئەرکی دەوڵەت و دامودەزگا حکوومەتییەکانە. بەڵام لەبەر دژی گەلیبوونی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەوە ڕۆڵە ئازا و بوێر و مافویستەکانی نەتەوەی کوردن کە خەم لەو پرسە گرینگەی شوناس دەخۆن و لەپێناو ئەو ئەرکە پیرۆز و مافە ڕەوایەشدا تێچووی قورسی بۆ دەدەن.
وەدەنگ هاتن لەسەر زارا محەممەدی ئەرکێکی ئەخلاقی و لە هەمان کاتدا بەرپرسایەتییەکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە.
کۆمیتەی زمانی دایکیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم بڕیارەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیی مەحکووم دەکات و بە نیشانەی ترس و زەبوونیی ڕێژیم لە ئاست بزووتنەوەی مافخوازیی گەلی کوردی دادەنێت. هاوکات داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە دەکات لەپشت «زارا محەممەدی» بووەستن و خاوەندارێتیی لێ بکەن و ئەم داکۆکییە بە ئەرکی مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیانی بزانن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**کۆمیتەی زمانی دایک**
**۲۷ی پووشپەڕی ۱۳۹۹**
**۱۷ی جولای ۲۰۲۰**


# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەنیسبەت ئێعدامی دوو لاوی دیکەی کورد

ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد نابنە هۆی ئەوەیکە گەلی ئێمە واز لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافە ڕەواکانی خۆی بێنێت.
۲۰ ڕۆژ دوای پشتراستبوونەوەی ئێعدامی «هیدایەت عەبدوڵلاپوور»، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاوانێکی دیکەدا، «سابیر شێخ عەبدوڵلا» و «دیاکۆ ڕەسووڵ زادە»، دوو لاوی دیکەی کوردی لەدار دا.
«سابیر شێخ عەبدوڵلا» و «دیاکۆ ڕەسووڵ زادە» کە ڕۆژی سێشەممە ۲٤ پووشپەڕ ئێعدام کران، ماوەی ۷ ساڵ بوو بە تۆمەتی بەشداری لە تەقینەوەیەکی گوماناوی کە ساڵی ۱۳۸۹ لە کاتی مانۆڕێکی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە مەهاباد کرا، حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو.
سەپاندنی حوکمی ئێعدام بەسەر ئەم دوو لاوە کوردە و جێبەجێکردنی سزاکە لەسەریان بەم تاوانە! لەحاڵێکدایە کە پێشتر و چەند ڕۆژ دوای تەقینەوەکە، «محەممەد پاکپوور»، سەرۆکی هێزی زەوینیی سپای پاسداران ڕایگەیاند، بکەرانی تەقینەوەکەیان لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان خستووەتە داو و کوشتوویانن؛ کەچی سێ ساڵ دوای ئەم ڕووداوە بە دەسبەسەرکردنی «سابیر شێخ عەبدوڵلا» و «دیاکۆ ڕەسووڵ زادە» سەرلەنوێ پەروەندەکەیان وەگەڕ خستەوە. ئەم دوو لاوە کوردە ماوەی چەند ساڵ خرانە ژێر توندترین ئازار و ئەشکەنجەکان بۆ ئەوەی دان بەو تاوانەدا بنێن هەتا بەم جۆرە ڕێگا بۆ سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەریاندا خۆش بکەن و ڕق و قینی هەمیشەیی و لەبڕاننەهاتووی خۆیان بە گەلی کورد و خەباتە ڕەواکەی بڕێژن.
کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا لە ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنیی کورد بەردەوامە کە ڕێژیم لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا گوشارێکی یەکجار زۆری لەسەرە، کۆڕۆنا هەتا بینەقاقا بەرینگی بە کۆمەڵگە گرتووە، بارودۆخی ئابووریی وڵات لە سۆنگەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمەوە تێک ڕماوە، هەژاری و بێکاری بڕستی لە خەڵک بڕیوە؛ بەڵام دەسەڵاتی گەندەڵ و ناکارامە کە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ترسی تەقینەوەی ڕقی پەنگخواردووی گەلانی ئێرانیان لێ نیشتووە؛ لەبری پاشەکشە لە سیاسەتەکانیان و ملدان بە ویستی خەڵک، لە ئێعدام و سەرکوت وەک ڕێکارێک بەمەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵکی ئازادیخواز بەردەوامن.
بە چاوخشاندنێک بە ئاماری ئێعدامەکان لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا بۆمان دەردەکەوێت کە یەک لە چواری ئێعدامکراوان لەو ماوەیەدا کورد بوون و هەر هەموو ئێعدامە سیاسییەکانی ئەو ماوەیەش هەر لە کورد کراون، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی بە چ ترس و نیگەرانییەکەوە و بە چ ڕوانگەیەکی ئەمنییەتیی داپلۆسێنەرانەوە لە کوردستان دەڕوانێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا ئەمە سیاسەتی نەگۆڕ و هەمیشەیی بووە.
ڕێژیم لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بەردەوامیی دەسەڵاتی نگریسی لە هەموو ئامرازێکی سەرکوت و کوشتوبڕ کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام بێگومان لای ڕوون و ئاشکرایە کە هەمووی ئەمانە قەت نابنە هۆی ئەوە کە گەلی ئێمە واز لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافە ڕەواکانی خۆی بێنێت.
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی «سابیر شێخ عەبدوڵلا» و «دیاکۆ ڕەسووڵ زادە»، ئەو دڵنیاییە دەدا کە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و دەستەبەریی ئازادی و مافە ڕەواکانی گەلی کورد هەتا سەرکەوتن و دەستەبەریی ئەو مافانە درێژەی هەیە. لەو پێناوەشدا ئیعدامی ڕۆڵەکانمان، تێرۆری تیکۆشەرانمان و سەرکوت و هێرش و پەلامار بۆ سەرمان لە بڕینی ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان ساردمان ناکاتەوە.

**ڕیسوایی بۆ دەسەڵاتی نگریس و دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**۲۵ی پووشپەڕی ۱۳۹۹**
**۱۵ی ژووئیەی ۲۰۲۰ی زایینی**

# قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە



ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، هاوشێوەی سالانی ڕابردوو بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی جۆراوجۆر لە چەندین شار و گوند و ناوچەی جۆراوجۆری کوردستان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان و بەتایبەت شەهیدانی ڤییەن پەیمانیان نوێ کردەوە.

**شنۆ**:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شنۆ بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ڕۆژی تیرۆرکردنی ڕێبەری بەتوانامان دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران، کار و چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی لێکراوە بریتین لە گوندەکانی: «دروو، شێخان، کیسەڵاوێ، بێتریان، تاژاندەرێ، ڕێگای کانی ڕەش، بێمزورتێ، قەڵاتیان، باب خالاوێ و سۆفیان». بۆ جارێکی تر «، قارەمانانی دێموکرات لە چالاکییەکی بەربڵاو و بەریندا لە زۆربەی گەڕەک، شەقام و کۆڵانەکانی شار، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی شەهید دوکتور «قاسملوو» دووپات کردەوە. لەو چالاکییەدا وێڕای بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور «قاسملوو»، وێنەی شەهید «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور»یان بڵاو کردەوە.

**بۆکان:**

لە بۆکان پێشمەرگەکانی شار بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ بیر و هزری دوکتور قاسملوو و بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدانی حیزب و گەل، بەتایبەت شەهید دوکتور قاسملوو، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. تێکۆشەرانی دێموکرات لە شوێنەکانی وەک: «جادەی مەهاباد ـ بۆکان هەتا قەرەکەند بۆ لای نۆبار، ڕێگای گوندەکانی دونگز، ئاختەتەر، قەرەکەند، عەیزکەند، سەیداوای تەرەغە، نۆبار، پاشبلاغ، ئاوایی باخچەی گەورە و چکۆلە، ئاوایی تەرەغە، ڕێگای چوار دیوار و ڕێگای کێوی میرقاز» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. قارەمانانی دێموکرات لە «بۆکان»ـی بەیان و تەرەغەوە، بۆ چەندەمین جار ئەمەگداری و وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و «قاسملوو»ی نەمر سەلماند و کۆڵان و شەقامەکانی شاریان بە وێنە و وتە بەنرخەکانی شەهید دوکتور «قاسملوو» ڕازاندەوە. لەو چالاکییەدا دروشمگەلێکی وەک: «بژی حیزبی دێموکرات»، «نەمان بۆ خامنەیی» و «قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە» نووسراوە، ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە شار بە تەواوی مێلیتاریزە بووە. ئەو شوێنانەی بۆکان کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «فەلەکەی قودس، مەیدانی حەسەن زیرەک، بلواری مامۆستا هەژار هەتا شەهرەکی فەرهەنگیانی ٢ و کولتەپە». لە چالاکییەکی دیکەدا قارەمانانی دێموکرات لەو چالاکییەدا بە نووسینی دروشمگەلی: ‹‹لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان درێژەدەری ڕێبازی قاسملوون›› و ‹‹ڕاسان فەلسەفەی ڕێبازی قاسملووە›› یادی ڕێبەری نەمر دوکتور›› قاسملوو››یان بەرز ڕاگرت و پێداگرییان لەسەر پتەوکردن و درێژەدانی خەباتی شاخ و شار کرد. لەو چالاکییەدا تێکۆشەرانی دێموکرات بوێرانە بە نووسینی دروشمی حیزبی و بڵاوکردنەوەی نووسراوەی پەیوەندیدار بە ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور «قاسملوو»، ڕێزیان لە پێغەمبەری ئاشتی گرت و پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە. هەر لە بۆکان و بۆ چەندەمین جار تێکۆشەرانی دێموکرات ئەم شوێنانەی شاری بۆکانیان بە دروشم و پووستێری تایبەت ڕازاندەوە: ‹‹دووکان و پاساژەکانی ئەو شارە، گوندەکانی ئاڵی کەند، کانی ڕەشی سەردەرئاباد، سەردەرئاباد، ئاشی گوڵان، شەرەفکەند، ئاجی کەند، خانقای شێخی بورهان، سێڕێیانی شەرەفکەند، کانی تۆمار، قەرەداغ، گڵێنان، کەرێزەی مەحموود ئاوا، سێڕای خولامالی و خانەقای مەهاباد.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١٦ی پووشپەڕ، ئەندامانی دەروەستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکییەکی بەرینی تەبلیغیدا لە شاری «بۆکان»، ٢٢ی پووشپەڕ ساڵیادی تێرۆرکرانی «شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو»یان بەرز ڕاگرت. ئەو شوێنانەی چالاکی لێ ئەنجام دراوە بریتین لە: «عەزیزکەند، سێڕێیانی قەرەکەند، نۆبار، سێڕێیانی نۆبار، سەیداوا، تەرەغە، باخچە، قادراوا، گڵێنان و پاشبلاغ». ئەندامانی حیزب لەو چالاکییەدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە تراکتی تایبەت بەو ڕۆژەیان لە شوێنە جیاوازەکان بڵاو کردەوە و دروشمی وەک: «هەرگیز نامرێت لە دڵمان قاسملووی گەورەی کوردستان»ـیان بڵاو کردووەتەوە. هەروەها لە چالاکییەکی دیکەدا پێشمەرگەکانی شار لە «بۆکان» و لە تەنیشت ڕێگای چوونەسەرەوەی کێوی «میرقاز»، بە خوێندنەوەی پارچە شعرێک و هەڵواسینی تراکتی تایبەت یادی ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو»یان بەرز ڕاگرت. لە بۆکان شێرەکورانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شار و گوندەکانی ئەوە شارە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. بەشێک لەو شوێنانە بریتین لە: «پردی تەق تەقان، مەڵالەر، جادەی ئەسڵیی بۆکان ـ میاندواو، گوندەکانی وەک ئالی کەند، لەگز، ئەسپوغە، عەولاتەپەسی و عەباساوا». هەروەها ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕ، تێکۆشەرانی دێموکرات ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد. قارەمانانی دێموکرات لە «بۆکان»ـی بەیان و تەرەغەی سەرکەشەوە، لە زۆربەی شەقام و شوێنە گشتییەکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و بە تراکت، پوستێر و وێنەی دوکتور «قاسملوو» شاریان ڕازاندەوە. ئەو شوێنانەی تێکۆشەرانی دێموکرات چالاکییان تێدا بەڕێوە بردووە بریتین لە: «پردی کۆبانی، کوشتارگا، سالۆنی سیمۆرغ، موجتەمەعی ئیدارات، زانکۆی پەیامی نوور و ئازاد، شەقامی ئینقلاب و پاساژەکانی نزیک قەڵای سەردار.

**سنە**:

لە سنە، قارەمانانی دێموکرات لەنێو شاری سنە بە بڵاوکردنەوەی وێنە و پوستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ لە ئاستی شاردا بە شێوەیەکی بەرین چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە. هاوکات لە گوندی «گەلێن» سەر بە ژاوەرۆی سنە چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە. ئۆگرانی ڕێبازی حیزبی دێموکرات لە «سنە» بۆ چەندەمین جار لە بەرەبەری ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور «قاسملوو»، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو چالاکییانە لە گەڕەک و شەقامی ئیدارەی ئاو، زانکۆی زانستی پزیشکیی سنە، ڕێگای ئاوییەر، لەبەردەم یاریگای بۆکسی ئەو شارە، زانکۆی سنە، لەبەر پایەگای سپای بەیتولموقەدەس، ئیدارەی سازمانی بازرەسی، مەیدانی مادەر، ئیدارەی وەرزشی جەوانان و دەفتەری نوێنەری وەلیی فەقیهـ بەڕێوە چووە. هەروەها وەفاداران بە ڕێبازی هەرمانی «قاسملوو»ی نەمر لە گەڕەکەکانی «غەفوور» و «فەرەح» بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی و بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ، سەلماندیان «قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە. هاوکات ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی «لەیلاخ»ـی سەر بە شاری سنە، بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملووی نەمر، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بەو بۆنەیە، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی کە لە ناوچەی ‹‹لەیلاخ›› چالاکیی تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە: ‹‹نێو شاری دێولان، سەیرانگاکانی شەیدا ـ حەفت سواران، پارکی تەفریحیی لالە، دەوروبەری وەزارەتی ئیتلاعات، شورای ڕووحانیت، ئامووزش و پەروەرش، جەهادگەران، بلواری شافیعی، بلواری مەولەویی کورد، گەڕەکی زاگرۆس، گەڕەکی قەدیمیی دێولان، ماڵە سازمانییەکان ئاوییەر، گەڕەکی کەلەملە و هەروەها تازاوا. لە سنەی خوێناوی، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «مێراو» سەر بە ژاوەرۆی سنە بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە قوتابخانەی دوکتور قاسملوو، لای دێهیاریی ئاوایی، لای دەرمانگا، سەر جادەی نییەر و تەنگیسەر، جادەی شەقامی کۆبانێ لە نێوەڕاستی ئاوایی، سەر ڕێگای یاریگای فوتبالی ئاوایی و چەند گەڕەک و کۆڵانێکی دیکە تراکت و پوستێری تایبەتیان بڵاو کردووەتەوە. ئەم چالاکییانە لە شاری «شوێشە» سەر بە ناوچەی «کەڵاتەرزانی سنە»ش بەڕێوە چوون. ئەو شوێنانەی چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «ناو شاری شوێشە، شەقامی قاسملوو، دەوروبەری مزگەوتی جامیعە، جادەی سنە ـ مەریوان، جادەی شوێشە بو گوندەکانی ناوچەی کەڵاتەرزان وەک تاڵوەران و تێژ تێژ. لە سنەی دێموکراتەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە «ئاویەر، گەڕەکەکانی فەرەح، فەیزاوا، شێخان و سیرووس»، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، لە ناوچەی لەیلاخی هەمیشە دێموکرات چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی چالاکیی تێدا بەڕێوەچووە بریتییە لە: «ناو شاری دێولان، سەیرانگاکانی شەیدا، حەفت سواران، پارکی تەفریحیی لالە، دەوروبەری ئیدارەی ئیتلاعات، شورای ڕووحانییەت، ئامووزش و پەروەرش، جەهادگەرا، بلواری شافیعی، بلواری مەولەویی کورد، گەڕەکی زاگرۆس و گەڕەکی کۆنی دێولان.

**پیرانشار:**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە پیرانشاری سەربەرزەوە بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهید دوکتور «قاسملوو» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پەیامێکیان بڵاو کردەوە. قارەمانانی دێموکرات لە ناوچەی «مەنگوڕایەتی»ـی پیرانشار لە گوندەکانی «نەمنجێ، بادیناوێ و گردیم خانێ» بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری پەیوەندیدار بە ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور «قاسملوو»، وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان بە ڕێبازی شەهید «قاسملوو» نیشان دا. لە پەیامی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی «مەنگوڕایەتی» هاتووە: «ئەگەرچی دوکتور قاسملوو بە جەستە لەنێوماندا نەماوە، بەڵام بیر و هزری دوکتور قاسملوو لەنێو خەڵکی کوردستاندا زیندووە و وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پەیمانی وەفاداری نوێ دەکەینەوە کە درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی قاسملووی ڕێبەرین تا وەدیهاتنی ئامانجی گەلەکەمان». هەروەها لە گوندی قەڵاتەڕەش ئەم چالاکییانە بەڕێوە چوون. لە چالاکییەکی دیکەدا ئەندامانی حیزب لە شاری «پیرانشار» بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ ساڵیادی تێرۆرکرانی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» و هاوڕێیانی یادی ئەو ڕێبەرە مەزنەی گەلی کوردیان بەرز نرخاند. چالاکیی ئەندامانی دڵسۆزی حیزب لە «زێوە، کۆنەلاجان و کاسوورەدێ، خورینج ،پەسوێ، گردکشانە، گردکسپیان، سەرووکانی و ئەندێزێ» تراکت و پۆستێریان بڵاو کردووەتەوە. هاوکات هەر لە پیرانشار، قارەمانانی دێموکرات لە بازاڕی سیگاران، جادەی سەردەشت، شەقامی پیران، گەڕەکی مام خەلیل، کەمەربەندیی کۆنە خانێ و لە گوندەکانی «قەرە خدر، تووژڵێ، قرووچاوێ، دایەشێخی، خورینج، سێڕای شیناوێ، کەمەربەندیی ئیمام جومعە، شەقامی مەولەوی، مزگەوتی حەشرەی موبەشەرە، فەلەکەی هەواشناسی و هەروەها گوندەکانی کانی بوداغ، کانی مەلا، پەسوێ و گەرگوول گردەبن، کێلەسپیان، گەپڵەسەن، خرێ برداشان و زنگیاوێ» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. لە بەشێکی ئەو چالاکییانەدا تێکۆشەرانی دێموکرات ئاڵای ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێرانیان هێنایە خوارەوە و ئاگریان تێبەردا. ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتور «قاسملوو» لە «پیرانشار»ی هەردەم لە سەنگەرەوە، لە ڕێگای نێوان مەهاباد. پیرانشار، لە شوێنێک بە ناوی «سەری مەیدان»، بە کێشانەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان وەفاداریی خۆیان بە ئامانج و ڕێبازی حیزبی دێموکرات نیشان دا.

**نەغەدە:**

لە شاری «نەغەدە» ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە گەڕەکەکانی «مەنتەقەی ٥٣ هێکتاری، مەنتەقەی فەرهنگیان، مەنتەقەی خیابانی سوننەت و مەیدانی کاویان، کوچەکانی شەقامی پیرانشار» بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە چالاکیان بەڕێوە برد. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە نەغەدەی تێکۆشەرەوە لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ڕێبەری هەمیشە زیندوومان دوکتور قاسملوو، شەوی چوارشەممە لەسەر پێنجشەممە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو چالاکییانە لە گوندەکانی: «قەڵاتان، حەڵبێ، کۆیکان، وێنسلیان، وەزنێ، دیلانچەرخ و کەرێزە» بەڕێوە چووەق

**سەقز:**

تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی «خورخوڕە»ی سەقز چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد؛ ئەو شوێنانەی چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «ماسیەری شێخ، مەولاناوا، کانی سەیی، خورخوڕە، قشلاق ملە، قوتڵوو، ڕۆستەمان، شێخەڵە، دەرەقووڵە و سەڵتە کەڵتووی سەقز لە ناوچەی سەرشیو». لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکاندا لە بەرەبەری شەهیدکرانی دوکتور «قاسملوو» و هاوڕێیانی، لە «سەقز»، چالاکیی بەرینی تەبلیغی بەڕێوە چووە. لەو چالاکییەدا تێکۆشەرانی دێموکرات تراکت و پوستێری پەیوەندیدار بە ٢٢ی پووشپەڕیان لە «شەقامی حافز و کۆڵانەکانی پشت موخابرات و گەڕەکەکانی کەریم ئاوا و شاناز» بڵاو کردووەتەوە. هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران لە ترسی ئەوەی کە خەڵک ئەو چالاکییانە نەبینێت، هەر ئەو شەوە زۆرێک لە نووسراوە و دروشمەکانیان پاک کردووەتەوە. بۆ چەندەمین جار ڕێبوارانی ڕێبازی د.قاسملوو دیوارەکانی ئەم شارەیان نەخشاند. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغی وەک نووسینی دروشم و چەسپاندنی پوستێر و بڵاوکردنەوەی تراکت بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ئەنجام درا، بریتین لە: «تازاوا، کەمەربەندیی تازەی سنە بۆ بۆکان، شەهرەکی زاگرۆس، شەهرەکی کوردستان، حەماڵاوای ژووروو و حەماڵاوای خواروو، شەهرەکی موکریان، لای نەخۆشخانەی شەفا و گۆڕەپانی موکریان، بەردبران، «گەڕەکەکانی جووتیاران و گۆڕەجوولەکە و بلواری وەحدەت و لای نەخۆشخانەی خومەینی». ئەو چالاکییانە لە سەقز لە دۆخێکی تەواو ئەمنییەتیدا ئەنجام دراون. قارەمانی دێموکرات لە شاخی «ڕووش»ـی سەقز، شوێنی حەماسەخولقێنی و شەهیدبوونی شەهید «حەکیم ڕەزایی»، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی و نووسینی دروشم و نووسراوەی حیزبی، یادی پێغەمبەری ئاشتییان بەرز نرخاند. تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییەدا بە نووسینی دروشمگەلی «قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە»، «بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» و «سەرکەوێ ڕاسان»، تێرۆریزمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد و لەگەڵ ڕێباز و ئامانجەکانی شەهید دوکتور «قاسملوو» پەیمانیان نوێ کردەوە کە درێژەدەری ڕێگای پڕسەروەریی شەهید دوکتور «قاسملوو» و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانن. هەروەها ڕۆڵە بەجەرگ و نەترسەکانی دێموکرات لە ناوچەی «خورخوڕە»ی سەقز لە گوندەکانی «ماسیەری شێخ و مەولاناوا» و ڕێگای نێوان ئەو دوو گوندە، بە بڵاوکردنەوەی وێنە و پوستێری پەیوەندیدار بە ٢٢ی پووشپەڕ، بۆ چەندەمین جار لەو دەڤەرە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو چالاکییانە لە کاتێکدا بەڕێوە چوون کە لەلایەن هێزە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمەوە کەشوهەوایەکی ئەمنییەتی و نیزامی زاڵ بووە و ئەو شار و ناوچانە بە تەواوی میلیتاریزە کرابوون.

**مەهاباد:**

لاوانی خەباتکاری چۆمی مەجیدخان و شاروێران بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە چالاکییەکی شۆڕشگێڕانەدا تابلۆ و ناوی نەخۆشخانەی سەرچناریان بۆ نەخۆشخانەی شەهید «شەهاب حەیدەری» گۆڕی و ئاڵای کوردستانیان لەسەری بەرز کردەوە، هەربەو بۆنەوە دروشم و تراکتیان بڵاو کردەوە. هەروەها ڕۆڵەکانی دێموکرات لە «ئیندرقاش، بۆزە، گەڕەکی کارمەندانی مەهاباد، خاتوونباغ، قولقولە، گوێکتەپە، مەجبوورئاوای مەهاباد، عەوڵڵاباد، ئازاد، گەڕەکی فەجری مەهاباد، سەرچنار و قەرەگۆل» چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد. هەروەها لە گوندەکانی «خوڕخوڕە» و «قەرەقشلاخ»ـی شاروێرانی «مەهاباد» بە نووسینی دروشمی «قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە» و بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ لەسەر دیوارەکانی ئەو گوندە ڕێزیان لە ڕێبەری ناوداری گەلی کورد شەهید دوکتور «قاسملوو» گرت. تێکۆشەرانی دێموکرات لە «مەهاباد»، بۆ جارێکی دیکەش لە بەرەبەری ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور «قاسملوو»، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی پێغەمبەری ئاشتی نیشان دا. ئەو شوێنانەی لە «مەهاباد» چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە گوندەکانی «قەرەقشلاخ، گردی یاقووب، کۆنەدێ و داشخانە» و ڕێگەوبانی نێوان ئەو گوندانە.

**نێ:**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شارەدێی «نێ» سەر بە «مەریوان» لەگەڵ ڕێبازی دوکتور «قاسملوو» پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە. تێکۆشەرانی دێموکرات لە شارەدێی «نێ»ـی هەمیشە دێموکراتەوە بە نووسینی دروشم و نووسراوەی حیزبی سەلماندیان کە «قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە». هەروەها لە شارەدێی «نێ»ـی هەمیشە دێموکراتەوە، پێشمەرگەکانی شار بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و نووسینی دروشمی حیزبی لە «کانی گەزنە، دەروازەی چوونەژوورەوەی ئاوایی و دەوروبەری قوتابخانە»، چالاکییان بەڕێوە برد. لەو چالاکییەدا بە دروشمی «ڕێگای دوکتور قاسملوو درێژەی هەیە»، هەتا دوا دڵۆپەی خوێنمان درێژەدەری ڕێگای پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندین» ئەمەگداریی خۆیان بە ڕێبازی دوکتور «قاسملوو» نیشان دا. ئەم چالاکیانە لە کاتێکدا بووە کە هێزێکی زۆری ئیتلاعات مۆڵ درابوون و دۆخی شارەدێی «نێ»ـیان میلیتاریزە کردبوو.

**مەریوان:**

لە «مەریوان»، تێکۆشەرانی دێموکرات لە چەند چالاکیی جیاوازدا لەگەڵ ڕێباز و ئامانجەکانی دوکتور»قاسملوو»، پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە و تراکت و پوستێری پەیوەندیدار بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردەوە. هەروەها لە ئاوایی «سەردۆش»، تێکۆشەران لەسەر شاخ و بەرزاییەکانی ئەو ئاواییە، بە نووسینی دروشمگەلی: «دوکتور قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە» و «تا دوا هەناسەی ژیان درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی قاسملووین»، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی دوکتور «قاسملوو» دووپات کردەوە. هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی «بۆڕیەر» سەر بە ژاوەرۆی «مەریوان» لە ساڵیادی حەماسەی کۆساڵاندا و لە شوێنی شەهیدکرانی شەهیدان «کاوە جەوانمەرد» و «سەرکەوت سەمەدی»، بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و ناویان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. پێشمەرگەکانی شار لە شوێنەکانی وەک» مەیدانی نەورۆز، سەنعەتی، کوچەی دوخانیات، شەبڕەنگ، ئیسگای تاکسی، بەرگوزەر، مزگوتی مووسکی دوو، مەرکەز بێهداشت، سێڕای کورەی مووسەوی، مزگەوتی کورەی مووسەوی» چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە بردووە. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە مەریوانی قارەمانەوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی چالاکیی تێدا بەڕێوەچووە

درێژە لە لاپەڕەی ٤

## درێژەی پەیڤ

دامرکاندنەوەی هەستی تۆڵەی خۆی لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەر لە ئێران، حوکمی ئێعدامی سێ لاوی فارسی دەرکرد. تۆمەتەکان هەمان تۆمەت بوون: تێکدانی ئاسایشی وڵات و بەستراوەیی بە وڵاتانی بیانی!

بەڵام ئەوەی جیاواز بوو، هەڵوێستی کۆمەڵگای ناوەند! بوو. کەمپەینیان بە دژی ئەو حوکمانە وەڕێ خست و گوشاریان بۆ هەموو لایەك هێنا کە لەو کەمپەینە بەشدار بن و تەنانەت گوشاریان بۆ هێز و لایەنە پەراوێزەکان لە نەتەوە بندەستەکانیش هێنا کە ئەو حوکمی ئێعدامانە مەحکووم بکەن، بەڵام لە ڕاگەیەندراوەکانی خۆیاندا ئامادە نەبوون کە ناوێك لە سێ لاوی کورد بێنن کە بە تازەیی ئێعدام کرابوون! چوونکە ئێعدام کاڵایەکە کە لە لایەن دیدی کۆلۆنیالیستیەوە بە باڵای کورد و نەتەوە پەراوێزەکاندا براوە و پێیان وایە کە تەنیا کورد و نەتەوە بندەستەکان دەبێ ئێعدام بکرێن!

لە ڕوانگەی کۆلۆنیالیزمی ڕەگداکوتاوەوە ئەو خوێنەی لە نێو ڕەگەکانی مرۆڤێکی پەراوێزنشیندا دەگەڕێ، ڕشتنەکەی ئاساییە و خوێنی تاکەکانی سەر بە نەتەوەی ناوەند و ناوەندگەرایە کە ڕەنگی تایبەتی هەیە و حەرامە گەر دڵۆپێکی لێ بڕێژرێ!

لە جوغرافیایەکدا کە دوو خوێنی جیاواز هەبێ و بایەخی جیاواز بۆ خوێنەکان دابنرێ، ناتوانێ بەردەوام بێ و تەنیا ڕێگەی بەردەوامی نەك گۆڕینی دەموچاوی دەسەڵاتداران، بەڵکوو هەڵتەکاندنەوەی بیری کۆلۆنیالیستییە.

# لە ڕێڕەوی هەڵوەشاندنەوەی ناوەند

## مستەفا هیجری،
## لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩)، ئەگەرچی پێکهاتەی دەسەڵاتی پاشایەتی لەبەریەک هەڵوەشایەوە، بەڵام ژێرخانی پڕۆسەی ستەمی نەتەوەیی و پەراوێزخستنی نەتەوە بندەستەکانی دیکە لە سەر بنەمای ئۆستوورەی ئێرانی باستان و ئایدیۆلۆژیی مەزهەبیی شیعە و زمانی فارسی، شێوازێکی نوێی بەخۆوە گرت. لە دەستپێکی ئەم قۆناغەدا، ناوەند جارێکی دیکە خۆی پێناسە کردەوە و ڕەهەندەکانی توندوتیژی و سڕینەوە و سەرکوت، بە شێوەی سیستماتیک بواری پێ درا.

ئاکامی سیاسەتی نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوەکان، هەتا هەوڵ بۆ بە کەمینەکردنیان هەتا ئاستی قەوارەی قەومی و وردە فەرهەنگ، ئەوە بوو کە مافی ژیان، مافی ئازادی، پرسی سەروەریی نەتەوەکان، پرسی دێموکراسی و تەنانەت ئازادییە سەرەتاییەکان، بە دیدی ئەمنییەتی و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی لێکدرایەوە.

ئەم ڕوانینەش، لە ڕاستیدا مەترسیی بووە بۆ سەر مانەوە و ئاسایشی نەتەوەییی نەتەوە ستەم لێ کراوەکان.

توندوتیژی و سەرکوتی سیستماتیک، هەموو بوارەکانی ژیانی تەنیوەتەوە. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەم توندوتیژییانە بە فەرمانی جیهادی خومەینی، دامەزرێنەر و ڕابەری کۆماری ئیسلامی، لە ژێر ناوی شەڕی پیرۆز، بە پاساوی ئایات و گێڕانەوە ئیسلامییەکان، دەستی پێ کرد، کە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە و تەنانەت ڕەهەندەکانی شەڕێکی نەرمیشی لەخۆوە گرتووە و بووەتە ستراتێژی و سیاسەتی فەرمیی میراتگرانی خومەینی.

جیاوازییە بەرچاوەکانی ئەم توندوتیژییە لە کوردستان و هەرێمەکانی دیکەی ئێران لەوەدایە کە ئەگەر لە شوێنەکانی دیکە ئەو خەڵکانەی کە بە نەیار و جیابیریان دەزانن، دەکەونە بەر پەلامار و زیندانیکردن، ئەشکەنجە و ئێعدام، لە کوردستان هاوبەش لەگەڵ ئەم خاڵانە، مێژوو، ناسنامە، کولتوور، زمان و بە گشتی ژینگەی نەتەوەییی کورد کەوتووەتە بەر هێرشێکی هەمەلایەنە کە دوائامانجی ناوەند، تواندنەوە و کپ‌کردنی دەنگی ڕزگاریخوازیی کورد بووە.

### ئێستای کورد و ڕەوشی ناوەند

سەرەڕای ژینگەی داخراو و بە ئەمنی کراو و ڕەوشی سەرکوت و توندوتیژی لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی، ڕێژیم لە پەیوەندی لەگەڵ ئامانجەکانی لە ناوخۆ و دەرەوە بە بنبەست گەیشتووە.

وەک باسکردن لە بەرایی ئەم سیاسەتە شکست خواردووە، پێم وایە کە ڕێژیم لە سیاسەتەکانی بەرانبەر بە یەکەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر لە سەرەتاوە ناکام ماوەتەوە. خۆزیای ئازادی و سەربەستی و گەیشتن بە مافی نەتەوەیی کە هەمان سەروەریی کوردە بە سەر خاکی خۆیدا، بەردەوام و ڕوو لە گەشەیە.

پێداگری لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی، جەوهەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کورد بووە.

بەرەنگاری و بەرگریی نەتەوەیی، ڕێڕەوی هەمیشەیی ئەم بزووتنەوەیە بووە.

داگیرکاریی ڕێژیمی ئێران ژینگەی کوردستانی بەرەو لەناوبردن بردووە و سەرچاوە ئاوی و کانزاییەکانی بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی ناوەند بەتاڵان بردووە.

هەروەها لە ئێستادا ئاستی نابەرابەریی کۆمەڵایەتی بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمەوە، کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بەرەو کۆمەڵگایەکی نایەکسان و تەژی لە چەوساندنەوە بردووە. ژمارە و ڕادەی زیندانییەکان، شەهیدانی ژینگەپارێز و سەرکوتی دەنگی ژنان و خوێندکاران و چالاکی مەدەنی، لە سێدارەدان و تیرۆر و بێسەروشوێن‌کردن و ڕەشەکوژییەکان، ئەگەرچی بەڵگەن بۆ تاوانەکانی ڕێژیم، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئاماژەکانی سەرزیندوویی و خۆڕاگریی ئەم نەتەوەیەن کە بەرانبەر بە ستەم و ژێردەستی سەری دانەنواندووە.

سەبارەت بە دۆخی گشتیی ئێران، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەیەکی گشتیدا وەک دەوڵەتێکی شکستخواردوو هەژمار دەکرێ کە توانای ئیدارەکردن و بەڕێوەبەریی وڵاتی نەماوە.

ئەگەریش توانایەکی مابێت پەیوەستە بە نواندن و بەکارهێنانی هێزی سەرکوت و سەربازی لە ناوخۆ و دەرەوە.

گومان لەوەدا نییە کە ڕێژیمێکی ناموتەعارەفی وەک کۆماری ئیسلامی بەهۆی کۆمەڵێک قەیرانی کەڵەکەبوو و پرسی چارەسەرنەکراو لەناوخۆ و دەرەوە گەمارۆ دراوە.

گەندەڵی و تاوانەکانی حکوومەت و دەسەڵاتداران، ئاستی نارەزاییەکان، جمەی شەقامەکان، تەوژمی بێکاری و نەبوونی دەرەتانی ژیانێکی ئاسایی بۆ زۆرینەی خەڵکانی ئێران و دەیان و سەدان ئاریشەی دیکە، ڕێژیمی بەرەو بنبەستێکی ئیداری و بەڕێوەبەری بردووە. ئەم دۆخە وای کردووە کە مافی ژیانێکی سەرەتایی لەم وڵاتە مسۆگەر نەبێت

قەیران ڕەنگە ئەو چەمکە سەرەکییە بێت کە بۆ لێکدانەوەی دۆخی بنبەستی ئێستا یارمەتیدەر بێت. قەیران لە بەڕێوەبەری، قەیران لە سیاسەتی ناوخۆیی و قەیران لە سیاسەتی دەرەکی، تەنگی بە ڕێژیم هەڵچنیوە، بە جۆرێک کە قەیران بە قەیران بەڕێ دەکات.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی ئێستاشی لەگەڵ بێت هەوڵ دەدات وەک لایەنێکی هێژمونیکی ناوچەیی، حەوزە و پێگەیەک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ خۆی پێناسە بکات، بەڵام بەهۆی کەمپەینی سزا و گەمارۆکانی ئامریکاوە، بڕستی لێبڕاوە و بەشێکی زۆر لە سەرچاوە دارایی و هەواڵگری و سەربازییەکانی، تەنانەت هەتا ئاستی هاوپەیمانان و گرووپە پرۆکسییەکانی لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن کە شەڕی بە وەکالەتی بۆ دەکەن لەگەڵ قەیران بەرەوڕوون؛ بە تایبەت کە ئێستا، وەک ڕابردوو توانای دابینکردنی تێچوو و بودجەی گرووپە میلیشیاییەکانی نەماوە و بە تێکڕایان لە تەنگانەدان.

جیا لەم فاکتەرە، لە وڵاتانی وەک عێراق و لوبنان، لە دژی سیاسەتی دەستێوەردانەکانی هاتوونەتە سەر شەقام و خوازیاری بنبڕکردنی نفووزی ئێرانن لە وڵاتەکەیان.

لە وڵاتێکی وەک سووریە کە ئێران بە حەوزەی نفووزی خۆی زانیووە، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بە دەیان و سەدان جار بنکە سەربازییەکان و بەرژەوەندییەکانی کراونەتە ئامانج و بێجگە لە دەستەوەستانی، توانای بەرگریکردنی لە خۆی نەماوە.

سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ئاماژە دەدەن کە ئەم هێرشانە لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەنجام دەدرێن؛ وڵاتێک کە دروشمی سڕینەوەی لە سەر جوغرافیای سیاسی، بەڵێن و قسەی هەمیشەیی بەرپرسانی ئێرانی بووە.

تەنانەت ئەم هێرشانە لە سەر خاکی ئێران دووبارە دەبنەوە و بنکە و دامەزراوە ئەتۆمی و سەربازی و ستراتێژییەکانی دەکرێنە ئامانج.

ڕێژیمێک کە خولیای بنیاتنانی «ام القرا»ی ئیسلامی هەبوو لە ناوچەکە، لە مێژووی خۆیدا بە ڕادەی ئێستا، لاواز و بێ دەرەتان نەبووە.

دۆخێک کە لە ناوچەکە و لە ژمارەیەک لە وڵاتان لە ئارادایە، ئەنجامی سیاسەتی ئاژاوە و پیلانگێڕی و دەستێوەردانی ڕێژیمێکە کە ئێستا نە تەنیا خۆی، بەڵکوو ئێرانیشی تێوەگلاندووە.

ڕێژیمێک کە سامان و سروەتی وڵاتی کردە تێچوو بۆ سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش، ئێستا چاوەڕێی شۆڕش و ڕاپەڕینی قوربانییانی ئەم سیاسەتەی دەکات کە خودی خەڵکانی ئێرانن.

هەر وەک چۆن لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا شەپۆلەکانی ڕقی پەنگخواردوی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەم وڵاتە، مەوجودییەتی ڕێژیمیان هەتا لێواری (وەک خودی بەرپرسانی ڕێژیم دەڵێن) بوومەلەرزەی سیاسی و ڕاپەڕینی سەرتاسەری بردووە.

ئێستا قەیرانی هاوتەریبی ناوچەیی و ناوخۆیی، هاوکاتە لەگەڵ پەتای گشتگیریی کۆڕۆنا کە تەنانەت توانای بەرگری و جەستەی حکوومەتیشی داهێزراندووە.

بڵاوبوونەوەی خێرای ئەم پەتایە لەگەڵ ئەوەیکە توانای سیستمی تەندروستی و خزمەتگوزاریی ڕێژیمی خستە ژێر پرسیارەوە، گوشارێکی زیاتر و چەند قاتی بۆ سەر کۆمەڵگای ئێران پێکهێنا.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و دابەزینی نرخی نەوت(لە دۆخی گەمارۆکان) و دابەزینی چەند قاتی بەهای تمەن بەرانبەر بە دۆلار، ڕێژەیەکی زۆرتر لە خەڵکی ئێرانی خستە ژێر هێڵی هەژاری و بێکاریەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و کەمبوونی کەرەستە و ئیمکاناتی تەندروستی، دەیان میلیۆن کەسی بەرەو هێڵی کارەسات و تووشبوون و مەرگی یەکجاری بردووە.

سەرەڕای ئەمانەش هیچ دەزگا و وەزارەت و بەرپرسێک ئامادە نییە ژمارەی تەواوی قوربانییەکان بەمیدیایی بکات، هەر وەک چۆن ئامادە نەبووە ژمارەی تەواوی بریندار و کوژراو و زیندانی و بێ سەروشوێنکراوەکانی خۆپێشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوو ئاشکرا بکات.

لەم دۆخە قەیراناوییەدا، بەستێنی سەرهەڵدان بۆ نارەزاییی زیاتر و هاوکات مەترسیی سەرکوتی زیاتر پێشبینی دەکرێت.

ئێستا کە بێ متمانەیی بە حکوومەت و بێ هیوایی بە ژیانێکی ئاسایی باڵی بە سەر ئەم وڵاتەدا کێشاوە و چاوەڕوانیی هیچ چارەسەرێک ناکرێت، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بۆ مانەوەی خۆی ئامادەی هەموو جۆرە توندوتیژی و سەرکوت و تێچوویەکە.

ئاماژەکانی ئەم ئامادەکارییەی ڕێژیم بە نسیبەت کوردستانەوە ڕوونترە. تەنیا لە ٧ مانگی ڕابردوودا، ٩٢ کەس لە ڕۆژهەڵات بە تۆمەتی چالاکیی مەدەنی، سیاسی و مەزهەبی، حوکمیان بەسەردا سەپاوە. ئیعدامی هیدایەت عەبدوڵڵا پوور، سابیر شێخ عەبدوڵڵا و دیاکۆ ڕەسووڵزادە و حوکمی زیندانیی درێژخایەن بۆ حوسێن عوسمانی و زارا محەممەدی و پێشتریش حوکمی زیندانی هەتاهەتایی بۆ زەینەب جەلالیان تەنیا چەند نموونەیەکن.

بەڵام مێژووی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە ئەو سیاسەتە چەوت و توندوتیژانە دادی نادەن.

بە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو، کورد لە ڕۆژهەڵات خۆی وەکوو نەتەوەیەکی بێ حاکمییەت بینیوە. بەم پێیەش یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی سەرکوت و ئاسیمیلەکردنی ناوەند بووە.

لەم ڕووەوە، بە پێداگریی لەسەر مسۆگەربوونی سەروەریی خۆی بە سەر خاکی خۆیدا، جەختیش دەکاتەوە کە نیشانەکانی «دێموکراسی» و بنەماکانی پێکهێنانی دەسەڵات و هەروەها چەمکی کۆمەڵگای ئێرانی، دەبێ سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە.

بە بێ ئەم پێناسە کردنەوەیە، سیستەمی داگیرکاریی ناوخۆیی درێژەی دەبێ، هەر بۆیە ئەم جۆرە لە پەیوەندیی داگیرکاری، دەبێ سەرەتا لە ناوەندەوە هەڵبوەشێتەوە، هەتا زەمینە بۆ پێکەوە ژیانی دڵخوازانە و ئاشتییانە فەراهەم بکرێت.

بۆ ئەم ئامانجە، کوردستان لە سەر پێ دەمێنێتەوە و بۆ گەیشتن بە سەروەری و تێکەوەپێچانی کۆماری ئیسلامی تێچووی زیاتر دەدات.

> **سەبارەت بە دۆخی گشتیی ئێران، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەیەکی گشتیدا وەک دەوڵەتێکی شکستخواردووە هەژمار دەکرێ کە توانای ئیدارەکردن و بەڕێوەبەریی وڵاتی نەماوە.**
> **ئەگەریش توانایەکی مابێت**
> **پەیوەستە بە نواندن و بەکارهێنانی هێزی سەرکوت و سەربازی لە ناوخۆ و دەرەوە**

> **بە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو، کورد لە ڕۆژهەڵات خۆی وەکوو نەتەوەیەکی بێ حاکمییەت بینیوە. بەم پێیەش یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی سەرکوت و ئاسیمیلەکردنی ناوەند بووە. لەم ڕووەوە، بە پێداگریی لەسەر مسۆگەربوونی سەروەریی خۆی بە سەر خاکی خۆیدا، جەختیش دەکاتەوە**
> **کە نیشانەکانی «دێموکراسی» و بنەماکانی پێکهێنانی دەسەڵات و هەروەها چەمکی کۆمەڵگای ئێرانی، دەبێ سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە.**
> **بە بێ ئەم پێناسە کردنەوەیە، سیستەمی داگیرکاریی ناوخۆیی درێژەی دەبێ، هەر بۆیە ئەم جۆرە لە پەیوەندیی داگیرکاری، دەبێ سەرەتا لە ناوەندەوە هەڵبوەشێتەوە، هەتا زەمینە بۆ پێکەوە ژیانی دڵخوازانە و ئاشتییانە فەراهەم بکرێت**

---

درێژەی لاپەڕەی ٣

بریتییە: «ناو شارەدێی نێ، دەوروبەری قوتابخانە، مزگەوت، بەشێک لە کۆڵانەکانی نێ و فەلەکەی دوکتور قاسملوو و ڕێگای سەرەکیی نێ بۆ مەریوان، دەوروبەر و ناو گوندی کانی سانان، سەر ڕێگای هاتوچۆی نێوان گوندەکانی دەوروبەری، سەر ڕێگای هاتوچۆی گوندی سەردۆش، ناو گوندی دەرەتفێ».

هەروەها لە شاری مەریوان لە شوێنەکانی وەک: «بەری پادگانی عیبادەت، شەهرەکی هەوراز، شەهرەکی زیبا و گوڵشەن، سەر تەپەی مووسک و نێو گوندی مووسک»، بە دروشمی تایبەت ڕازێندرایەوە.

**مازەندەران:**

لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، لاوانی شۆڕشگێڕی کورد لە شاری «مازەندەران» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. لاوانی شۆڕشگێڕی کورد لەم شارە بە نووسین و بڵاوکردنەوەی دروشمی شۆڕشگێڕی لە نێو شاردا پەیمانیان لەگەڵ شەهیدان و بەتایبەت شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو نوێ کردەوە کە هەتا دوایین هەناسە درێژەدەری ڕێگایانن.

دروشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوونە لە؛ لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان درێژەدەری ڕێبازی قاسملوون، قاسملوو لە ڕێبازتدا شار و شاخ دەست لەملانن، داگیرکەر بە تیرۆر ناتوانێت شکست بە ڕاسانی نەتەوەیەک بێنێت، باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە.

لە درێژەی ئەو چالاکیانەدا خوێندکارانی ڕێبازی قاسملوو لە تاران، بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە تاران لە شەقامی «موفەتیح» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**جوانڕۆ:**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە «قەڵای جوانڕۆ» بۆ چەندەمین جار لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**بانە:**

لە شاری بانە قارەمانانی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەستی بەسۆزی خۆیان بۆ گەل و نیشتمان نیشان دا.

**پاوە:**

لە پاوە، تێکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی دروشم و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە. لە نێوان گوندەکانی «لاران و تەرگەزن»ی سەر بە بەخشی باینگانی پاوە، لە ساڵڕۆژی تیرۆرکرانی دوکتور «قاسملوو» بەدەست دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ، ئەمەگداری و وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی دوکتور «قاسملوو» و هاوڕێیانی نیشان دا. لەو چالاکییەدا قارەمانانی دێموکرات پەیمانیی وەفادارییان نوێ کردەوە کە هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد بەبێ پسانەوە لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و دوکتور «قاسملوو»دا لە خەبات و تێکۆشان دەست هەڵنەگرن.

**ئیلام:**

لە ئیلامی دێموکراتەوە ڕۆڵەکانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ بە نووسینی دروشمی وەک: «قاسملوو» لە تابلۆکانی نێو شار و هەروەها هەڵکردنی ئاڵای کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەم چالاکییانە لە ئاودانانیشدا بەڕێوە چوون.

**سەردەشت:**

هاوکات قارەمانانی دێموکرات لە سەردەشت لە شەقامەکانی «ئیتلاعات، چوارڕێیانی پۆست، بازاڕچەی دایکان، کەمەربەندی و سینەما» بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت، یادی ٢٢ی پووشپەڕیان بەرز ڕاگرت.

**هەوشار:**

لە ناوچەی «هەوشار» بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو. ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «شاری سایین قەڵا، گەڕەکی کوشتارگا و تێرمینالی تکاب - سایین قەڵا». هەروەها لە گوندەکانی «قۆزڵووی هەوشار، یەنگیجە، قازانلی، ئاختەپە، قسۆپی، مەمەر، گەڕاو، ئاغاجەری و حاجی ئاباد» بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو. ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری «سایین قەڵا» بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی دوکتور «قاسملوو» یادی ئەم نەمرەیان بەرز ڕاگرت و بە دوژمنانی گەلی کوردیان سەلماند کە ڕێبازی قاسملوو هەمیشە زیندووە.

# چی لە نەمر دوکتور قاسملوو فێر بین؟

ئەلبورز ڕۆژین تەن

## پێشەکی

جاناتان ڕاندل ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی ئەمریکایی لە پێشەکییەک کە بۆ کتێبی خولیا و مەرگی قاسملووی کورد کە کارۆل پڕوونهۆبێر نووسیویەتی لە سەر کەسایەتی دوکتور قاسملوو دەڵێ:»ئێستا ئەوە کارۆل پڕوونهۆبێر ئەم ژیاننامە دژوار و هەستبزوێنەی یەکێک لە بەفەرهەنگترین ڕێبەرانی ئەم سەردەمەی نووسیوە کە دەرسی ئابووری دەگوتەوە، بە حەوت زمانان قسەی دەکردن و عاشقی شێعرو شەرابی فەڕانسەیی بوو. مەلا مستەفا بارزانی بێ هیچ ئەملاوئەولایەک ناسیۆنالیستێکی بێ هاوتای کورد لە ساڵەکانی نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بوو، بەڵام قاسملوو بەهرە و توانایەکی هەبوو تەنانەت کەسایەتیی دەرەوشاوەی پێش خۆی نەیبوو! یەکەمین ڕێبەری کورد بوو کە لە دەرەوەی سیستمی عەشیرەیی هەڵسوکەوتی دەکرد»١

ئەو ڕستانەی کە ئەم ڕۆژنامەنوسە کە شایەدی لە زانایی و لێهاتوویی ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو دەدات بۆ زۆربەمان کە ئاشنای ناو و خەباتی ئەم ڕێبەرە بلیمەتەن ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئەوەی من لەم وتارەدا دەمهەوێ ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە ئێمە وەک تاکی کورد چی دەتوانین لەم هزرمەندە کە ژیانی خۆی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد تەرخان کرد فێر بین. چونکە ئەزموونێکی وا بە نرخ کە لە نێو گەلی ئێمەدا هەڵکەوتووە سەرچاوەی لێفێربوونە بۆ زیاتر پێگەیاندنی تاکی خەباتگێڕ بەتایبەتی کە ئەو سەرچاوەیە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات کردووە و شوێندانەرییەکی بێهاوتای لە سەر هەبووە. کەسایەتی فرەڕەهەندی دوکتور قاسملوو لە زۆر لایەنەوە دەتوانرێ بکەوێتە بەر تیشک و ڕامانی لێکۆڵەران کە باس کردنی هەمووی ئەو ڕەهەندانە لە وتارێکی وادا ناگونجێ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و کورت چەند لایەنێک کە دەتوانێ تیشک بخەنە سەر ڕێگای هەر مرۆڤێک و بەتایبەتی ئەگەر کورد ڕێبواری ڕێگای ئازادی بین تاوتوێ دەکەین.

## زانست و زانستخوازی

کاریگەری ئەرێنی و زۆری بنەماڵەی ڕێبەری نەمرمان بۆ هاندانی تاکەکانی بنەماڵە بۆ خوێندن و فێربوون کە لە سەردەمی دواکەوتوویی و بە تایبەتی ژیانی فێئۆدالی ئەو کاتدا نمونەی کەم بووە، بەجۆرێک کە هوشمەند عەلی لە کتێبەکەی لە سەر دوکتور قاسملوو لە زمانی کەریمی حیسامییەوە دەگێڕێتەوە کە «ئەودەم لە مەجلیسان زۆر باسی ئەوە دەکرا کە مەمەدئاغای وسووق کوڕەکانی هەموو ناردووەتە دەرەوە بۆ خوێندن و تاکە کوردێکە ئاوا بە کوڕەکانی دەخوێنێت»٢. بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵ و شەونخونی دوکتور قاسملوو لەو بوارەدا شایانی باسە دوکتوری نەمرمان وێڕای ئەوەی قوناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی تێپەڕ دەکات بۆ درێژەپێدان ڕێگەی خوێندن لە دەرەوە دەگرێتە بەر؛ سەرەتا لە فەڕانسە دواتر لە پراگ بەردەوام دەبێت. خوێندنی ئەو لە ئۆرووپاش ئاسان نەبووە بەڵکوو چەندین جار گرفتی جۆراوجۆری بۆ هاتۆتە پێش یا تەنانەت ناچار بووە خوێندنەکەی بەجێ بهێڵێت بەڵام لە یەکەمین دەرفەتدا کە بۆی هەڵکەوتووە دووبارە درێژەی بە خوێندن داوە. لایەنێکی دیکەی زانستخوازی دوکتور قاسملوو کاتێک دەردەکەوێ کە دەبینین کە فێربوونی تەنیا لە بوارێکدا سنووردار نەکردووە. دوکتور قاسملوو کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئابووریی سیاسی بە دەست دێنێت دواتر دوکتوراکەی لە سەر ئابووری وەردەگرێت و لە زانکۆی بەغدا دەرسی مێژووی کورد دەڵێتەوە و لە زانکۆی سۆربۆن وانەی زمان و شارستانیێتی کورد دەڵێتەوە واتە ئەو لە سەردەمی جیاوازدا هەوڵی داوە زانیاری بواری جیاوازدا بە دەست بێنێت. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی مونیرە خانمی قازی کچی پێشەوای نەمر ئاماژە بە بەشێک لە خەباتی ڕێبەری نەمرمان دەدات و دەڵێ: لە سەردەمی کاری نهێنیدا کە لە ماڵی ئێمەدا دەمایەوە بەردەوام کتێبی کتێبخانەی باوکمی واتە کتێبخانەی پێشەوا قازی محەممەدی دەخوێندەوە. لەو بڕوایەدام کە ئەم هەڵکەوتە کاریگەری زۆری لە سەر دوکتور قاسملوو هەبێت کە پێشەوای بە گوڵێک کە لە سەحرا ڕوواوە شوبهاندبوو. بە هۆی خەبات لە ئاوارەییدا ئەوەیکە بە کەمی دەبیستین ماڵی دوکتور قاسملووە چونکە هیچ کات بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنێک نەماوەتەوە بەڵام زۆربەمان لە ڕێگەی جیاوازەوە باسی کتێبخانەی دوکتور قاسملوومان بیستووە، تەنانەت تا ئێستاش هەر ماوە، نەسرین قاسملوو لەو بوارەدا دەڵێ: «لەم ناوچانەدا زۆرتر لە لایەکەوە بۆ لایەکی دیکە شوێنە گۆڕکێی دەکرد، بەڵام هەمیشە کتێبخانەکەی لەگەڵ خۆی بۆ شوێنە نوێیەکەی دەگواستەوە. دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە نامیلکەیەکی لە ژێر ناوی «بیری لێنین و باغەکانی سەمەرقەند» لە سەر کتێبخانەکە نوسیوە و باس لە دەوڵەمەندی فرەزمانی ئەو کتێبخانەیە دەکات کە لە شاخەکانی کوردستاندا لە ژێر تۆپ و تانک و تەنانەت موشەکبارانی دوو ساڵ لەمەو بەر هەر بەجێماوە، بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ زانستخوازی ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو. دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕادیو بی بی سی چەند ساڵ بەر لە شەهیدبوونی باس لە ژیان و ئارەزووەکانی دەکات و دەڵێ:» ئەگەر ئێستا بمتوانیبایە بۆخۆم بڕیار بدەم، حەزم دەکرد خەریکی زانست بام و خۆم بە مەسەلە فەرهەنگییەکان و ئەدەبیاتەوە خەریک بکەم بەڵام ئەوەکە ئێستا لە کوردستانم، بە ئەرکی خۆم دەزانم، چونکە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەم لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و خەڵکی ئێراندا»٣.

ڕێبەری نەمرمان لە دوایین ساتەکانی ژیانیشیدا دوای کورد و کوردستان تەنیا خەمی زانست و زانستخوازی بووە هەر ئەوەش وای کردووە کە جاناتان ڕاندل ئەو بە بەفەرهەنگیترین ڕێبەرانی سەردەم بزانێ، ئەو کە لە نێو شۆڕشدا ئەرکی مامۆستایەتیشی بە باشی بەجێ دەگەیاند لە مودێرنیەت تا ئابووریی سوسیالیستی و سەرمایەداری و دەیان بابەتی دیکە و تەنانەت بۆ پێگەیاندنی کادری بواری جیاواز وانەی جۆراوجۆری دەگوتەوە بۆ نمونە دەتوانین ئاماژە بە وتارەکەی لە سەر فیلم بکەین کە چۆنیەتی باسی فیلمهەڵگرتنەوەی فیلمبەردارانی نێو شۆڕشی کردووە کە ئەرکی ڕاگەیاندن و کاری هونەری بووە بەڵام ئەو ئەنجامی داوە، بە فەرهەنگیترین ڕێبەری سەردەم گەورەبووی پێتەختە گەورەکانی جیهان و وڵاتانی پێشکەوتوو نییە بەڵکوو لە کوردستانی داگیرکراودا لەدایک دەبێ و ژیانی خۆشی تەرخان دەکات بۆ ڕزگارکردنی کوردستان. هەربۆیەش بۆ ڕۆڵەکانی قوتابخانەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد بەتایبەتی دێموکرات پێویستە لە مامۆستامان فێر بین کە زانست و زانستخوازی بکەینە سەرەتی ژیانمان.

## بیری نەتەوەیی و خزمەت کردن بە نەتەوە

بە چاوخشاندنێکی کورت لە ژیانی ڕێبەری نەمرمان بۆمان دەردەکەوێت ئامانجی هەرەگەورەی دوکتور قاسملوو لە ژیانیدا خزمەت کردن بە نەتەوەی کورد بووە هەر بۆیەش بیری نەتەوەیی دوکتور قاسملوو بنەما و گەوهەری هزری دوکتور قاسملوو بووە، چالاکییە سیاسی و زانستی و فەرهەنگییەکانی و هتدی ژیانیشی لە چوارچێوەی یەک بابەت واتە خزمەت کردن بە نەتەوەی کورد خۆی دەبینێتەوە. کارۆڵ پڕۆنهۆبێر لە کتێبی خولیاومەرگی قاسملووی کورد لەو بوارەدا دەڵێ:»شتێکی یەکجار ڕوون لە گۆڕێدایە عەبدولڕەحمان قاسملوو لە سەرانسەری ژیانیدا هەرگیز لە چوارچێوەی ڕێبەری حیزبێکی ئێرانیدا قەتیس نەمابوویەوە. ئەو وەک ڕێبەرێکی دووربین ژیانی بە سەر دەبرد و گرینگتر لەوەش کوردێک بوو کە ئاواتی ئازادی بۆ کوردستانی لە دڵدا بوو و خۆشەویستی بۆ گەلەکەی دڵ و گیانی داگرتبوو. سەرەئەنجامیش بۆ گەیشتن بەو ئاواتە گیانی خۆی لە دەست دا، ئیمانی درزتێنەچوو و ڕۆحی پاکی لە نێو دڵی جیا شاخاوییەکانی نەتەوەیکدا دەژی کە پێی دەڵێن کوردستان.»٤

ئەگەر سەرەتای کاری سیاسی دوکتور قاسملوو بە بەشداری و چالاک کردنی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بزانین دەبینین دوکتور قاسملوو لە ڕێکخراوێکی یادگاری کۆماری کوردستان کە لە سەر بنەمای خزمەت کردن بە بیری نەتەوەیی بووە دەست پێ دەکات. دواتر ڕۆڵی دەبێت لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران لە ئۆرووپا کە چالاکییەکانی نەتەوەیی بوون و تەنانەت لە سەردەمێکدا کە لە نێو حیزبی توودەدا خەباتی دەکرد بەردەوام کەوتۆتە بەر ڕەخنەی توودەییەکان کە زیاتر بیری نەتەوەیی و کوردبوونی دوکتور قاسملوو بەرجەستەیە. دواتر خزمەت کردن لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی دەکرد تا کاتی شەهیدبوونی بۆ بەرەوپێشبردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد خەبات دەکات. خزمەتی دوکتور قاسملوو لەو بوارەدا شوێندانەرییەکی زۆری هەبوو چونکە لە ژێر ڕێبەرایەتی ئەودا ئەگەر خەباتی نەتەوەیی بە ئامانجیش نەگەیشتبێ بە ڕادەیەک پتەو بووە کە دوژمنان نەتوانن بە ئاسانی بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت لە نێوی بەرن بەڵکوو سەرەڕای هەموو پیلانەکانی دوژمن و وەشاندنی گورزی گەورەی وەک شەهیدکردنی ڕێبەرانی کاریگەری وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی ئەمڕۆ دوای سێ دەیە لە شەهیدبوونی، حیزبی دێموکرات نەک لە سەر پێیە بەڵکوو دەستپێکەری جوڵەیەکی وەک ڕاسانە کە دوژمنی ترساندووە و هیوای لە نێو گەلی کورددا زیندوو کردۆتەوە. ژیانی ئاکادێمی و زانستی دوکتور قاسملووش وەک ژیانی سیاسی ئەو خزمەتێکی گەورە بە بیری نەتەوەی کورد هەژمار دەکرێت؛ هەموو نووسینەکانی ڕێبەری نەمرمان لە سەر کورد و کوردستان و چۆنیەتی خزمەتی کردن بە کوردبوون هەر لە تێزی دوکتوراکەی کە بە ناوی کوردستان و کوردە کە بەرهەمێکی زانستیانەی گرینگ بۆ سەردەمی خۆی هەژمار دەکرێت تا دەگاتە ئەو وانانەی کە لە زانکۆکانی سوربۆن و پراگ و بەغدادا وەک مامۆستا بە قوتابیانی داوە هەمووی هەر لە سەر کورد بووە. بە پێویستیش دەزانم جارێکی دیکە ئەوە دووبارە بکەمەوە کە زۆرجار باس لە چەپبوونی دوکتور قاسملوو دەکرێت وەک ئەوەی نەتەوەیی بیری نەکردبێتەوە بەڵام ئەوە ڕوونە کە لە سەردەمی جیاوازدا د.قاسملوو هەوڵی دەدا لە ئایدیای جیاواز بۆ خزمەت کردن بە نەتەوەی کورد کەڵک وەربگرێت ئەمەش هونەری د.قاسملوو بوو. تەنانەت خۆشترین وڵات کە تێیدا هەستی بە ئاسودەیی کردووە شاخەکانی کوردستان بووە، کاتەکانی بە خوێندنەوەی شێعری کوردی بە سەر بردووە، کە دیپلۆماسی کردووە باڵوێزی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە هەموو پارچەکان بووە، تەنانەت دۆستەکانی ئەو دۆستی بەوەفای نەتەوەی کورد بوون. ئەو کە بۆ کورد ژیا لە سەر کێلی نوسراوە کە «من مردم کورد نامرێ» هەر بۆیش بۆ ڕێبوارانی قوتابخانەی ڕێبازی قاسملوو خزمەت کردن بە نەتەوەی کورد ئەولەویەتی ژیانە و ئەو وانەیەش گەورەترین وانەیە کە هەر کوردێک دەبێ بیکات بە سەرمەشقی ژیانی خۆی بۆ ئەوەی کورد بە ئامانج بگات.

## فیداکاری لە پێناو ئامانجە ڕەواکان

فیداکاری و شۆڕشگێڕی دوو بابەتی لێکدانەبڕاون، شۆڕشگێڕبوون بە ئەسڵی فیداکارییەوە دەست پێ دەکات؛ فیداکاری لە پێناو ئامانجە ڕەواکانە کە نرخ بە شۆڕشگێڕەکان دەدات. لە هەمووی گرینگتر ڕێبەرایەتی شۆڕش فیداکاری لە خۆیەوە دەست پێ دەکات و دواتر ئەو فیداکارییە لەنێو تاکەکانی گەلدا وەک ئەرک دەبینرێت و گەلەکان بەو شێوەیە بە ئازادی دەگەن یا هەر ئەو وتەی کە دوکتور قاسملوو کە دەڵێ «گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات»

بۆ کوردێک کە لە بنەماڵەیەکی فیودالی دەسترۆیشتووی کوردستان لە دایک بێت و لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی نەک نیشتەجێ بێ بەڵکوو لە بەناوبانگترین زانستگاکان دەرس بڵێتەوە تەنانەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش وەکوو لە عێراق وەک کارناسێکی ئابووری بە هاوکاری وەزارەتی پلاندانان بەشداری لە داڕشتنی پلانی ٢٥ ساڵەی ئابووری و ئاوەدانی وڵاتێک بکات دەتوانێ ژیانێکی ئاسودە بۆ خۆی و بنەماڵەکەی و تەنانەت دەوروبەریشی مسۆگەر بکات و خۆشبژێوی زۆر دابین بکات؛ بەڵام ئەگەر بتهەوێ خزمەتی نەتەوەیەکی ژێردەست بکەی بێگومان دەبێ بەر لە هەموو شتێک فیداکاری بکەی یا ئەگەر ڕێبەرایەتی شۆڕش بکەی شۆڕشگێڕ بی بەر لە هەموو بابەت دەبێ خۆت ژیانی شۆڕشگێڕانە هەڵبژێری. دوکتور قاسملوو دەڵێ: «بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێک گرنگە ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیدیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لە دەستی هاتووە، لە پێناوی شۆڕش، ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەیدا کردوویەتی.» ٥

تەنانەت دوکتور قاسملو یەکێک لە ڕەمزەکانی سەرکەوتن و مانەوەی حیزبی دێموکرات بە فیداکاری هێزی پێشمەرگە دەزانێت. دوکتور قاسملوو بۆ خۆی بەر لە هەموو کەسێک ئامادەی ئەو فیداکارییە بوو، لە وەسیەتنامەیەکیدا کە بۆ خێزانی کردووە دەڵێ:»هەر شتێکی بە ناوی من هەیە، ئەوە هی من نییە، بەڵکوو هەمووی هی (حدکا)یە، بۆیە ئەگەر هات و من مردم یان شتێکم لێ بە سەرهات، خێزانم دەبێت بیانداتەوە بە (حدکا)».٦

هەر بۆیەش بەر لە هەر تاکێک ئێمە کە خۆمان بە ڕێبواری ڕێبازی قاسملوو دەزانین دەبێ لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانمان لە قاسملووە فێر بین فیداکاری بنوێنین، ئەو فیداکارییەش دەبێ هەر تاکەو لە هەر شوێنێک بێ ئەوەی لە دەستی دێت ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی بە ڕزگاری بگەین.

## ڕێزگرتن لە نرخە گەردوونییەکان

کە باس لە کاری سیاسی دەکرێ بەتایبەتی لە دونیای ئێستادا باسی بەرژەوەندییەکان تا سەر دەکرێ و تەنانەت زۆرجار نرخە گەردوونییەکان دەکرێنە قوربانی ئەو بەرژەوەندییانە. تەنانەت ئەو جۆرە سیاسەت کردنە بە مەرجی سەرکەوتن دەزانرێت، بەڵام دوکتور قاسملوو لە هەموو بوارەکاندا نرخەکانی لە سەرەوەی بەرژەوەندییەکان دانا هەر بۆیەش وەک سیاسییەکەی جیاواز دەرکەوت، لە ئەستەمترین حاڵەتەکاندا نرخەکانی پێشێل نەکرد. ئەوەی کە دوکتور قاسملووی وەک سەرکردەیەکی سیاسی بە هەموو دونیا ناساند و تەنانەت تیرۆرکردنیشی نەبووە هۆی لەنێوچوونی بەڵکوو بە بەردەوامی ڕێبازی زیندووی هەمیشەی خۆی مسۆگەر کرد دانانی نرخ لە کاتی کاری سیاسیدا بوو، ئەو کە بابەتێکی وەک دێموکراسی بە باشی دەزانی خۆی بەردەوام ڕێزی لە دێموکراسی گرتووەو سەرەڕای هەبوونی هێز بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکان بڕیارەکانی دێموکراسی بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکانی بە کار دەهینا، ئەو کە باسی لە ئەخلاق لە سیاسەتدا دەکرد، دەیزانی ژینگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دوژمنەکانی دوورن لەو نرخە بەڵام ئەوە نابێتە بیانوو ئێمە کە بزووتنەوەیەکی ڕەوا بەڕێوە دەبەین وەک ئەوان بین هەر بۆیەش تەنانەت لەگەڵ دوژمنیشدا ڕێزی لە نرخەکان گرتووە، کە باسی یەکسانی دەکرێت خۆی پێشقەدەم بووە بۆ پاراستنی ئەو یەکسانییە لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە کە باس لە مافی ژنان دەکرێت خۆی بەر لە هەموو کەسێک باوەڕی قوڵی بەو مافە هەبووەو لە ئاستی جیاوازدا کاری بۆ کردووە، لە کاتێکدا کە تەنیا چەند ڕۆژ بوو دەسەڵات بۆ کوردەکان لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دەگەڕاوە ئەو هەوڵی دا کۆمیتەی یەکێتی ژنان دابمەزرێننەوە.

هوشمەند عەلی لە لێکۆڵینەوەکەی لە سەر ڕۆڵی دوکتور قاسملوو دەڵێ:»خۆ ئەگەر لە هەندێک ڕووەوە زیادەڕۆیی کرابێت لەبارەی ناساندنی کەسێتی د.قاسملوو، ئەوا بێگومانین لەوەیکە د.قاسملوو کەسێتییەکی دیارو بەرزی هەبووە چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە سەر ئاستی دەرەوە. لەمبارەشەوە ئەوەی زیاتر ئەم لایەنەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، ئەو ڕێزلێگرتنە جیهانییەیە لە د.قاسملوو، کە وەک یەکەم کورد لە هەموو مێژووی کوردستاندا کرا بە کاندیدی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بۆ ساڵی ١٩٩٠ ز. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە د. قاسملوو مرۆڤدۆست بوو، ڕێزی بۆ مافی مرۆڤ و مرۆڤەکانی بەرامبەری دادەنا، لە هەمان کاتدا عاشق بوو، بڕوایەکی قووڵی بە ئاشتیی نێوان گەلان هەبوو کە بەکردەوەش بۆ ئەم مەبەستە گرنگە هەوڵی دەدا. جگە لەوەش دژی تیرۆر و ڕەشەکوژی بوو، تیرۆری بە هەموو شێوازەکانییەوە مەحکوم دەکرد و بە کردەوەیەکی دژی مرۆڤایەتیی لە قەڵەم دەدا.» ٧ هەر بۆیەش هەر ڕێبوارێکی ئەو مەکتەبە پێویستە ڕەچاوی نرخە گەردوونییەکان بکات و تەنانەت لە کێبڕکێ سیاسییەکان و هەڵسوکەوتی نێوخۆیی و تەشکیلاتی پرەنسیپی ئەخلاق لە سیاسەتدا ڕەچاو بکات.

## پشوودرێژی و بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشان

دوکتور قاسملوو لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مارک کوارتز ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی لیبراسیۆن دەڵێ: «کوردەکان هەرگیز دەست لە خەبات بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان هەڵناگرن. ئێمە لە دژی ڕێژیمی شا خەباتمان کرد و ئەگەر ڕێژیمی نوێ پێداگربێت لە پێشێلکردنی مافە ڕەواکانی ئێمە، لە دژی ئەویش لە خەباتەکەماندا بەردەوام دەبین. ئازادیخوازی بووە بە بەشێك لە ژێنێتیکی ئێمە». پشوودرێژی لە شۆڕشدا و بەردەوامی لە سەر خەبات یەکێک لە ڕەمزەکانی بە ئامانج گەیاندنی هەر شۆڕشێکە، دوکتور قاسملوو ئەزمونی تاڵی ڕووخانی کۆماری هەست پێکردبوو لە قوناغەکانی دواییشدا بەردەوام بەرەوڕووی سەختییەکان بووە و درێژەی بە خەباتی داوە بۆ ئەوەی بتوانێ ڕزگاری میللەتی کورد بە دەست بێنێت هەر وەکوو بۆخۆی دەڵێ: خەبات بۆ ئازادی لە ژێنتیکی هەر کوردێک و بە تایبەتی ڕێبەری نەمرمان هەیە. لە زۆر قوناغدا کە لەوانەیە هەر سیاسییەکی دیکە هەستی بەوە کردبێت ئیتر بە کۆتایی ژیانی سیاسی گەیشتووە بەڵام دوکتور قاسملوو تا ئەوکاتەی لە ژیاندا مابوو بەردەوام بە دوای دیتنەوەی ڕێگایەک بۆ بەردەوامی بە خەبات بوو. بۆ ئەو خەبات لە ئورووپا، لە ماڵە نهێنییەکانی تاران و مەهاباد، لە شاخە ئەستەمەکانی کوردستان یا لە ئاوارەییدا بە شێوازی جیاواز هەر وجوودی هەبوو و بەردەوام بوونی لەو ڕێگایەشدا وای کردبوو کە سەرکەوتنی زۆر بە دەست بێنێ. بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری نەتەوەی کورد پێویستە لە قاسملوو پشوودرێژی و بەردەوامی لە سەر ڕێبازی شەهیدان فێر بین تەنانەت ئەگەر بەرهەمی ئەو خەباتە بۆ نەسڵەکانی دواتر بێت.

## کوردایەتی و کوردبوون

ئەو چەند ڕەهەندەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا تەنیا قەترەیەک لە دەریای وانەکانی قاسملوو بوون کە بۆ هەر شۆڕشگێڕێک پێویستە بۆ ئەوەی وەک کوردێک بۆ خزمەت بە کوردایەتی ئەنجامی بدەین بۆ ئەوەی لە بەرانبەر خاک و نیشتمان و ویژدانماندا سەربڵیند بین. دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە ماوەیەکی دوورودرێژ لە دەرەوە ژیانی کرد، وەکوو شارۆمەندێکی جیهانی بیری دەکردەوە و خۆی بە دۆست و برای گەلانی دونیا دادەنا و سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بە هۆی ستەمی داگیرکەرانەوە چۆبووە نێو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان، بەڵام هیچ کات کورد و کوردستانی لە بیر نەکرد لە هەر شوێنێک کە ژیابێت بۆ کورد و کوردستان ژیا و ئاسودەترین کاتەکانیشی لە شاخەکانی کوردستان لە دۆخێکی دژوار بەڵام لە سەر خاکی باب و باپیرانی بە سەر برد. لە سەر هۆگری بۆ خاک و باپیرانی دەڵێ: «من بە ڕاستی زۆر خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە لە نێو خەڵکی خۆمان و ئەندامانی حیزب و پێشمەرگەدام. وڵاتی دیکە زۆر خۆشن زۆر جێگای خۆشیش لەو دونیایەدا هەیە. بەڵام بۆ من هیچیان بە قەد نیشتمانی خۆمان خۆش نین و هەموو جارێک کە دەگەڕێمەوە هەست بە خۆشحاڵییەکی یەکجار زۆر دەکەم و کە دەگاتە ڕۆژەکانی ئاخری سەفەرەکەم کەمێکیش بە پەلەم کە هەرچی زووتر بگەڕێمەوە نێو هاوڕێیان و پێشمەرگەکان و گەلی خۆمان.»٨

کوردانە ژیان کردن و کوردایەتی کردن لە ژیانی دوکتور قاسملوو بە جۆرێک ڕەنگی دابوویەوە کە وێڕای بەڕێوەبردنی ئەرک شانازیەکی گەورەش بوو، بە شانازییەوە بەڕێوەبردنی ئەرکی کوردایەتی سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکانەوە هەستێکی دیکەیە کە دەبێ لە قاسملووەوە فێر بین.

سەرچاوەکان

١ _ خولیا و مەرگی قاسملووی کورد. کارۆل پڕوونهوبێر
٢ _ عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا
٣_ قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە
٤_ خولیا و مەرگی قاسملووی کورد. کارۆل پڕوونهوبێر
٥_ عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا
٦_ هەمان سەرچاوە
٧_ هەمان سەرچاوە
٨_ قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە

کوردستان

# قاسملوو، دیپلۆماتی سەردەم و سیاسەتمەداری کورد



ناسر سالْحی ئەسڵ

دیپلۆماسی، زانست و هونەری نوێنەرایەتی وڵاتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و حیزبەکانە بۆ دانووستان و وتوویژ لە ڕێگەی دەزگایەکی دیاریکراو کە لە چەند نێردراوێکی دیپلۆمات پێک دێت. هەر لە مێژووی کۆنەوە بۆ یەکەم جار وشە و مانای دیپلۆماسیی لەلایەن کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانەوە لە ڕێگای نوێنەرانەوە، یەکە سیاسی و جوگرافیاییەکان پێوەندییان بە یەکەوە هەبووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوانیان یان زەمینە خۆشکردن بۆ ڕێککەوتنی دوو لایەن یان چەند لایەن؛ کەوابوو کاری دیپلۆمات لە دانوستان و وتووێژێکدا ئەوەیە کە کێشە و گرفتەکان لە نێوان دەوڵەتان، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و حیزبەکان چارەسەر بکات. لە کاری دیپلۆماسیدا کەسی دیپلۆمات دەبێ هێندێك تایبەتمەندیی وەك: ئاشتیخوازیی، شارەزایی و پسپۆڕیی لە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان، بە توانا و خوو و ڕەوشتی بەرز، ناسینی فەرهەنگ و داب و نەریتەکان، خاوەن هەڵوێست و زمانزانی و زیرەکی و ڕاستگۆیی و ڕێك وپێکی و ڕووناکبیر و زۆر تایبەتمەندی دیکەی هەبێت.

لە مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداری گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەر لە سەردەمی شێخ عوبەیدووڵڵا نەهری و هەمزەئاغای مەنگوڕەوە بگرە تا دەگاتە سمایل ئاغای سمکۆ و کۆماری کوردستان و شەخسی پێشەوا قازی محەممەد، کورد هەوڵی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و پرسی مافی نەتەوایەتی لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە ڕێگەی دیپلۆماسی و دانوستان کەڵک وەربگرێت.

زۆر جار دانوستان و وتوویژ بە تێچووی قورسی گیانی و شەهیدکرانی بە فرت و فیڵی، ڕێبەرانی کورد تەواو بووە. لە بەڕێوەبەرایەتی کۆماری کوردستاندا، هەڵوێستی پێشەوا قازی لە مەیدان و گۆڕەپانی دیپلۆماسیدا دەبینین کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆمارەوە تا ڕۆژی لە سێدارەدان، پێشەوا قازی باوەڕی بە دانووستان و وتووێژ هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و تەنانەت لەگەڵ حکوومەتی میللی ئازەربایجانیش.

لەو پێناوەشدا بۆ بە ئەنجام گەیاندن و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد، چەندین جار سەردانی تارانی کرد و لەگەڵ بەپرسانی حکوومەتی پەهلەوی دانیشتن و دانوستانی کرد.

لە هەمان کاتیشدا پێشەوا پێوەندیی پتەوی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و حیزبە ئێرانییەکان هەبووە.

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، خەباتی و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێی نایە قۆناغێکی دیکەی تێکۆشانەوە. عەبدولڕەحمان قاسملوو یەکیك لەو ئەستێرە درەوشاوانەی ئاسمانی کورد و کوردستان بوو، کە بوو بە پێشەنگی خەباتگێڕان و شۆڕشگێڕانی کورد لە کوردستان. قاسملوو هەر لە مێرمنداڵییەوە پێوەندی پتەوی لەگەڵ بزاقی گەلی کورد هەبوو. هەر زوو بیروباوەڕ و ئەندێشەی ئازادیخوازانە لە مێشك و دەروونیدا شکڵی گرت. کاتێك محەممەدئاغای باوکی لەگەڵ چەندین کەسایەتی کورد لە سەفەری ڕەسمی یەکیەتی سۆڤیەت گەڕایەوە، دەڵێ: «ئەو کات تەمەنم ١١ ساڵ بوو، بەڵام وەك زۆر منداڵی دیکەی کورد، سیاسەت سەرەنجی ڕاکێشابووم. بابم یەکێك لە ئەندامانی شاندی کورد بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ گەڕایەوە یەك تا قەند و تاپڕێکی باشیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لەگەڵ ئەوەی من ئەو کارەی بابم زۆر پێ سەیر بوو. چونکە ئەوان وەك دیپلۆماتی کورد چبوون بۆ باکۆ تا یەکیەتی سۆڤیەت ببێتە پشت و پەنای کورد بۆ ئەوەی لە مافەکانی گەلی کورد پشتیوانی بکات! بۆیە من ڕاست و ڕەوان لە بابم پرسی ئەدی مافی کوردان چێ لێهات»؟؟

ئەندێشە و هزری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، هەر لە سەرەتای کاری سیاسییەوە وەك کەسایەتییەکی دیپلۆمات، بریتی بوو لە ناساندن و بەنێونەتەوەیی‌کردنی کێشەی کورد بە وڵاتان و گەلانی جیهان بۆ پشتیوانکردنی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد بە گشتی و نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی، بە شێوەی ئاشتیخوازانە و لە ڕێگای دانوستان و وتووێژەوە.

قاسملوو گەورەدیپلۆماتی کورد، کەسایەتییەکی واقێعبین و ڕێئالیست بوو. هەر بۆیە وەك یەکەم مێعماری پێوەندییە گشتییەکانی خەباتی سیاسی هاوچەرخی کورد، توانی بە کردەوە بناغەی بنەماکانی دیپلۆماسی کوردی بە زمان و شکڵێکی سەردەمیانە و دێموکراتیك دابڕێژێت. دوکتور قاسملوو بۆ پێناسەکردنی سیاسەت و دیپلۆماسی کوردی فەرموویەتی: «لە سیاسەتدا ڕەش و سپی نییە ! هەموو شتێ یا هیچ شتێک، هەر کەس ئاوا سیاسەت بکا سەر ناکەوێ. با ئێعتراف بکەین کە لە تاریخی میلەتەکەماندا سیاسەتەکە ئەوە بووە ، یا هەموو شتێ یا هیچ شتێک ... نەتیجەکە بووەتە چی ؟! بووەتە «هیچ». لە سیاسەتدا زۆر جار هەیە دوو هەنگاو دەچیتە پێش ، شتێک وەردەگری .دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دیکە، ئەوە سیاسەتە و ناویان ناوە هونەری مومکین. نەک ئەوەی خەیاڵی و لە خەیاڵی خۆتدا شتێک دانێی. ئەوەیکە بە واقعیی جێبەجێ دەبێ ئەوە «سیاسەتە»، ئەوەی دیکە شێعر و خەیاڵاتە، شێعر و خەیاڵات قەدەغە نییە بەڵام بە شێعر و خەیاڵات کاری سیاسی ناکرێ».

دوکتور قاسملوو لە ماوەی ژیان و خەباتی سیاسیدا بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی خۆیەوە بە شێوازی جۆراوجۆر توانی، بیروباوەڕ و هەڵوێستی خۆی و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەی دیپلۆماسی سەردەم و مودێڕن، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی بەتایبەت لەلای حیزبە سوسیالیست و دێموکراتەکانی ئورووپا باس بکا و کێشەی کورد بە جیهانی بکات.

ئامانجی بەشداریی کردنی دوکتور قاسملوو، لە دانیشتن لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا، ناساندن و شیکردنەوەی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد و بێبەشبوونی نزیك بە ٤٠ میلیۆن کورد لە مافە سەرەتاییەکانی و بانگخوازیی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ بووە.

ئەم هەوڵدانەی قاسملوو لای بەشی زۆری ڕووناکبیران و تێکۆشەر و ڕۆژنامەنووسانی ئورووپایی و ئامریکایی و تێکۆشەرانی سیاسی پارچەکانی دیکەی کوردستان، جێگای سەرنج بوو. هەر بۆیە لە هەموو دەرفەتەکان بۆ بەشداریی کردن لە سیمینار و کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال و حیزبە سوسیالیست و دێموکراتەکانی ئورووپادا کەڵکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی کێشە و مەسەلەی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد شی کاتەوە و بیناسێنێت و دوست و پشتیوانی سیاسی بۆ پەیدا بکات. بە هەوڵ و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك یەکەم حیزبی کوردی بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی جیهانی ئینترناسیونال کە ڕێکخراوەیەکی جیهانییە و بە سەدان حیزبی سوسیالیستی جیهانی تێدا ئەندام بوون و بەشێکیان لە دەسەڵاتدا بوون.

دوکتور قاسملوو لە درێژەی هەوڵە دیپلۆماتیکەکانیدا ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکی هەبوو، بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی پاریس. ئەو کۆنگرەیە قەرار بوو کێشەی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا تاوتوێ و شرۆڤە بکا و ڕێگاچارەی بۆ دەستنیشان بکات بەڵام بەداخەوە خولیا و خەونە مەزنەکەی کە بەڕێوەچوونی کۆنگرەی پاریس بوو بە چاوی خۆی نەبینی. ب

ەڵام پاش تێرۆرکرانی لە لایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، ئەو کۆنگرەیە بە ناوی قاسملووی شەهید ناودێر کرا و بە سەرپەرستی و سەرۆکایەتی مادام دانییەل میتران و بەشداریی یار و جێگرە وەفادارەکەی، دوکتور سەعید شەرەفکەندی لە پاریس بەڕێوەچوو. لە ئاکامدا کۆنگرەی پاریس خولیا و خەونە کەسکەکەی قاسملووی مەزنیان وەدیهێنا و بە پێداگری کردن لەسەر مەسەلەی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی، پێداگری لە سەر باوەڕ و ئەندێشەکانی قاسملووی ڕێبەر کرایەوە کە چۆن لە پاش ئاگربەستی شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە دووتوێی نامەیەکدا بۆ سکرتێری گشتی ئەو کاتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، باسی لەوە کرد کە بە بێ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد، ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەقامگیر و بەرقەرار نابێت.

لایەنێکی دیکەی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی گەورەدیپلۆماتی کورد دوکتور قاسملوو خەباتی پارلمانی بوو. لە سەردەمی دەسەڵاتی دوکتور موحەممەدی موسەدیق لە ساڵی ۱۳۳۲ی هەتاویدا بە هیممەتی قاسملوو و هاوڕێیان لە حیزبی دێموکراتدا، توانیان بە کاندیداکردنی سارم خانی سادق وەزیری وەك کاندیدای حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لە هەڵبژارنی مەجلیسی شوورای میللی، خولی ١٤ لە شاری مەهاباد بەشداریی بکەن. لە ئاکامدا کاندیدای حیزبی دێموکرات دەنگی زۆربەی خەڵکی مسۆگەر کرد، بەڵام ئیزن بە کاندیدا هەڵبژیردراوەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەدرا بچێتە مەجلیسی شوورای میللی و بە جێگای نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکی مەهاباد، مەلایەك بە ناوی جەماڵ ئیمامی لە تارانەوە لە لایەن ڕێژیمی حەمەڕەزاشا وەك نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی شوورای میللی دیاری کرا.

هەروەها لە سەردەمی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیشدا هەر چەند هەر لەسەرەتاوە ڕێژیمی خومەینی دژایەتی لەگەڵ گەلی کورد دەست پێکرد و بە ڕشتنی خوێنی کوردان و دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە لایەن خومەینییەوە دژ بە نەتەوەی کورد ناوەرۆکی خۆی بۆ هەموو لایەك دەرخست بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی دوکتور قاسملوو، لە خولی یەکەمی مەجلیسی مۆئەسسانی یاسای بنەڕەتیدا خۆی لە پارێزگای ورمێ کاندید کرد و وەك نەفەری یەکەم لەو پارێزگایە دەنگی زۆرینەی خەڵکی مسوگەر کرد. بەڵام بە هۆی هەڕەشەی خومەینی، دوکتور قاسملوو لە کردنەوەی مەجلیسی موئەسسانی یاسای بنەڕەتی ئێراندا بەشداری نەکرد.هەروەها کاندیداکانی حیزبی دێموکرات لە خولی یەکەمی مەجلیسی شوورای میللی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بەشداریی کرد و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان نوینەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردیان مسۆگەر کرد بەڵام ئیزن بە هیچ کام لە نوێنەرانی هەڵبژیردراوی خەڵکی کوردستان لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی نەدرا کە بەشداریی کرانەوەی مەجلیسی شوورای میللی ئێران بن.

هەر چەند دوکتور قاسملووی ئاشتیخواز، هەر لەسەرەتاوە نیازپاکی خۆی بە کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی نیشان دا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بە شێوەی وتوویژ و بەناردنی شاندی دانوستانکار لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی هەوڵی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکانی لەگەڵ ڕێژیمی تازەبەدەسەڵات گەیشتوو دا، بەڵام کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان بە دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد نەبوو و بە فتوای جیهاد وکوشتار وئێعدام و هێرشی نیزامی وڵامی داخوازییە ڕەواکانە گەلی کوردییان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دایەوە.

ئازادیخوازانی دێموکرات لە جیهانی پێشکەوتوو و مودێڕندا دوکتور قاسملووی نەمر بە یەکێك لە ڕێبەرانی دێموکرات و ئازادیخواز دەزانن و دەناسن و بە هێمای ئاشتی و دێموکراسی دادەنین. بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە کاندیداکردنی دوکتور قاسملوو بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبڵە، کە خەڵاتێکی جیهانییە. شەهید دوکتور قاسملوو لە لایەن ئەنجوومەنی دۆستانی کورد لە ئوتریش لە ساڵی ۱۹۸۹ بە تێکرای دەنگ وەك کاندیدا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئاشتیدا کاندیدا کرد و دایان بە کۆمیتەی بەربژێرەکان بۆ وەرگرتنی پرس و ڕای دەیان کەسایەتی جیهانی تا بزانن دوکتور قاسملوو شایانی ئەوەیە ببێ بە بەربژێر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ.

ئەوەبوو کە ئەنجوومەنی دۆستانی کورد هەموویان دووپاتی لێهاتوویی و شایستەبوونی ئەوەیان کردووە کە بەڵێ دوکتور قاسملوو شایانە و کەسایەتییەکی دێموکرات و ئاشتیخوازە لە جیهاندا. ئەگەرچی ئەو خەڵاتە درایە نێلسۆن ماندێلا سەرۆکی کۆنگرەی ئافریقای باشوور، بەڵام بەربژێرکردنی دوکتور قاسملوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، شان بە شانی کەسانی وەك ماندێلا و میخائیل گۆرباچۆف و دەیان کەسایەتی دیکە، خۆی لە خۆیدا واتایەکی گەورەی هەیە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە قاسملووش چی لەو کەسایەتییانە کەمتر نییە و ئەویش بۆ ئاشتی تێکۆشاوە و گیانیشی لە پێناو وشەی دیپلۆماسی، مێزی وتوویژ و ئاشتی و دێموکراسی بەخت کردووە.

# دوکتور قاسملوو
# وەک بیرمەند و شۆڕشگێڕێکی «هاوچەرخ»



**زاگرۆس**

کاتێک لاپەڕەی ژیانی گەورەپیاوان و ئەوانەی توانیویانە کاریگەریی ئەرێنی لە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی و کۆمەڵگای خۆیان بەتایبەتی دابنێن؛ هەڵدەدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ هەر یەکەی خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکن کە لە وجوودی مرۆڤە ئاساییەکاندا، یان هەر بوونی نییە، یان بە هەڵکەوت دەبیندرێ. گەر بمانهەوێ ڕاوەستە لەسەر خاڵە ئەرێنییەکانی ئەو کەسایەتییانە بکەین، بەبێ هەبوونی پشتیوانەیەکی فکری — فەلسەفی، ڕەنگە نەتوانین بەو جۆرەی کە دەبێ مافی خۆیان بدەینێ. دیارە مەبەستی ئێمەش باسی بیۆگرافی نییە، بەڵکوو گەرەکمانە باسی کەسایەتییەکی هەڵکەوتە، بیرمەند و شۆڕشگێڕێکی گەورەی نەتەوەکەمان بکەین کە ڕەنگە مێژووی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بە گشتی و ئێران و کوردستان بەتایبەتی، زۆر بە کەمی لەمجۆرە کەسایەتییانەی بەخۆوە بینیبێ.

دوکتور قاسملوو لەو دەگمەن کەسایەتییانەیە کە مرۆڤایەتی زۆر زوو لە دەستی دا و کەلێنێکی گەورەی لە بزاڤی ئازادیخوازانەی ئەم ناوچە لێوانلێو لە ئاریشەیەدا، بە لەدەستدانی چێ کرا و ڕەنگە هیچکاتیش جێگەی پڕ نەبێتەوە. تەنیا ئەوەی لەو گەورە بیرمەندە شۆڕشگێڕە بۆمان بە میرات ماوەتەوە، کۆمەڵێک کتێب و نووسراوەی بەکەڵک، پشوودرێژی لە خەبات دژی دیکتاتۆری و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک و کۆمەڵێک ڕەفتار و کردەوەی ئایرۆنیستانەیە لە جیهانی سیاسەتدا، کە گشتیان هەڵقوڵاوی بیری تیژ و وردی ئەو مرۆڤە مەزنەن. بەلای ئێمەوە تێفکرینی دوکتور قاسملوو بۆ دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا، بە تایبەت تێفکرینە ڕەخنەییەکانی بۆ بابەتەکانی وەک فەلسەفە، سیاسەت، فەرهەنگ، ئابووری، کۆمەڵناسی و ... زۆر لە «مەکتەب فرانکفۆرت»ییەکان نیزیکە و بە سەرنجدان بەوەیکە بۆخۆشی ماوەیەکی زەمانی زۆر وەکوو ئاکادیمیستێکی ڕووناکبیر و چەپێکی ئاکتیڤ، لە ناو جەرگەی ئاریشە قووڵەکان و مشتومڕی ڕووناکبیرانی ئەورووپاییدا ژیاوە، کارلێکیان، وەک بابەتێکی سروشتی دێتە بەر چاو. بۆیە زۆرجار دەبینین دوکتور قاسملوو لە گۆشەنیگای ڕەخنەگرانەی ئەوانەوە دەڕوانێتە پێکهاتەی بیری چەپی ڕادیکاڵ و مارکسیزمەوە، هەر بۆیە گەر بتهەوێ دوکتور قاسملوو بناسی، دەبێ «مەکتەب فرانکفۆرت»ییەکان بە باشی بناسی. دوکتور قاسملوو لە شیکردنەوەی کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزمدا ئاوا باسی ئازادی و کەسایەتی مرۆڤ دەکات و دەڵێ:

« ... ڕەنگە کەسێک بڵێ لە سوسیالیزمدا خەڵک خانوویان هەیە، ترۆمبێلیان هەیە و ناچەوسێندرێنەوە، بە زمانی خۆیان دەخوێنن و دەنووسن، ئیتر ئازادییان بۆچییە؟

هیچ نێعمەتێک لە جیهاندا لە ئازادی بەنرختر نییە. ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان و ڕێگا نادات بکرێ بە مۆرە. کورتی دەکەینەوە سەرمایەداریی سەنعەتی ئینسانی کردووە بە مۆرە و بە ئالەت، ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتە دەر. ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ.»

مرۆڤ کاتێ ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دەخوێنێتەوە، جگە لە بۆچوونی «مەکتەب فرانکفۆرت»ییەکان، کە لەگەڵ بۆچوونەکانی «ئێریک فرۆم» لە کتێبی «هونەری عیشق بەشینەوە« و «هابێرماس» لە کتێبی «ڕەخنە لە بەستێنی گشتی» و «هانا ئارێنت» لە کتێبی «ئاخێزگەکانی تۆتالیتاریزم»دا، بەراوردی دەکات، شک و گومانێک نامێنێ کە دوکتور قاسملوو بە وردی لەگەڵ بیری ئەو بیرمەندانە ئاشنا بووە و وەک کوڕی دەورانی خۆی و مرۆڤێکی «هاوچەرخ» و بیرمەند، هەر دوو بلووک، واتە سەرمایەداری لە بەر بەرژەوەندیخوازی و بە ئامرازێک بینینی مرۆڤ و بە مۆرە کردنی و بەرەی سوسیالیزمیش لەبەر نەبوونی «ئازادی» بە توندی داوەتە بەر ڕەخنە و ئەو ڕەخنە توند و مێتۆدمەندانەی تا ناو جەرگەی چەپی ئێرانی و کوردستانی هێناوە و گۆمی مەندی ئەوانی شڵەقاندووە و لە ئاکامیشدا دەرکەوت کە دوکتور قاسملوو چەندە کۆمەڵناس — سیاسەتمەدارێکی بە توانایە.

کاتێک باسی ڕەخنەی دوکتور قاسملوو لە دوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە بەر هۆکارەکانی سەرەوە دێنینە بەرباس و لە ناوخۆی حیزبیشدا باسی گێڕانەوەی سەربەخۆیی بڕیاردان دەکەین، کە هەر سێ خاڵ پێویستیان بە زیرەکی سیاسی و شەهامەتی بڕیاردان هەیە، پێویستە ئاوڕێک لە بۆچوونی «ناوەختە«ی، «نیچە«، بدەینەوە کە «جۆرجیۆ ئاگامبێن» بەوردی کاری لەسەر کردووە.

ئاگامبێن لە وتاری «هاوچەرخ چییە؟»دا پرسیارێکی گرینگ دێنێتە بەر باس کە «هاوچەرخ بوون بە چ مانایەکە؟» لە هەناوی ئەم پرسیارەدا پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدات کە «پرسیار کردن چییە و چ کاراییەکی دەتوانێ هەبێ؟» و بە چ شێوەیەک بیرمەند و لێکۆڵەرێک دەتوانی پرسیار لە دەوران و زەمانەی خۆی بکات؟ بە وتەیەکی تر گەر لامان وابێ کە زەمان دیاردەیەکە کە دەبێ بیشکێنین، لەو شکاندنەدا چ کارەساتێک دێتەئاراوە؟

ئاگامبێن بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارانە دەچێتە لای «نیچە« و لە بۆچوونی «ڕاوەستەی ناوەختە« کەڵک وەردەگرێ، کە بەلای «نیچە«وە «هاوچەرخ بوون»، یانی «ناوەختە بوون» و لای وایە دەرگیربوون لەگەڵ زەمانە، دیاردەیەکی «ناوەختەیە.» «ناوەختە»، یانی لەگەڵ عادەتە ڕۆژانەییەکان نەسازان، کەوابوو مرۆڤی «هاوچەرخ» بۆی هەیە پرسیار بکات کە ئەوەی وەک بابەتێکی پڕبایەخ ناسراوە، ئەو بایەخەی لە کام سەرچاوە وەرگرتووە؟

نیچە دەڵێ: «ئێمە گشتمان تێوەگلاوی تەبی مێژووین، هەر ئەوەش هۆکاری ڕەنج و کوێرەوەری ئێمەیە.» لێرەدا پرسیارێک دێنێتە ئاراوە کە چی بکەین تووشی ڕەنج نەبین؟ لە وڵامدا دەڵێ: «دەبێ لەگەڵ دەورانی خۆت حیسابت پاک کەیەوە و بە سیفری بگەیەنی و تەکلیفت لەگەڵ دەورانی خۆت ڕوون کەیەوە و هەڵوێست بگری و ئەم هەڵوێست گرتنەشت نابێ هاوتەریبی خەڵکانی ئاسایی بێ و دەبێ بە دوور لە نەزمی هێژمۆنیک و داسەپاو و گوتاری زاڵی کۆمەڵگا بێ.

دوکتور قاسملوو بەپێچەوانەی نەزمی مەیوی سیستمی مارکسیستی باوی ئەوکات، باسی سوسیالیزمێک دەکات کە ئازادی لەگەڵ بێ و تەنانەت لە دژی دەستێوەردان و هێرشی نیزامی یەکێتی سۆڤییەتی جاران بۆ چێکۆسلۆڤاکیا هەڵوێستی توند دەگرێ و باجەکەشی کە ئەستاندنەوەی پۆستی مامۆستایەتی زانکۆ و دەرکردنی بوو دەدات.

ئاگامبێن بە هاوکاری بیر و ئەندێشەکانی نیچە دەڵێ: «مرۆڤی هاوچەرخ مرۆڤێکە کە بە ڕادەیەک لە مێژوو دەکشێتەوە و مەودای لەگەڵ دەگرێ، کە بتوانێ ببینێ»، بە وتەیەکی تر «هاوچەرخ بوون»، یانی هەل و دەرفەتی بینینی دەوران و ئەوەندەی مەودا لەگەڵ بگرێ کە هاسان بتوانێ لە دەرەوەڕا زەمانەی خۆت ببینی. لە ڕاستیدا دابڕان و مەودا پەیداکردن لە نەزمی جێگەی باوەڕ، خاڵی سەرەتای جووڵەی فکرە، یەکێک لەو ئاراستانەی بیرمەندانی گەورە کەڵکیان لێوەرگرتووە، مەودا و دابڕان لە دەورانیان بووە. بەم پێیەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، دوکتور قاسملوو بەو هەمووو «ناوەختە«، هەڵوێست گرتنەی یەکێک لە تۆخترین «هاوچەرخ»ەکانە و جێگەی شانازی گشت ئازادیخوازان و نەتەوەی کوردە.

**وێــــستگە**

## ئێـــران
## گەورەترین زیندان بۆ ژنانە



**نووسین: هێــمۆ**

ئازادیی تاک و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ دوو لە گرینگترین فاکتەرەکانی ژیانێکی سەردەمیانە و ستاندارد بۆ تاکەکانی کۆمەڵگایە.

دوو فاکتەر کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا وەکوو پێویستیی چاویان لێدەکرێت و هەموو هەوڵەکان دەخرێنە گەڕ تاکوو ئەم دوو فاکتەرە جێگای خۆیان بگرنەوە و تاکەکانی کۆمەڵگا بە باشترین شێوە و بە بێ ئەوەی کەڵکەڵەی نەبوونی ئەم فاکتەرانەیان هەبێت، هەوڵی سەرکەوتنی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دەدەن.

لە ڕاستیدا لەم کۆمەڵگایانەدا مسۆگەرکردنی ئازادی و پاراستنی کەرامەتی مرۆیی ئەبن بە دوو پلە لە پلیکانەکانی سەرکەوتنی تاک و زیاتر ورەی بەردەوامیی پێ دەبەخشن.

ئەمە لە وڵاتانی دواکەوتوو و نەریتی و کۆمەڵگای جیهانی سێهەمدا ڕێک بەپێچەوانەیە. نە ئازادی هەیە و نە کەرامەتی مرۆڤیش دەپارێزرێ!

کاتێک مرۆڤ هەست بە ئازادی نەکات ناتوانێ بە ئاسانیش داوای مافەکانی بکات و ئەگەریش مافەکانی مسۆگەر نەبن ئەوە جیا لە مرۆڤێکی دوورەپەرێز و خەمۆک هیچ شتێکی دیکەی لێ شین نابێت.

ناکرێ باس لە دوو فاکتەری گرینگی لەو چەشنە بکرێت بە بێ ئەوەی کە ئاوڕێک لە دۆخی ژنان بەتایبەت لەم بوارەدا بدرێتەوە، جا لێرەشدا ژنانی دوو کۆمەڵگای پێشکەوتوو و دواکەوتوو ڕێک لە دوو جەمسەری جیاواز و دژ بە یەکدا جێگا دەگرن.

ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو، بەهۆی هەبوونی بەستێنی گونجاو بەردەوام گەشە دەکەن و نەسڵ لە دوای نەسڵ شتی تازە دەخوڵقێنن، لە ئازادی تێدەگەن، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان هەوڵ دەدەن، کەرامەتی خۆیان دەپارێزن و لە بەرانبەر هەر شتێکدا کە زیان بەو کەرامەتە بگەیێنێ ڕادەوەستن، بەڵام بەپێچەوانە، لە وڵاتانی پاشکەوتووی جیهاندا، ژنان بەردەوام سەرکوت دەکرێن، زانیارییەکیان سەبارەت بە ئازادییەکان و مافەکانیان نییە، هیچ پێناسەیەک لە کەرامەت نازانن و هەربۆیە بەئاسانی دەکەونە بەر هێرشی پێشێلکەران و لەبەرچاو ناگیردرێن.

لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکیی ئەم ژنانە ئەوەیە کە هیچ ناوەند و دامودەزگایەکی دەسەڵاتەکە هەوڵی نەداوە کە پەروەردەیان بکات، هەوڵی نەداوە لە مافەکانیان تێیان بگەیێنێ، لە ڕاستیدا ئەو دەسەڵاتە هەوڵی نەداوە و نادات کە تاکەکان و بەتایبەت لە ژنان لە مافەکانیان ئاگادار بکاتەوە چونکە پێش لە هەموو کەس زیان بە خۆی دەگەیێنێت.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم دەسەڵاتەیە، کە ڕوون و ئاشکرا ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە بەمەبەستی سەپاندنی ئیدئۆلۆژیی خۆی بە سەر خەڵکدا و بەردەوامی لە سەر کورسیی دەسەڵات، جیا لە هەموو چەشنە سەرکوت و ئازار و ئەشکەنجەیەکی خەڵک بۆ سەپاندنی دەسەڵاتەکەی خۆی بە سەریاندا، لە ڕێگەی پەروەردە و میدیاکانیشەوە هەوڵی داوە تاکێکی ئیدئۆلۆژیک و باوەڕمەند بە بیری خۆی پەروەردە بکات.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە تاکێکی گوێڕایەڵ بار بهێنێ کە جیا لە گرینگیدان بە بایەخەکانی کۆماری ئیسلامی بیر لە هیچ شتێکی دیکە و لەوانە مافەکانی خۆی نەکاتەوە.

کەوایە لەم دەسەڵاتەدا ئەوەیکە ڕووی داوە، پەروەردەیەکی سیستماتیکی ئیدئۆلۆژیکە کە چەمکەکانی ماف، یەکسانی، ئازادی، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆیی لە هیچ قامووسێکیدا بەرچاو ناکەوێت.

ئەو کەسانە و بەتایبەت ئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگای ئێراندا و لە ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ڕێژیمی ئێراندا دەرسیان خوێندووە و ژیانیان کردووە باش دەزانن کە چەوساندنەوە، هەڵاواردن و سانسۆرکردن و پێشێلکردنی کەرامەت و ماف بە چ مانایەکە.

هەر لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنەوە هەتاکوو زانکۆ و دواتریش بازاڕی کار و کۆمەڵگای ژیانی ئاساییش لەگەڵ کۆمەڵێک هەڵاواردن دەست پێدەکات کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر داهاتوو و ژیانی تاک و بەتایبەتیش ژنان دەبێت.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ژن وەکوو کەرەستە چاوی لێدەکرێت هەر بۆیە یاساگەلێکی بە سەرداسەپاوی وەک ژن بە ژنە و دیەی نیوەی پیاو، میراتی نیوەی پیاو و بە دەیان یاسای دژە ژنی دیکە، دەبنە هۆی خۆبەکەمزانینی ژنان و لە هەڵگرتنی هەنگاوی کردەیی بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن خۆدەبوێرن.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە داسەپاندنی یاسا و عورفی نارەوا بە سەر تاکەکان و بەتایبەتیش توێژی ژناندا بووەتە یەکێک لە گەورەترین زیندانەکان بۆ خەڵکانی ئێران و لە هیچ تاوانێکیش بەرانبەر بەم خەڵکە سڵ ناکاتەوە؛ بۆیە بەکورتی دەتوانین بڵێین تا دیل نەبیت بیر لە ئازادی ناکەیتەوە، شاعیروتەنی:

بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ، قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە.

کەوایە ڕاستە کە ئێران زیندانێکی گەورە بۆ ژنانە بەڵام بیری ئازادی هەر لەوێوە دێتە دەر و بەدڵنیاییەوە بە هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوونی ژنان، زنجیری کۆیلەتی دەپسێ و داهاتوویەکی باشیش مسۆگەر دەبێت.

# ڕێبەری مەزن

سۆران شەمسی

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا کەسێک یان کەسانێک هەن کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ خەبات و شۆڕش لە ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەکەیان تەرخان دەکەن، هیچ نەتەوەیەک لە هیچ جێگایەکی ئەم زەوییە، ئەو کەسە خۆنەویست و شۆڕشگێڕانەی خۆی بۆ ساتێکیش لەبیر ناکات، لە مێژووی گەلی کوردیشدا کەسانێک بەو پێناسەیە هەن، دەتوانین بۆ شۆڕشگێڕی و خۆنەویستی لەناو گەلەکەماندا ئاماژە بە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بکەین.

سالڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو هەلێکی باشە بۆ دووبارەناسینی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو و سەرلەنوێ خوێندنەوەی بیری سیاسیی ئەو کەسایەتییە مەزنەی مێژووی ئەم سەدەی کورد و فێربوون لێی بۆ شرۆڤەکردنی بارودۆخی ئەمڕۆی وڵات و داخوازی و ویستە ڕەواکانی خەڵک.

تێبینی دوکتور قاسملوو لەڕاستیدا لێکگرێدەری دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێی کۆمەڵگای ئێمەیە، ئەو ڕابردووی بە ئێستای ئێمەوە گرێ دا، بە شێوەیەک کە ئێستا بە بوونی تیشکی تێڕوانین و ڕێبازی ئەو، خەڵک ڕێگای خۆیان دیتووەتەوە و ڕێگا و ڕێبازی داهاتوومان دیارە و ڕێگامان ڕووناک بووە.

دوکتور قاسملوو یەکێک لەو کەسانە بووە کە پێشڕەوی خەبات و بەرخودانی نەتەوەیی بووە و بە هەوڵە بەردەوامەکانی خۆی ڕەوایی مافی گەلێکی ژێردەستەی بە گەلانی جیهان سەلماند و مافە پێشێلکراوەکانی گەلی کوردی لە کێشەیەکی نێوخۆیی وڵاتێکی داگیرکراوەوە کرد بە مژارێکی نێونەتەوەیی.

دوکتور قاسملوو لە ڕێڕەوی ژیانی خۆیدا هەوراز و نشێوی زۆری تێپەڕ کرد، ئەگەرچی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایک بوو بەڵام لەلایەن کوردانی پارچەکانی تریش وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ و نەتەویی دەناسرێت ئەمەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە د.قاسملوو هەر دەم لە خەمی کورد بە مانای ڕاستەقینەکەی بوو و تەنیا خۆی بە پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نەبەستەوە.

هەوڵە سیاسییەکانی ڕێبەری هەمیشەیی، دوکتور قاسملوو، ڕەهەندی زۆری تێپەڕاندووە، ئەگەر ئێمە وا بیر بکەینەوە کە ڕێبەری هەمیشە زیندوومان بە تێپەڕبوونی تەمەنی خۆی تەنانەت ڕۆژێکیش بەشێوەیەکی ئاسایی ژیاوە و دوور بووە لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ڕزگاریی گەلی کورد، بێ گومان زوڵمێکی گەورە دەکەین لە حەقی ئەو ڕێبەرە مەزنەدا.

لەڕاستیدا مرۆڤ بۆ نووسین لە بوارەی ژیان و خەباتی ڕێبەری گەورەی کورد، دوکتور قاسملوو، لە بابەتەکەیدا تووشی کێشە و گرفت دەبێت بەهۆی ئەوەی کە مێژووی خەباتی گەورەپیاوێک بە هەبوونی پێشینەی درەوشاوە و لەمێژینە لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد قوڵتر و بەرینتر لەوەیە کە بتوانیت لە بابەتێکدا بیگونجێنی و باسی بکەی.


ناساندن و پێناسەکردنی کەسایەتییەکی وەکوو شەهید دوکتور قاسملوو، ئاسان و سانا نییە، چونکە بەڕاستی سات بە ساتی ژیانی ڕێبەری مەزنمان لێوانلێوە لە شانازی و ڕووداوە تاڵ و شیرینەکان، یەکێک لە ڕێگاکانی بەردەوامی پێناسەکردنی کەسایەتییەکان، نووسینی ژیاننامەی ئەوانە، بەڵام کەسانێکی وەک دوکتور قاسملوو کە لە کۆمەڵگایەکی زۆر دواکەوتوودا و لە نەبوونی کەلوپەل و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان و لە ناوچەیەکی پاشکەوتوودا چاوی بە جیهان هەڵێناوە، ژیاننامەی ئەوان تەنیا دەرد و ڕەنجە کە کۆتایی پێ نایەت.

بە دانپێدانانی مێژووی ڕێبەری شەهید، هێمایەکی تەواوە بووە بۆ هەموو دادخوازەکان و دادپەروەرانی ڕۆژگار، ئەو نە تەنیا ویستی زیندووکردنەوەی پێناسەی گەلی خۆی بوو، بەڵکوو ویستی بوو تا چیدیکە مافی هیچ نەتەوەیەکی تر زەوت نەکرێت، ئەو مرۆڤایەتیی بە بنچینەی داد دەزانی و باسی لە شێوەی مرۆڤایەتی و زوڵمێک کە بە درێژایی ساڵان لێی کرابوو، دەکرد.

دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی زانا، گەورە، بیرمەند و کارامە و ئازای گەلی کورد بوو، ئەو هەر ڕێبواری ڕێگە و ڕێبازی پێشەوای کوردان جەنابی قازی بوو، خەبات و خۆنەویستی و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو ئەمڕۆ بۆ هەموو کوردانی جیهان جێگای ڕێز و حورمەتە؛ دوکتور قاسملوو پێشمەرگە، فەرماندە، ڕێبەر، دڵسۆز و پێشەوای کوردان بوو کە لە ئاستی نێونەتەوەییشدا جێگایەکی تایبەتی هەبوو .

دوکتور قاسملو بێ گرکردن و پێهەڵاوتن خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی بوو کە بە شێوەیەکی کاریزماتیک ئەوی کرد بە ڕێبەرێک بۆ گەل، دوکتور قاسملوو، ڕێبەری حیزبەکەی خۆی، گەلی خۆی و وڵاتی خۆی بوو، خەبات و هەوڵەکانی ئەو، خەبات و هەوڵی ئێمەشە، ڕێبەری مەزن و هەمیشەیی، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا مەزن و هەمیشەیی دەمێنێتەوە، ئەو و تێبینییەکانی لە دڵی هەموو کوردانی جیهان هەوێنە بۆ دڵسۆزی، باوەڕ بە ئازادی، نەتەوەییبوون و خەبات و ڕێز بوو.

ئەمڕۆ قاسملوو بەجەستە لەنێو ئێمەدا بوونی نییە، بەڵام ڕێگای قاسملوو، ڕێبازی قاسملوو و بیر و هزری بەرزی قاسملوو لەنێوماندا زیندووە و بۆ هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە، بۆ؟

چونکە کوردستان زیندووە، ئێمە بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی سوێند دەخۆین تاکوو ئەو کاتەی گیان لە لەشماندایە درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی شەهیدەکانمان بین و هەتا زیندووین، دەنگی مافخوازی دەگەیەنین بە گوێی نەوەکانی داهاتووماندا.

دوکتور قاسملوو ڕێبەری قارەمان و بەناوبانگی گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەکەی بوو؛ کە دەوترێت قارەمان، بە واتای قارەمانی شەڕ و گۆڕەپانی شەڕ نییە، بەڵکوو ڕێبەرێکی قارەمان و بەناوبانگ لە ئاشتی، ئاوەدانی، ئازادی و دێموکراسیدا بوو و هەموو خەبات و تێکۆشانی خۆی لەو پێناوەدا بووە و تەنانەت لەو پێناوەشدا گیانی بەخت کرد، بۆیە بە پێغەمبەری ئاشتی ناسراوە.

دوکتور بێرنارد کۆشنێر، کەسایەتی بەناوبانگی فەرانسەویی و هاوڕێی نزیکی دوکتور قاسملوو و دۆستی نەتەوەی کورد، فەرموویەتی: «ئەوان لە ئاشتی و ئارامی ترسان، بۆیە پێغەمبەری ئاشتییان شەهید کرد».

بەرز و پیرۆز بێت ناو و یادی ڕێبەری شەهید، دوکتور قاسملوو و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی وەفاداری کە بە بەختکردنی گیانی پیرۆزی خۆیان لە بەرزاییی مێژووماندا بۆ هەموو نەوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و داهاتوو بوونە مایەی شانازی.

ڕزگاری و ئازادیی گەلی کورد دەتوانێت ڕێزلێنانێکی گەورە بێت لە ڕێبەری مەزنی کوردستان و شەهیدانی ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاریی کوردستان و ببێتە هۆی ئارامی و ئاسوودەیی ڕۆحی ئەو مەزنانەی مێژووی گەلەکەمان.

# بۆچی ئەم گرێبەستە شەرماوییە؟

سندووس

بەپێی هەواڵی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، کە لە ناوخۆی کاربەدەستانی ڕەدەباڵای ئاخوندییەوە، بەدەستی «سایمۆن واتکینس»، نووسەر و هەواڵنێری ئابووری، خەڵکی بریتانیا گەیشتووە، بەشێک لە نێوەڕۆک و بابەتە شاراوەکانی گرێبەستی شەرماوی ۲۵ ساڵەی ئاخوندەکان، لەگەڵ وڵاتی «چین» ئاشکرا دەکرێ. ئەو شرۆڤەکارە دەڵێ: «چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا عەلی خامنەیی لە سەر پێشنیاری فەرماندەکانی سپای پاسداران و سازمانە هەواڵگرییەکەی، بۆ هاوکاری و پەرەی کاروباری نیزامی و هەواڵگری و فرۆشی ۲۵ ساڵەی بەشێک لە خاکی ئێران بە «چین»، ڕەزامەندی خۆی دەربڕیوە».

لە ئەگەری هاتنە ئارای ئەم ڕێککەوتنە و سەرگرتنی وادەی «چین»ییەکان، هاوسەنگی ژێئۆپۆلێتیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. بەم پێیە «چین» و کۆماری ئاخوندی هاوکارییەکی بەربڵاوی نیزامییان بە یەکەوە دەبێ و لەم هاوکارییەدا «ڕووسیە«ش، ڕۆڵی بەرچاو و یەکلاکەرەوە دەگێڕێ، لە بەرامبەردا بەشێک لە مافی دەسەڵاتی نەتەوەیی و تەواوییەتی خاکی ئێران دەدرێ بە «چین»ییەکان.

بەشێکی تر لە هاوکاریی نیزامی ئێران لەگەڵ «چین» و «ڕووسیە»، دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهێنانی ساڵانە ۱۱۰ ئەفسەری پلە بەرزی ئێران لە «چین» و «ڕووسیە» و ۱۱۰ ڕاوێژکاری «چین»ی و «ڕوس»یش، بۆ ڕاهێنان و مەشقپێکردنی هێزەکانی سپای پاسداران لە ئێران نیشتەجێ دەکرێن. هەروەها ۶۰۰۰ چەکداری «چین»ی لە ڕواڵەتدا بۆ پارێزگاریکردن لە سەرمایەگوزارییەکانیان دەهێنرێنە ئێران.

بڕیار وایە لە دووهەمین حەوتووی مانگی «ئووت»دا، فەرماندە نیزامی و هەواڵگرییەکانی کۆماری ئاخوندی، «چین» و «ڕووسیە»، بەیەکەوە چاوپێکەوتنیان هەبێ و لە بواری وردەکارییەکانی ئەم هاوکارییە، بیروڕا بگۆڕنەوە. وا بڕیارە لە دوای وتووێژەکان، لە ۹ی مانگی «نوڤامبر»ی داهاتوودا، فڕۆکە شەڕکەرەکانی «ڕووسیە« و «چین»، دەستیان، وە بنکە ئاسمانییەکانی ئێران لە «هەمەدان»، «چابەهار»، «بەندەرعەبباس» و ئابادان ڕابگات و لە ئیختیاری ئەوان بندرێ.

هاوڕێ لەگەڵ ئەم هاوکارییە، «چین» و «ڕووسیە»ش، ئامێرگەلی پێشکەوتووی شەڕی ئێلێکترۆنی، کە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ «ناتۆ»، کاری لەسەرکراوە، لە ئێران و بە تایبەتی لە کەنداودا، دابمەزرێنن و وەک پشتیوان بۆ سامانەی مووشەکییە بالستیکەکانی کۆماری ئاخوندی، لە کاتی پێویستدا، بەکاریان بێنن و بە پێی وادەی «چین»ییەکان، ئەم ئامێرگەلە، پەدافەندی مووشەکی وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداو، لە کار دەخات.

هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی ئەم ئامێرانە، لە «ڕووسیە»ش، سامانەی پارێزگاری مووشەکی «ئێس ٤٠٠»ی ڕووسی، بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەگەری هێرشی ئامریکا و ئیسرائیل هەر لەو ناوچانەدا دادەمەزرێندرێن.

بەپێی ڕێککەوتنی سێ قۆڵی «تاران»، «پێکەن» و «مۆسکۆ»، هێزەکانی «چین» لە بەندەری «چابەهار»، دادەمەزرێن و بە دابەزاندنی ئەم سامانە مووشەکییە، تەواوی سامانەکانی دیفاعی هەوایی، «ئیمارەتی یەکگرتووی عەرەبی» و «عەرەبستانی سعوودی»، لە بەرامبەر هێرشی مووشەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی کۆماری ئاخوندیدا بێ ئەسەر دەکرێن.

«سایمۆن واتکنیس»، ئاماژە بەوە دەکات کە دمەتەقە و مشتومڕی «ئامریکا» لە لایەک و «چین» و «ڕووسیە«ش، لە لایەکی تر، لەسەر نوێکردنەوەی گەمارۆی چەک و تەقەمەنی، شووڕای تەناهی لە دژی کۆماری ئاخوندی، ڕیشەی هەر لەم گرێبەستەدایە.

لە بەرامبەر ئەم هاوکارییە نیزامی و هەواڵگرییەدا، ئاخوندەکان ئیمتیازێکی زۆر و کەموێنەی ئابوورییان، بە تایبەتی لە بەستێنی وزەدا داوەتە وڵاتی «چین».

بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، «چین» لەسەریەک، ٤٠٠ میلیارد دۆلار لەسەر پەرەپێدانی کانگا ژێرزەوییەکانی وەک نەوت، گاز، پێترۆشیمی، کاروباری ڕاگواستن، ڕێگاوبان و ژێرخانەکانی تر، لە ئێراندا سەرمایەگوزاری دەکات و کۆی نرخی ئەم سەرمایەگوزارییە، لە ماوەی پێنج ساڵی سەرەتادا لە پووڵی فرۆشی نەوت، گاز و پێترۆشیمی هەڵدەگرێتەوە.

دیارە کۆماری ئاخوندی بەڵێنی داوە و واژۆشی کردووە، کە ئەو بەرهەمانە ۳۲ لەسەد هەرزانتر، بە نیسبەت بازاڕەکانی جیهانی بە چین بفرۆشێ!!!

بەبڕوای کارناسان، هۆکاری سەرەکی گرێبەستی ژێربەژێری ۲۵ ساڵەی چین لەگەڵ کۆماری ئاخوندی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستییەی کە بەڕاستی سیستەمەکەیان لە هەموو بوارێکدا لەسەرەمەرگدایە و بە ناچاری ئامادەی واژۆی هەر گرێبەستێکن لەگەڵ «چین» و «ڕووسیە« و لە لایەکی تریش «چین» گەرەکییەتی تا کۆماری ئاخوندی ماوە، ژێرخانە سەرەکییەکان و بەشێکی زۆری تەواییەتی ئەرزی ئێران بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بیبەستێتەوە بەو هێڵە ئیستراتێژیکەی، بە مەبەستی داگیرکردنی بازاڕە جیهانییەکان، پێویستی پێیەتی. هەروەها «چین» دیهەوێ بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی کاری هەرزان، کارگا بەرهەمهێنەرەکانی خۆی لە ئێران نیشتەجێ بکات و بەرهەمەکانیشی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و شوێنەکانی تر هەناردە بکات.

دیارە کۆماری ئاخوندی لە کاتێکدا باسی ئەم گرێبەستەی تۆخ کردووەتەوە کە سیستەمەکەیان لە هەموو بوارە سیاسی، ئابووری، کلتووری، کۆمەڵایەتی، تەناهییەکان و تەنانەت بایەخی نێوخۆیی و دەرەکیدا، لە قەیرانێکی یەکجار زۆر قووڵدایە. لە بواری نیزامییەوە، تا ئێستا تەنیا لە سوورییە نیزیک بە ۳۰۰ جار بنکە و بارەگای قاپەلێس و بەکرێگیراوەکانیان، لە لایەن «ئیسرائیل»ەوە بە خەستی لێیان دراوە و کوژراوێکی زۆریان لەسەر دەست ماوەتەوە کە تەنانەت ناوێرن باسیشی بکەن و لە لایەکی تریش، لێدان و لەکارخستنی بەشێکی زۆر لە ناوەندە ناوکییەکانیان لە «خوجێیر»، «نەتەنز» و ... ترس و خۆفێکی زۆری خستووەتە دڵیانەوە.

هەروەها بارودۆخی شپرێوی ئابووری و تێکچوونی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و بە ڕەسانەیی بوونی پۆمپاژی گەندەڵی لە دەزگای دادی ڕێژیمەوە و ... هتد کارێکی کردووە کە سیستەمی ئاخوندی بۆ خۆدەربازکردن، دەست بۆ هەموو کارێک بەرێ و ئەوەیە لە زەلیلانەترین کات و تەمەنی ٤١ ساڵەیدا، باسی گرێبەستی ۲۵ ساڵە لەگەڵ «چین»، باسوخواستی لەسەرە کە تەواوی ئەو کەسانەی شارەزاییەکی سەرەتایییان لە کاروباری سیاسی و ئابووریدا هەیە، چاک دەزانن «چین»، ئێستا چی پێی خۆش بێ بەسەر ئاخوندەکانیدا دەسەپێنێ بەڵام خۆ کۆماری ئاخوندی نە مەبەستی خاکی ئێرانە و نە دڵیشی بۆ خەڵکانی ئێران لێ دەدات، ئەوانە بە دوو مەبەستی سەرەکی ئەم کارە ئەنجام دەدەن:

۱. خەڵک و خاکی ئێرانیان بۆ فرۆشتن داناوە تا ئەوەندەی ماویشە، تاڵانی بکەن و لە مەرامە چەپەڵەکانی خۆیانی خەرج بکەن و بەهەر نرخێک بێ، هێندێک تەمەنی پڕلەشووڕەیی خۆیانی، لە دەسەڵاتدا، پێ درێژ بکەنەوە. دەنا سیاسەتمەداری ژیر، وڵاتێک و کانگا ژێرزەوییەکانی بە «سەلەم» نافرۆشێت.

۲. ئەگەریش سیستەمەکەیان لە ژێر گوشاری دەرەکی و نێوخۆییدا تێکڕووخا، ئەوە وڵاتێکی وێران، لە هەموو بوارێکەوە، فرۆشراو لەسەر دەریا و لەسەر ویشکانی، بۆ کۆمەڵانی خەڵک جێ بهێڵن و خەڵکیش، حەسرەت بۆ کفنذزی ئەوەڵێ کە هەر خۆیانن بخوازن و تا سەر ئێسقان وڵاتێکی قەرزدار و فارس وتەنی «سرزمین سوختە«، بە میرات تەحویلی ئەو خەڵکە مەینەتبەشە بدەن و پشتی سیستم و حکومەتی دوای خۆیان و کۆمەڵانی خەڵک، لە ئێستاوە لە ژێر گوشارەکاندا بچەمێننەوە.

«کاڕڵ مارکس»، کاتی خۆی وتوویەتی: «کرێکاران گەر بڕژێنە سەر شەقامەکان و لە دژی نیزامی سەرمایەداری شۆڕش بکەن، لە کۆت و زنجیرەکانیان بەدەر، چی تریان نییە تا لەدەستی بدەن.»

ئێستا خەڵکی کۆیلەی ئێران گەر بە ئیرادەیەکی بەهێز بڕژێنە سەر شەقامەکان و کۆتایی بە تەمەنی نگریسی ئەم باندە مافیاییە بێنن، چییان هەیە لەدەستی بدەن؟ کۆمەڵانی خەڵک هیچ ڕێگایەکیان بۆ نەماوەتەوە، یان مەرگی بەکاوەخۆ هەڵبژاردن لەسەر دەستی ئاخوندەکان و یان ڕاپەڕین و تێکەوەپێچانی ئەم سیستەمە گەندەڵ و دژە مرۆڤە و بۆ هەمیشە بە ئازادی ژیان کردن.

# سیاسەتی زمانیی کۆماری کوردستان

ساماڵ ئەحمەدی



هەرچەند زاراوەی «سیاسەتی زمانی» بەو واتایەی کە ئەمڕۆ بەکار دێت، زاراوەیەکی نوێیە و تەقریبەن یەکەمین کتێبەکانی ئەو بوارە هاوکات لەگەڵ بیرۆکەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ساڵی ١٩٤٥ی زایینی لە دنیادا بڵاو کراونەتەوە بەڵام یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان کە لە ڕۆژی دامەزرانیدا ڕاگەیەندرا، ئەوە بوو کە «زمانی ئیدارە، پەروەردە و ڕاگەیاندن»ی کۆماری کوردستان زمانی کوردییە.

ڕاگەیاندنی ئەم سیاسەتە کۆمارەکەی ڕاسپارد بۆ ئەوەی چەندین پلانی وەک دامەزراندنی چاپخانە، کردنەوەی قوتابخانەی خوێندن بە زمانی کوردی و دابینکردنی کتێبی خوێندنی کوردی و چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی دابڕێژێت و زۆر خێراش بیانخاتە باری جێبەجێکردنەوە.

تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) کە دواتر حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانیان دامەزراند، زۆر زوو هەستیان بە پێویستیی پلان و بواری پەرەدان بە زمانی کوردی کرد. د. قاسملوو لە کتێبی «چل ساڵ خەبات»دا نووسیویەتی:

«لە مانگی بانەمەڕی ١٣٢٢ (ئاڤریلی ١٩٤٣)، نزیکەی ١٠٠ کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە لە باخی خوداپەرست کۆ بوونەوە، کۆبوونەوەکە شێوەی کۆنگرەی بەخۆوە گرت. هەم سەرکردایەتیی کۆمەڵەی هەڵبژاردەوە، هەم بڕیاری دا گۆڤارێک بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی خۆی بڵاو بکاتەوە.

ئەوە بوو لەو ماوەیەدا دەستی کرد بە چاپکردنی گۆڤاری نیشتمان.»

گۆڤاری «نیشتمان» یەکەمین هەنگاوی دامەزێنەرانی کۆماری کوردستان (ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک) لەپێناوی گرینگیدان بە زمانی کوردی بوو کە هەرچەند بەهۆی نەبوونی چاپخانەوە بە نهێنی و لە دەرەوەی کوردستان لە چاپخانەیەکی شاری تەورێزی ئازەربایجانی ئێران چاپ دەکرا، بەڵام توانی هەل و دەرفەتێکی باش بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری کوردی ڕۆژهەڵات لەو سەردەمەدا بڕەخسێنێت و لەو ٩ ژمارەیەی گۆڤارەکەدا کە بڵاو بوونەوە، شاعیران و نووسەرانی «نیشتمان» لەپێناو هەستی نەتەوایەتیدا دەیاننووسی و خەڵکیان بۆ یەکڕیزی و یەکگرتن لەپێناو ڕزگاریدا هان دەدا.

لە گۆڤاری نیشتماندا نووسەران و زمانزانانی ناوداری کورد، وەکو عەبدولڕەحمان زەبیحی، هەژار، هێمن و... گەلێک نووسەر و شاعیری بەتوانای دیکە نووسراوەکانیان بڵاو دەکردەوە.

گۆڤاری نیشتمان تەنیا ٩ ژمارەی لێ بڵاو بوویەوە، بەڵام سەرەتایەکی زێڕین بوو کە بواری بۆ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە خۆش کرد کە لە سەردەمی کۆمار و دوای کۆماریشدا ڕەوتی چاپەمەنیی کوردی بەگوێرەی ئیمکانی سەردەمە جیاوازەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر بەردەوام بوو.

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە زمانی کوردی بدات، لە ساڵانی ١٣٢٢ و ١٣٢٣ی کۆچیی هەتاوی (١٩٤٣ و ١٩٤٤)دا دوو ڕۆژژمێری کوردیی چاپ و بڵاو کردەوە.

لە هەرکام لەو ڕۆژژمێرانەشدا پەیامێکی بە ناوی «پەیامی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان» گونجاندبوو.

لە پەیامەکانیشدا دایکی نیشتمان دڵنیا دەکرێتەوە لەوەیکە ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژ.ک «بە برووسکەی زانست و خوێندەواری سەرەڕێی پێشکەوتنی کورد ڕووناک دەکەنەوە» و لەپێناو ڕزگارکردنی دایکی نیشتماندا «ڕەگ و ڕیشەی نیفاق و دووبەرەکی» دەردەهێنن.

خاڵی جێی سەرنجی ئەو ڕۆژژمێرانە ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار ناوی مانگەکانی ساڵ لەو ڕۆژژمێرانەدا بە کوردی نووسران کە ساڵی ڕۆژژمێرەکان، ساڵی کۆچیی هەتاوی بوو، لە ڕۆژی نەورۆزەوە (٢١ی مارسی زایینی) دەستی پێ دەکرد: (خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردان، پووشپەڕ، گەلاوێژ، خەرمانان، ڕەزبەر، خەزەڵوەر، سەرماوەز، بەفرانبار، ڕێبەندان، ڕەشەمەمە).

هەروەها ڕۆژژمێرەکان بە شێعری نەتەوایەتی ڕازێندرابوونەوە و هەستی نەتەوایەتی و گرینگایەتیی زمانی کوردی بەهۆی ئەو ڕۆژژمێرانەوە دەچووە نێو ماڵانی خەڵکی کوردستانەوە.

بێجگە لە گۆڤاری نیشتمان و ڕۆژژمێرەکان، کۆمەڵەی ژ.ک ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٣) چەند کۆمەڵە شێعریشی بە ناوی «دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ لاوانی کورد»، «دیاریی مەلا محەممەدی کۆیی»، «گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی، بولبولی نیشتمان» و «دەستەگوڵێکی جوان و بۆنخۆش لە باخی نیشتمانپەروەری» بڵاو کردەوە.

بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژژمێر و کتێب بە زمانی کوردی بە ڕوونی ئەو ڕاستییە نیشان دەدات کە بەلای دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستانەوە زمان گرینگایەتییەکی ستراتیژیکی هەبووە.

پاش ئەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک هەستیان بە پێویستیی گۆڕینی ڕێکخراوەکەیان بۆ حیزبی دێموکرات کرد، تۆمارێکی چەند گەزییان لە قوماش ئامادە کرد و لە نێو خەڵکدا گێڕایان، بۆ ئەوەی ئیمزا بۆ پشتیوانیی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆ بکەنەوە کە هەزاران کەس تۆمارەکەیان ئیمزا کرد.

لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتیشدا کە دروشمەکانی حیزب لە چەند خاڵدا کۆ کرابوونەوە، خاڵێك تەرخان کرابوو بۆ گرینگیی زمانی کوردی و داوا کرابوو، گەلی کورد «مافی خوێندن بە زمانی دایک (زگماکی)ی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردییەوە بەڕێوە بچێ.»

پێش کۆماری کوردستان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بێجگە لەو حەفتەنامەیەی کە لە شۆڕشی سمایل ئاغا (سمکۆی شکاک)دا بە ناوی «ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم» لە ورمێ بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە، دەوڵەتی پادشایەتیی ئێران هەرچەشنە نووسراوێکی بە زمانی کوردی قەدەغە کردبوو، تەنانەت قسەکردن بە زمانی کوردی لە ئیدارە و قوتابخانە و شوێنە دەوڵەتییەکاندا قەدەغە کرابوو.

کاربەدەستانی ئێران هەمیشە هەوڵیان دەدا وا نیشان بدەن کە کوردی زمان نییە، بگرە شێوەزارێکی زمانی فارسییە، بۆ ئەو مەبەستەش زۆر بەرنامەیان دادەڕشت و گەلێک توێژەریان ڕادەسپارد بەڵگەی جەڵەبی دروست بکەن و بە ناوی بەڵگەی مێژوویی بیخەنە ڕوو، تا بیسەلمێنن کوردی زمان نییە.

دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان زۆر بە وردی درکیان بەو بابەتە ستراتیژییە کردبوو، بۆیە بۆ پەرەدان بە زمانی کوردی، وەکوو یەکێک لە ئامانجە هەرە قووڵەکانی کۆمار، پلانی جۆبەجۆریان دارشت.

پێشەوا قازی محەممەد لە وتارەکەیدا ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دەڵێت:

«... چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە، مەدرەسەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران... کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەدرەسەی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن، لەجیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێك و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێك دەخوێننەوە و دەنووسن.

بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگیی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەدالەت، موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوکردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاك تەئسیس کرا و دانرا لە شاری خۆماندا، بە زمانی خۆمان، بە چاپخانەی خۆمان، گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فیکر و داخوازیی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە.»

لەم وتانەی سەرکۆماری کوردستاندا بەڕوونی بایەخ و گرینگایەتیی قووڵی زمانی کوردی و دانانی پلان بۆ پەرەدان بەو بابەتە گرینگە دیارە.

پێشەوا باسی دامەزراندنی چاپخانە دەکات کە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی خوێندنی مەدرەسە کەرەستەیەکی زۆر گرینگ و پێویستە.

لە دنیای نوێشدا چاپخانە یەکێکە لە نیشانەکانی پێشکەوتنی شارستانیەتی. هەربۆیە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان داگیرکەران ئیجازەی دانانی چاپخانەیان لە کوردستان نەدەدا و، هەر بەوهۆیەشەوە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد «چاپخانەی کوردستان» و لە شاری بۆکانیش چاپخانەیەکیان دامەزراند و لە ڕێی ئەو دوو چاپخانەیەوە وەرچەرخانێکی گەورە لە پەرەسەندن و گەشەکردنی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیدا هاتە ئاراوە.

پاش دامەزراندنی چاپخانەکانی مەهاباد و بۆکان، پەرەدان بە زمانی کوردی و چالاکییە ڕووناکبیرییەکانی کۆمار لە ڕێی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی خوێندنەوە کەوتە قۆناغێکی گرینگەوە کە دواتر پلانی دامەزراندنی کتێبخانەی گشتی (میللی) و ڕادیۆ و سینەماشی بەدوادا هات و کۆماری کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا گرینگترین کەرەستەکانی کاری ڕووناکبیری و پەرەدان بە زمانی کوردیی دەستەبەر کرد.

ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ لە چاپخانەی کوردستانی شاری مەهاباد یەکەمین ژمارەی گۆڤاری «کوردستان»، وەکوو گۆڤارێکی «ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی» کە لەژێر ناوەکەیدا نووسرابوو «بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان»، مانگ و نیوێک پێش دامەزرانی دەوڵەتی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاو بوویەوە. ئەم گۆڤارە مانگی دوو ژمارەی لێ دەردەچوو.

سەید محەممەد حەمیدی، سەرنووسەری گۆڤارەکە، لە سەروتاری ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەدا نووسیویەتی: «کوردستان، گۆڤارێکی ئەدەبی، تاریخی، کۆمەڵایەتی (اجتماعی)ی مانگیی کوردییە، یەکەمین ئارمانی بژار و ژیانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردییە و زیندووکردنەوەی کورد و کوردستانە بەپێی شارستانێتیی ئەمڕۆ...»

هاوکات لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری کوردستان، ڕۆژی ٢٠ی ١٠ی ١٣٢٤ (١٩٤٦/١/١١) یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان»یش هەر لە چاپخانەی «کوردستان»ی مەهاباد دەرچوو. لەژێر ناوی ڕۆژنامەی «کوردستان»یشدا نووسرابوو «بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان».

ڕۆژنامەی کوردستان گیانێکی تازەی بە بەر جەستەی زمان و بیری سیاسی و ڕووناکبیریی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کرد.

سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانیش هەر سەید محەممەد حەمیدی بوو.

لە بەشێکی سەروتاری یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەدا نووسیویەتی: «....بۆ میللەت کار دەکەین و بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێنین.

ئەخلاقی خراپمان گۆڕیوەتەوە بە ئەخلاقی چاک.

ئێمە کە بە دڵماندا نەدەهات خاوەنی چاپخانە بین، ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی کوردستان داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاو کراوە...»

لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا زمانی کوردی بوو بە دەربڕی بابەتگەلی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی.

زۆر چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێ هاتنە نێو زمانی کوردییەوە و ڕینیسانسێکی ڕۆشنگەری لە بیر و هزری مرۆڤی کورددا پێک هات.

ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ڕێبازێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە دواتر بە قوتابخانەی موکریان ناسرا.

هەرچەند تایبەتمەندییە زمانییەکانی قوتابخانەی ئەدەبیی موکریان پێش دامەزرانی کۆمار لە شێعری مەلا مارف کۆکەیی و سەیفولقوزات (ئەبولحەسەن خانی سەیفی قازی)دا دەست بە ئەزموونیان کرابوو، زۆربەی توێژەرانیش مەلا مارف و سەیفولقوزات بە بناغەدانەری قوتابخانەی موکریان دەزانن، بەڵام ئەو قوتابخانە ئەدەبییە، لە بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی کۆماری کوردستان و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کۆماردا بەتەواوەتی خۆی نواند و شاعیران و نووسەرانی کۆمار بە چەشنێک درێژەیان بەو ڕێبازە ئەدەبییەدا و بە جۆرێک ئەدەبیاتی کوردییان لە زمانە قورس و مەدرەسەییەکەی قوتابخانەی بابان (نالی، سالم و...) ـەوە گەڕاندنەوە بۆ زمانی ئاخاوتنی ئاساییی کۆمەڵانی خەڵکی کورد و لە ڕێی بەکارهێنانی تەعبیراتی زمانیی خەڵکی کرمانجەوە تاکوو ڕاددەیەکی زۆر باش زمانی کوردییان لە هێژمۆنیی زمانەکانی عەرەبی، تورکی و فارسی بژار کرد و لە هەناوی کارکردەکانی خۆیەوە زمانی کوردییان بۆ دەربڕینی خواستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی خەڵکی کورد بەکار هێنا کە دواتریش لەسەر بناغەی زمانی قوتابخانەی موکریان، ڕەوتە نوێیەکانی ئەدەبیاتی کوردی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونەکانی خۆیان خستەڕوو.

ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کۆماری کوردستاندا درێژەی دا بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری تر و لە سەرەتای سێیەمین مانگی دامەزرانی کۆماردا، ڕۆژی ١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی گۆڤاری ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی «هاواری نیشتمان»، وەکو ئۆرگانی «بڵاوکەرەوەی بیری یەکیەتیی جەوانانی دێموکرات» لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد دەرچوو کە سەرنووسەرەکەی سدیق ئەنجیری بوو.

کۆماری کوردستان بیری لە زمانی منداڵانیش خافڵ نەبووە و گۆڤاری «گڕوگاڵی منداڵان»یش لە تەمەنی کورتی کۆماری کوردستاندا سێ ژمارەی لێ بڵاو بوویەوە.

لە چاپخانەی بۆکانیش بە سەرپەرستیی و سەرنووسەریی، نووسەری ناودار، مامۆستا حەسەن قزڵجی، لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٢٤دا، یەکەمین ژمارەی گۆڤاری «هەڵاڵە»، کە تایبەت بوو بە ڕێکخراوی لاوانی دێموکراتی کوردستان بڵاو بوویەوە کە بەداخەوە هەڵاڵەش لەگەڵ کۆماری کوردستان بە جوانەمەرگی سەری نایەوە بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە، ئەوەیە کە لە ماوەی چەند مانگێکدا کۆماری کوردستان ئەو گشتە پلانەی بۆ پەرەدان بە زمانی کوردی خستووەتە باری جێبەجێکردنەوە و، ئەوەش قووڵاییی ستراتیژیی زمان بە لای ڕێبەرانی ئەو کۆمارەوە نیشان دەدات.

گرینگیدانی کۆمار بە بواری ڕووناکبیری هێندە شێلگیرانە بوو کە لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا کتێبخانەی میللی (گشتی) و شانۆ (شانۆی دایکی نیشتمان) و ڕادیۆ و سینەماشی لە پێتەختی کوردستان دامەزراندووە.

دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان دەیانزانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی برەودان بە زمانی کوردی دەبێ لە پەروەردە و ڕاهێنانەوە بناغەی زمان دابڕێژن، بۆیە بێجگە لە «وەزارەتی فەرهەنگ» کە مەناف کەریمی وەزیرەکەی بوو، «هەیئەتی فەرهەنگی»شیان دامەزراند.

هەیئەتی فەرهەنگیی کوردستان کە لەلایەن «هەیئەتی ڕەئیسەی میللی»یەوە دانرابوو، ڕۆژی ١٢ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بڕیارێکی پێنج خاڵیی گرینگی لەبابەت قوتابخانە و خوێندنەوە دەرکرد کە سێ خاڵیان پێداگری بوو لە بنەبڕکردنی نەخوێندەواری: بڕیار درا منداڵانی بێکەس کۆ بکرێنەوە و لەنێو میللەتدا دابەش بکرێن و ڕۆژانە لە مەدرەسەی گەلاوێژ بخوێنن؛ خەڵکی بێسەواد حازر بکرێن تا لە مەدرەسەی شەوانە فێری خوێندن بکرێن؛ هەروەها بڕیار درا هەموو نیشانە (تابلۆ)ی ئیدارات و مەدرەسە و شوێنە بازرگانییەکان و عیمارەتەکان بگۆڕدرێن و بە کوردی بنووسرێن.

هەیئەتی فەرهەنگی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی ڕێ لە شێواندنی زمانی کوردی بگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە کە «بۆ وەکارهێنانی وشەی کوردی کە تا ئەورۆ وەکار نەهێندراوە دەبێ لەپێشدا بە هەیئەتی فەرهەنگی پێشنیار بکرێ و لەوێدا تەسویب بکرێ و ئیجازەی وەکارهێنانی بدرێ و کەس حەقی نییە وشە ڕۆنێ و دەکاری بێنێ.»

بەپێی دەستووری پێشەوا و ڕەئیسی جمهووری کوردستان ناوی فارسیی قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکان کران بە کوردی، بۆ نموونە، ناوی مەدرەسەی پەهلەوی کرا بە مەدرەسەی «کرمانجی» و مەدرەسەکانی دیکەش بە ناوەکانی «کوردستان»، «گەلاوێژ»و «پێشەوا» و ... ناو نران.

هەر بەپێی سیاسەت و پلانی زمانیی کۆماری کوردستان، زمانی خوێندن و جۆری خوێندن و بەرنامەکانی خوێندنیش کران بە کوردی و، چەند قوتابخانەی کوردی لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان و شنۆ کرانەوە.

زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی کۆماری کوردستان کوردی بوو، بۆ جێبەجێکردنی پلانە زمانییەکانیشی، بناغەی بۆ زمان و زاراوەگەلی تایبەت بە بوارە جوداکانی دەزگا و دامەزراوەگەلی حوکمڕانی و دینی و فەرهەنگی و قانوونی و ئابووری و سەربازی (پێشمەرگایەتی) دانا و هەمووی ئەوانەش لەژێر چاودێریی هەیئەتی فەرهەنگیدا دانران، بۆیە نە تەنیا ڕێ بە شێواندنی زمان نەدرا، بگرە زمانی کوردی لە کۆماری کوردستاندا بناغەیەکی وەهای بۆ دانرا کە ئیدی نەک لە خەمی لاوازی بڕەخسێت، بگرە بەردەوام باڵا بکات.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی شازدەیەم

### ٤,٥ ڕاهێنەری تیم

Henry Ford (١٨٦٣ - ١٩٤٧) کە دامەزرێنەری کۆمپانیای ماشێنی فۆرد بوو دەڵێت:

لە شوێنێک کۆبوونەوە سەرەتایە، پێکەوەبوون ڕەوت یا شێوازە؛ پێکەوەکارکردن سەرکەوتنە.

یەک گروپ یا تیم لە دوو نەفەر یان زیاتر پێکدێ کە گرێدراوی یەکترن و کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەبێ لە ناو کۆمەڵێکی هاوکاردا. ئەندامانی ئەو گروپە بۆ ئامانجێک یان زۆر ئامانج تێدەکۆشن. بە گروپێکی چەند کەسی دەڵێن پۆل یان تیم کە:

- خاوەنی ئامانجی هاوبەشەن.
- پێکەوە خاوەنی کارامەیین یا شارەزاییان هەیە و تەواوکەری یەکترن.
- پێکەوە هەموویان لە چاک و خراپی ئاکامی کار و چالاکییەکانیان، خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن.

ڕاهێنەری تیم بۆ ئەوەیە کە ئەو تیمە یان گروپە بتوانن پێکەوە بۆ دەستکەوتی باشتر: هاوکاری، باوەڕبەیەکبوون، ئاوەڵا و ڕاستگۆبوون لەگەڵ یەکتر، هاوهەستی یا هاوسۆزییان هەبێت و ئەوانە هەموویان وەک خاڵی سەرەتایی و سەرەکین لە ناو گروپدا و کاریگەرییان هەیە لەسەر پێشکەوتنی هەر تاکێک لە ناو گروپەکەدا.

### بەخشین یا وەرگرتن

لە تەوەری یەکەمی ئەو زنجیرەنووسراوەدا باسی کولتوری بەخشین (دان) و وەرگرتنم کرد.

لە ناو ئەو تیم یا گروپانەی کە کولتوری بەخشین سەقامگیر بووە، ئەندامانی گروپەکە یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ باشترکردن و بەڕێوەبردنی کار و چالاکییەکانیان بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت یا شتێکی لەو بابەتە بن.

بەخشین یا هاوکاری کردنی یەکتر کاریگەری هەیە لەسەر ئاکامی کارەکان و کات، یانی زوو یا درەنگ گەیشتن بە ئامانج و وەدەستهێنانی ئاکامی باش؛ بەڵام لە ناو گروپێکدا کە کولتوری وەرگرتن زاڵ بێت، ئەندامانی گروپەکە تەنیا ئەو کاتانە یارمەتی یەکتر دەدەن کە بەرژەوەندی و قازانجی تایبەتی تاکی (شەخسی) تێدابێت یانی بۆ بەرژەوەندی گروپ نییە کەواتە کەسێک یارمەتی کەسێکی دیکە دەکات کە شتێک بۆ خۆی وەدەست بێنێت.

### بێباک و کەمتەرخەمبوون:

کەسێک کە گوێنەگر و بێباکە، هەرشتێک ڕوودات بۆی گرنگ نییە و هیچ شێوە لایەنگری یا دژایەتییەک ناکات. زۆر بۆی گرنگ نییە کارەکان چۆن دەچنە پێش و تەنانەت لە کاتی تەنگانەشدا بۆ یارمەتیدان ئامادە نییە یانی بە هانای کەسەوە نایەت. نە بیری بەخشین دەکات و نە وەرگرتنیش دەکات. بۆی گرنگ نییە کە کارەکان بەچاکی یان بەخراپی جێبەجێ بکرێن.

### خۆپەرست و لەخۆڕازی:

کەسێک کە خۆویست و خۆپەسندە یانی خوو یان ئۆگرەتی زەینی بەوەوە هەیە کە کەس لە خۆی باشتر نییە و هەردەم داخوازی و ئاسایشی خۆی دەوێت بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و زیانی خەڵکانی دیکە تەنیا لە بیری وەرگرتندایە.


تەنیا کاتێکیش یارمەتی دەدات کە بەرژەوەندی تاکی (شەخسی) خۆی تێدا بێت و شتێک وەرگرێت لە بەرامبەر یارمەتییەکەدا.

ئەو کارکردن و یارمەتیدانی کەسێکی دیکەی ناو گروپەکەی بە ئەرک دەزانێ و لە بەرامبەر یارمەتییەکدا چاوەڕوانی پاداشت یا وەرگرتنی شتێک نییە. بەرژەوەندی گروپ و هەر تاکێکی ناو گروپ بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێ و پێی دڵخۆش دەبێ. بۆ کارکردن خۆبەختکەرە و هەموو کاتێک ئامادەی یارمەتیدان و ئەرک وەئەستۆگرتنی هەیە.

### خۆبەختکەری خۆخواز:

یانی کەسێک کە لە هەموو کاتێکدا یارمەتیدەر و دڵئاوەڵا نییە. بەڵام کاتێک لە کارێکدا سەرکەوتن و بەرژەوەندی ئەو زیاتر بێت و بە ناوی ئەوەوە شتەکان تەواو بن، ئەو کات ئامادەیە بۆ یارمەتیدان.

خۆبەختکەری دڵئاوەڵا لەگەڵ خۆبەختکەری خۆخواز جیاوازی هەیە. خۆبەختکەری خۆخواز کەسێکە کە هەم لە بیری خۆیدایە و هەم لە بیری خەڵکانی دیکەدایە بەڵام لە پێناو بەرژەوەندی یان سەرکەوتنی خۆیدا.




### جیا لە کولتوری بەخشین (دان) و وەرگرتن، لە ناو گروپێکدا چوار شێوازی ڕەوشت یا ڕەفتار هەیە وەک:

### خۆبەختکەری دڵئاوەڵا:

کەسێک کە دڵئاوەڵا و یارمەتیدەرە، بەڵام ئەو کەسەی کە خۆبەختکەری دڵئاوەڵایە زۆرتر ویست و داخوازی خەڵکانی دیکە لەبەرچاو دەگرێت تا ئی خۆی، زۆر جار لەبەر یارمەتیدان بە خەڵکانی دیکە خۆی وەدوا دەکەوێت.

کەسێکی خۆبەختکەری دڵئاوەڵا، زۆر جار ئەو کەسانەن کە شەرمنن، لەبەردەستدان و زوو دەکەونە بەر کاریگەری هەست و سۆزی کەسانی دیکە، هەردەم گوشاریان لە سەرە و خۆیان زۆر ماندوو دەکەن.

زۆر ئاسانتر دەتوانین بە شێوەی وێنە، جیاوازی نێوان خۆبەختکەری خۆخواز و خۆبەختکەری دڵئاوەڵا ببینین، بڕوانە وێنەی خوارەوە.

کەسانی دیکە دەدات بۆ سەرکەوتنیان و خۆی لە بیر دەکات.

هەستی نائارامی و گوشاری ڕۆحی زۆر لەسەرە. هەردەم بە شێوەی نەرێنی دەڕوانێتە خۆی و خۆی پێ لە هەموو کەس کەمترە. وتەیەکی نۆروێژییەکان هەیە کە دەڵێن، کەسێکی شەرمن زۆر وەک پارچە حەسیرێک یان پارچە فەرشێکی بەر دەرگا وایە کە بۆ خاوێن کردنەوەی پێڵاوەکان پێش چوونە ژوورەوە، بەکار دەبردرێت.

بۆ ئەوەی نەبی بە کەسێکی تەواو خۆبەختکەری دڵئاوەڵا، کار لەسەر ئەو بەشەی شەرمنی خۆت بکە و بەسەر شەرمنیتدا زاڵ بە.

زۆر ڕێگا هەیە و دەتوانی بەشداری پرۆسەی ڕاهێنەری تایبەت بە چارەسەرکردنی شەرمنی بکەی.

### هێندێک ڕێکار یا ستراتژی هەیە بۆ ئەوەی کەسێکی تەواو خۆبەختکەری دڵئاوەڵا نەبی:

### کەسێکی شەرمن نەبی:

کەسێکی شەرمن زۆر بەکەمی دەتوانێت وشەی «نا» بەکار بێنێت یاخود لە کاتی تەنگانەدا داوای یارمەتی بکات.

کەسی شەرمن پێیوایە قەت نابێ ویست و قازانجی خۆی لە پێش ویست و قازانجی کەسانی دیکە دانێت. هەردەم یارمەتی

### لەبەردەستدابوون:

مرۆڤ دەبێ سنووری هەبێت بۆ ئەوەی چ کاتێک لەبەردەست دابێت یان چ کاتێک کەسانی دیکە دەستیان پێی ڕابگات. بۆ وێنە ڕۆژێک لە حەوتوودا کاتی خۆت دیاری بکە بۆ یارمەتیدان بە کەسانی دیکە، نەک ئەوەی شەو و ڕۆژت تەرخان بکەی بۆ ئەو کارە. لە بیری ژیان و کارەکانی خۆشتدا بە.

### لە ژێر کارتێکەری هەست و سۆزی کەسانی دیکەدا بوون:

ئەو کەسانەن کە هەردەم بەرژەوەندی خەڵکانی دیکەیان لە پێش بەرژەوەندی خۆیان داناوە. لەباتی ئەوەی بکەویە بەر کارتێکەری هەست و سۆزی کەسانی دیکە، چڕ بەوە لە سەر بیرکردنەوەکانی ئەوان و بزانە چۆن بیر دەکەنەوە و داخوازی و ویستیان چییە. ئایا تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵک لە تۆ وەردەگرن؟ ئەو کات زۆر ئاسانتر دەتوانی داواکەیان ڕەت کەیەوە و وشەی «نا» بەکار بەری.

# کۆماری ئاخوندی، پەرەپێدەری «تاناتۆس» و وشکێنەری «ئێرۆس»

هەرمان

ئەو داتایانەی لەسەر بارودۆخی «ئێعتیاد»، لە ئێراندا دەدرێنە دەرێ، دۆخێکی پڕمەترسی و کارەساتبارمان نیشان دەدەن:

لە کاتێکدا حەشیمەتی ئێران، لەم چل ساڵەی دواییدا نیزیکەی دووهێندە و نیو زیادی کردووە، ئاماری مردن بە هۆی «ئێعتیاد»ەوە، ٣٠ قات بەرز بووەتەوە.

حەشیمەتی ئێران، نیزیکەی یەک لەسەدی کۆی حەشیمەتی جیهان پێکدێنێ، کەچی نیزیکەی ٣٠ لەسەدی ماددە هۆشبەرەکانی جیهان لە ئێراندا مەسرەف دەکرێ و بەم پێیە ئێران پلەی دووهەمی مەسرەفی کۆی جیهانی پێیە.

بە باوەڕی خاوەنڕایانی بواری تەندروستی، هۆکارەکانی تووشبوون بە «ئێعتیاد»، ئاوای ئاماژە پێکراوە: فاکتۆری «ژێنێتیک»ی، ١٥ لەسەد، پشکی هۆکارە فیزیکی و ژینەکییەکان ١٠ لەسەد، ڕۆڵی سیستمی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی ٢٥ لەسەد و ڕۆڵی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیش ٥٠ لەسەدە.

بەباوەڕی کارناسان، ئەمانەی خوارەوە هۆکاری سەرەکین، لە ئاریشەی کۆمەڵایەتی، بۆ پەرەپێدانی ماددە هۆشبەر و سڕکەرەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا:

١. شێوەبیرکردنەوەی «هەڵخڕان تەوەر»، لە جێگەی شێوەبیرکردنەوەی «پرس تەوەر»:

ئەو کەسانەی کە شێوە بیرکردنەوەی «هەڵخڕان تەوەر»یان هەیە، لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ پرسەکانی ژیان، لە جێگەی هەوڵدان بۆ چارەی پرسەکان، ڕوو لە ڕێگەچارەی هەڵخڕانە ناخۆشەکان دەکەن. لە بەر ئەوەی مەسرەفی ماددە هۆشبەرەکان، کارتێکردنێکی زۆریان لە سەر هەڵخڕانی تاکەکان هەیە، هەرچەندە بیرکردنەوەی هەڵخڕان تەوەر، بەربڵاوتر بێ، مەسرەفی ماددە هۆشبەرەکان ڕووی لە هەڵکشانی زیاتر دەبێ.

سیستمی سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێرانی، لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردن و مێدیاکان و پولیسی داپڵۆسێنەرەوە، فەزای کلتووری دادەڕێژێ و ئەم سیستمەش، پێداگری لەسەر «هەڵخڕان تەوەری»یە، تا «پرس تەوەری.»

ئاکامی ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەیکە نەریتی فکری هەڵخڕان تەوەر، ڕۆژ بە ڕۆژ لە وڵاتدا بەهێزتر بێت و لە وەها بارودۆخێکدا، سروشتییە، شکانەوە بەلای کەڵکوەرگرتن لە ماددە هۆشبەرەکان، ڕوو لە هەڵکشاندا بێت.

٢. داماوی فێرکراو

سیاسەتی سەرکوتی جیابیران لە ئێراندا بووەتە هۆی لە کزی دانی «تێفکرینی ڕەخنەگرانە« و «تێفکرینی داهێنەرانە«.

گەر مرۆڤ خاوەن «تێفکرینی ڕەخنەگرانە» بێت، ناتوانێ پەیڕەوی بێ ئەملاوئەولای سیاسەتی مەیو و چەقبەستووی دەسەڵاتدارانی حاکم بێ و ئەگەریش «تێفکرینی داهێنەرانە«، لە کۆمەڵگادا بوونی هەبێ، سروشتییە شێوازی ژیانی یەکڕەنگ و «یۆنیفۆڕم»ی قەبووڵ ناکرێ. هەر بۆیە ئێستا لە ئێرانی ژێردەستی ئاخوندەکاندا هەر دوو تێفکرینی «ڕەخنەگرانە« و «داهێنەرانە«، بە خراپترین شێوە سەرکوت دەکرێن. ئاکامی ئەم سەرکوتەش بووەتە هۆکارێک تا، تاکەکان، باوەڕ بەوە بێنن کە «گشت ڕێگاکان داخراون و هیچ کارێک ناکرێت»، وەها دۆخێک لە ڕوانگەی «دەروونناسییەوە» بە «داماویی فێرکراو» ناو دەبرێ.

ئەم چەمکە، داهێنراوی بیری تیژی بیرمەندی گەورەی سەدی بیست، «مارتین سلیگمەن»ە، کە بە داڕێژەری «ڕەواننناسی ئەرێنیخواز»، دێتە ئەژمار. «مارتین سلیگمەن» دوای هەوڵێکی زۆر لە گۆڕەپانی تاقیکاریی بەکردەوە و مەیدانی، لەسەر دوو گرووپ سەگی A و B بەم ئاکامە گەیشت کە لە ئەگەری بە ئاکام نەگەیشتن، بۆ ڕزگاری - چ ئاژەڵ و چ مرۆڤ - تووشی «داماویی فێرکراو» دەبن. چوونکە لە پرۆسەیەکی زەمانیدا لە زامداربوون و ئازاری زۆر بەدەر، هیچ دەسکەوتێکیان نەبینیوە.

لەوەڕا کە «داماویی فێرکراو»، دەبێتە هۆی «خەمۆکیی کۆمەڵایەتی»، لە جێگەی ئەوەیکە کۆمەڵانی خەڵک هان بدات بۆ سازکردن و بنیاتنان، مەیلی وێرانکردنیان تێدا توخ دەکاتەوە.


بە وتەی «ئێریک فرۆم»، خۆماکی مەرگ، واتە «تاناتۆس»، مەیلی وێرانی لە دەروونی مرۆڤەکاندا کارا دەکات. کارابوونی ئەو خۆماکە، دەبێتە هۆی زیادبوون و هەڵکشانی ڕادەی توندوتیژی، جا یان دەرەکی و یان ناوەکی، توندووتیژی دەرەکی، بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێ، بۆوێنە ئەو شەڕە نێودەوڵەتییانەی بە هەزاران کوژراوی لێ کەوتووەتەوە و یان ڕادەی کەڵەکەی پەروەندە قەزاییەکان لە دەزگای دادی کۆماری ئاخوندی و ... و توندوتیژی ناوەکیش کە ئاراستەکەی ڕوولەخوودی مرۆڤەکانە، دەتوانێ شێوەی خۆوێرانی هەبێ، کە نموونەکەی مەسرەفی ماددەی سڕکەر و هۆشبەرەکانە.

٣. بنبەستی چێژ

مرۆڤ بوونەوەرێکە، جگە لە چێژەکانی لەشیی وەک (خواردن، خەوتن، پێداویستی سێکسی و ...)، پێویستی بە چێژی «زەینی»ش، هەیە. «هونەر»، بە سەرەکیترین دابینکەرە چێژە «زەینی»یەکان دێتە ئەژمار.

لەوەدا کە لە فێقە و ئایینزای شیعەدا، موسیقی و هونەرە «تەجەسومییەکان»ی وەک نیگارکێشی و کۆتەڵ درووست کردن، بایکۆت کراون، لە چوار دەیەی دوای شۆڕشی دزراوی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، هونەرمەندان، لە ژێر زەخت و گوشارێکی یەکجار قورس و گراندان، تەنیا موسیقی، لە ڕێچکەیەکی تەسکدا توانیویەتی جووڵە بە خۆی بکات. مەیدانەکانی شانۆ، سینەما، ئەدەبیات و ... لەم ساڵانەدا لە ژێر تیغی تیژی سانسۆڕدا بوونە. لەو ماوە زەمانییەشدا چ نەماوە بەسەر کۆتەڵەکان نەیە.

کاتێ ژیان لە ڕەنگی جوان و بۆنی خۆش بەتاڵ بکرێ. کاتێ دەرفەتێک بۆ گۆرانی، موسیقی و سەما نەمێنێتەوە و کچێکی تەمەن ١٧ ساڵان لەبەر ئەوەی لە پۆستی ئینستاگرامەکەیدا سەمای خۆی داناوە ڕاکێشی دادگا دەکرێ، کاتێ لە جێگەی جێژنی نەورۆز، چوارشەممەسووری و ڤاڵانتاین، ڕۆژەکانی (ایام) «محرم»، «صفر» و «فاطمیە«، ئەزموون دەکرێن، کاتێ جلوبەرگی ڕەش، تەنیا جلوبەرگی نەجابەتی ژنانە بێت و پاسکیل لێخوڕین و شەرەئاو، حەرام بکرێ و پۆلیس بەگژیدا بچێتەوە، مرۆڤەکان بەناچار بۆ چێژی لەش، پەنا دەبەنە بەر چێژە هۆشبەرەکان و سروشتییە مەسرفی ماددە هۆشبەرەکان ڕوو لە هەڵکشانی بێ وێنەدا بن.



**فەرهەنگۆک:**

**تاناتۆس: غریزەی مرگ**

**ئێرۆس: غریزەی زندگی**

**ژینەکی: زیستی**

**هەڵخڕان تەوەر: هیجان محور**


**پرس تەوەر: مسئلە محور**

**دەروونناسی ئەرێنیخواز: روانشناسی مثبت گرا**

**داماویی فێرکراو: درماندگی آموختەشدە. نظریەی مارتین سلیگمن در حوزەی روانشناسی مثبت گرا**

**خەمۆکیی کۆمەڵایەتی: افسردگی اجتماعی.**

## ڕێبەرم



ڕێبەرم! هەردەم لە دڵدا، تۆ دەمێنی نامری
بۆ شەوەزەنگی وڵاتم، هاتی خۆری داگری
بیر و هزری تۆ شەمێکە، ڕێ بۆ ڕێبوار ڕوون ئەکا
شاخ و کەژ فێربوون لە تۆ وا، ئەشقی خاک و بەرگری
سەنگەر و جامانە بۆنی پێکەنینی تۆ ئەدەن
کۆتری ئاشتی گەلیت و، بۆ نەیاران ئاگری
داربەڕوو قیبلەی بەرەو ڕووی گۆڕی تۆ گۆڕا ئەدی
خۆر لە مەکتەب تۆ دەخوێنێ، خوێندنی خۆڕاگری
دێ دێموکراسی کە کڕنۆش بۆ دێموکراتیت ببا
هێن لەسەر یەکسانی و مافی مرۆڤ پێداگری
ڕاستە مسراعی ئەوەڵ دووپاتە دیسان هەر دەڵێم
ڕێبەرم هەردەم لە دڵدا، تۆ دەمێنی نامری.

فەرید ڕاژین

## پووشپەڕ

چیا و ڕووبار و دەشت و باخ و زریان
لە پووشپەڕدا بە تێکڕا چاو بە گریان
هەموو زەردن لە زەردوویی خەزانێ
گەڵا ڕێزانە  داری پیر دەزانێ
کە هەوری ڕەش گەمارۆی تاوی داوە
چلۆن پێت وایە دڵخۆشی نەماوە
گەلە ڕووناکی ژین بۆ ڕۆژ دەهێنێ
نەمان و ڕووڕەشی بۆ شەو دەمێنێ
وەتان زانی هەتاوتان ناشت بەجارێ؟
بەڵام نوورو لە ئەستێران دەبارێ
کە ئەستێران لە ڕۆژی خۆی هەتاون
هەموو ڕێبواری ڕێگەی خۆرەتاون .

فەرید ڕاژین

## شەهید

ئازیزەکەم
لە دوای تاریکی و نەمانت
هەزاران مۆم سەری هەڵدا
هەزاران گوڵ گەشەی کرد و
هەزاران دار شین بووەوە
ئازیزەکەم
هێشتا ماوم لە یادی تۆ
ئەگەر ڕۆژێک خۆر ون بکەم
ئەوە تیشکی یادی تۆیە
ڕێگام بۆ دەکاتەوە
خۆشەویستم
ئەمڕۆ هاوڕێ و هەڤاڵانت لەسەر شاخن
کەسیان نییە
ناوت بە بەرزی نەهێنن
کەسیان نییە
ڕێگەی بێ تۆیی بپێون
ئەی هاوڕیە نازدارەکەی چیا و کوێستان
ئەمڕۆ شاخ و دەشت و شارم بۆ تۆ گریان
ئەمڕۆ دارێکی بێوەژن بۆ تۆ خۆی کوشت
کانیاوێکیش بۆ تۆ سووتا
کۆترێکیش خۆی هەڵواسی لە پێڕلاشێز
کوردستانیش هەتیوێکە و
دار بەڕوویەکی خنکاوە
ڕاستیان وتووە
شەهید باڵای بە قەد باڵای کوردستانە
هەر کات ناوی تۆ دەهێنن
کوردستانیش دەردەکەوێت
پێدەکنێت
تێکەڵ بە جامانە و خەبات
دەدرۆشێت و
لە دواییشدا من دڵنیام
سەر دەکەوێت .

زامی ئاویەر

## شینبوونەوە

شین دەبنەوە و سەرلەنوێ چرۆ دەکەن ئەوانەی خوێنیان بە ناحەق ڕژا بۆ بووژانەوە و زیندووەمانەوەی گەل و خاکمان،
ئەو کاتەی خوێنیان ئاوێتەی خاکمان دەبێت پەیمان نوێ دەکەنەوە سەرلەنوێ بژین بۆ وڵات،
بژین بۆ نەوەی نوێ و وانەی گەلویستی و بڕوا بە ئاسۆی ڕوونیان هەبێت بۆ دوا ڕۆژی کوردستانمان.
هیوای بوون بە چرای ڕووناکیی گەل چ هیوایەکی پڕ لە شانازییە،
ئەوان هیوا دەبەخشن بە ڕۆڵەی چەوساوەی گەلمان،
ئەوان هەمان ڕووناکین کە ڕۆیشتن تا موژدەی ئازادیمان بۆ بێنن و بزە بخەنە سەر لێوی یادگاری شەهیدان،
چاوی چاوەڕوانیان پڕ بکەن لە تاقگەی ئازادی،
ئەوان ڕۆیشتن تاکوو جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ باوەشی پیرەهەڵۆ و تەوارەکانی مەکۆی خاکپۆشانی دێموکرات و سەری کڕنۆش دابنوێنن لە ڕاست قامەتی پۆڵایینی مامۆستایانی ئاشتخوازی نیشتمانمان و سەرلەنوێ پەیمان نوێ بکەنەوە لەگەڵ سوورخەڵاتانی وڵاتمان،
بەڵام داخ و هەزاران داخ ئەمڕۆ ئەوان خۆیان شەهیدن و گیانیان لە پێناو ئازادیی نیشتمانمان و ڕێبازی شەهیدان فیدا کردووە،
ئەمڕۆ کۆرپەکانی ئەوانن کە چاوەڕێی گەڕانەوەی کۆڵەپشت لە پشتەکان و چەک و ڕەخت لەبەرەکانی ماڵی دێموکراتمانن،
ئاخۆ ئەو هەموو چاوەڕوانییە ماندوویان ناکات؟
تۆ بڵێی لەگەڵ یەکەم تیشکی هەتاوی بەرەبەیانی بگەڕێنەوە؟
بڵێی دیسان نازی باوکانە ببەخشن بە جگەرگۆشەکانیان؟
ئەم سەفەرە تا کوێ و ئەم کاروانە تا کەی خوێنی لێمان دەوێت؟
کەی ئێمەی کورد دەبینە خاوەنی وڵاتی خۆمان و ئاڵای ئازادی بەرز دەکەینەوە؟
کەی ئەو ڕۆژە بێت بگەڕێنەوە سەر مەزاری شەهیدانمان و پێیان بڵێین کە گەڕاینەوە تا بیسەلمێنین وەفاداری ڕاستەقینەی ڕێبازی ئێوەین.

هیوا

## قاسملووی ڕاسان

ئۆقرە بگرە ئەی «با»
تاوێ بسرەوە و لەسەر ڕانی هەورەکان سەرت دانێ
هەڵگەڕەوە بەرەو تەشقی ئاسمان و بێدەنگی
دار بەڕووەکانی ئەم دەڤەرە
گژ و گیا و پووشی ئەم نیشتمانە
ڕۆژ نییە بەئەنقەست، بە خۆرکەی ئاگری تاران نەبنە ڕەژی
سووتمانی ئێمە لە جۆزەردانەوە دەست پێ ناکات
هەڵقرچانی ئێمە وەرز و ساڵ و مانگ و ڕۆژ ناناسێ
شەو و بێ وەخت نازانێ
لە شیرین خەودا، لە ناو شادی و خۆشیدا
بە زامێکی نوێ ڕاماندەچڵەکێنن
هاوار و قیژەی ئازارەکانی ئێمە
لە پووشپەڕدا دەگاتە لووتکە...
پووشپەڕ زامێکی لەبیر نەکراوە...
لە پووشپەڕدا جەستەی نیشتمان و جوانی شەڵاڵی خوێن بوو
لەو ساڵە بەدواوە
لەو ڕۆژە بەدواوە
هەڵقرچانی جەستە و سروشت دەستی پێکرد...
لەو کاتە بەدواوە قاسملووی ئەوینداری ئازادی
قاسملووی دەم بزەی ڕێگا خۆشکەر بۆ ئازادی
لە سەنگەری پارێزگاری لە کوردستان بێبەش کرا
لەو کاتە بەدواوە برینەکان قووڵتر جەستەی نیشتمانیان تەنی...
دارستانەکان دەسووتێنن
ژینگەپارێزەکان، ڕێبوارانی ڕێبازی هەرمان و پڕ سەروەری بە پیلانێکی ئەهریمەنی شەهید دەکەن
ئەوان لە برووسکەی پارێزگاری دەترسن
ئەوان لە ڕەنگی شادی و سەوز و وەرزی ڕوانەوە بێزارن
ئەوان بە سووتمان و بۆسۆ خەنی دەبن
ئەوان دێوەزمە چەپەڵەی زەرەرە و مەندن و
درێژەدەرن بە بێدەنگ کردن و لەناو بردن
ئێستاش قاسملوو دەنگی بارانێکی ڕەحمەتی بێ پایانە بۆ کوژاندنەوەی هەمووی ئەم پیلان و ئاگرانە
ئێستاش قاسملوو خۆرێکی گەرمە بۆ ڕوانەوە
ئێستاش قاسملوو سروەیەکە بۆ نەوازشی ئەو دەستانە کە پیلانی دوژمنێکی وەها دڕندە پووچەڵ دەکەنەوە و دەبنە قەقنەس
ئێستاش قاسملوو بەری دارێکە بۆ شیرینیی خەبات کە هیچ ئاگرێکی دەستکرد نایسووتێنێ
لە هەمووی ئەم وەرزانەدا
لە تەواوی ئەم ڕۆژ و شەو و ساتانەدا
زام و خەبات لفەدووانەی لێکدانەبڕاون
جەستەی بە خوێن شەڵاڵی وانەبێژەکەی ئازادی
ڕۆحی پاکی دڵ ئاوەڵای
پەیڤی، پیت بە پیت و دێڕ بە دێڕی نووسراوەکانی
بەم شاخ و شارانەدا
تۆوی بەرەنگاری و
خەباتی بێ کۆتایی تا ڕزگاری
بڵاو دەکەنەوە
ڕاسانە، ڕاسانە، ڕاسان
ڕاسانی ڕۆژهەڵاتێکی بە خوێن سوور و بە سووتمان هەڵقرچاو
ڕاسان فەلسەفەی قاسملووی هەمیشە ڕێبەرە
بۆ دامرکانی چنگە پەڵماسکێی داگیرکەرێکی دڕندە
ڕاسان دەستێکە بۆ برایەتی و پێکەوە ژیان
ڕاسان بارانێکە بۆ کوژاندنەوەی ئاگری قین و سووتمان
چەخماخەی سزادانی ئەو چڵکاوخۆرانەیە کە قەت تێر ناخۆن
ڕاسان تیشکی بەرەبەیانێکی نوێیە
لە پووشپەڕی زامدا
بە دەنگێکی ڕەساتر
بە دڵێکی لە کوڵتر و
چاوێکی پڕ لە هیواترەوە کە
تاک بە تاکی ئەم کوردستانە
پێداگریی لەسەر دەکاتەوە

چاقل

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 778 • 21 July 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia





# ڕێبازی قاسملوو

# قوتابخانەیەکی بەردەوام

دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزبی دێموکرات